PDF4Kurd

www.tishbooks.com

# ئیشكردن نەك تەمەڵی

نووسینی :
عەبدولعەزیز پاڕەزانی

١٤٢٨ كۆچی

٢٠٠٧ زایینی

PDF4Kurd

پرۆژەی تیشک

**ناوی کتێب:** ئیشکرد نەك تەمەڵی

**نووسینی:** عەبدولعەزیز پارەزانی

**ژمارەی سپاردن:** (٨٣٣) ساڵی (٢٠٠٧)

**شوێنی چاپ:** کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠٠٧

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بڵاوکراوەکانی:** پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (٢٥)

**ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت :** www.tishkbooks.com

**ئیمەیلی پرۆژە:** info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

**مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك**

PDF4Kurd



## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

### لە یادی وەفاتی مامۆستا پارەزانیدا

### لەجیاتی پێشەکی

**نووسینی: حەسەن مەحمود حەمەکەریم**

هەرکات ناوی مامۆستا پارەزانی دەبیستم، وێنەی ئاپارتمانێکی هەوربڕم دێتەخەیاڵ کە لەسەر پایەیەکی مەزن ڕاگیرابێت، یان وێنەی تەقینی کانیاوێکی شیرین و سازگار لە بیابانێکی قڕو وشکدا، کە هیچ هیوایەکی ژیانی تیانەمابێت، یان دەرکەوتنی مانگی چواردە، لە شەوەزەنگێکی ئەنگوستەچاودا کە خەڵکەکە هیوایان بڕی بێ جارێکیتر ڕۆشنایی ببیننەوە..!!

سەردەمێك بوو هەموو خاکی کوردەواری وێرانە بوو، هەستو سۆزی ئیسلامەتی لەدڵی پەیڕەوانیدا مردبوو، مزگەوتەکان تابڵێی قەرەباڵغ بوون، دەنگی بانگو سەڵا تا دوور دەچوو، فەقێ سەرگەرمی دەرسو دەوربوون، بەڵام بە بابەتە وشکە بێگیانەکانی وەکو (مەنتیق وبەلاغەو عەقائیدو نەحوو سەرفو فەلسەفە و عیلمی کەلام)ەوە خەریك بوون، هەمیشە کادێری بیر وشكو، دوور لەهەستی ئیسلامیی دروست دەکرد، بانگەوازو هەوڵدان بۆ سۆزی ئیسلامیی بەکارێکی بیدعەو لاوەکی دەبینرا، بەڵکو هەر بیریشی لێ نەدەکرایەوە، پیاوانی ئایینی ئەوکاتە مشەخۆرێك بوون، لەسەر سەرفیترەو زەکاتو وەقفی مزگەوت و دەعوەتو دەعوەتکاری ئەمو ئەوەوە دەژیان، فەقێکانیش، جگە خوێندنی وانە وشکەکان، بەگۆرەویبازیو کلاوێن و دامەو نۆڕسکێن ومەتەڵ هێنانەوەو سێبازو کاری مندالآنەوە خەریکبوون، ئەمە لەکاتێکدا بیرو هۆشی موسوڵمانان بەنج کرابوو، دزەکرابویە ناو تەنانەت عەقڵی زۆر لەزاناو فەقیٚو حوجرەو مزگەوتەکانەوە، بیرۆکە زەمینیەکان جێی خۆیان کردبوویەوە، غەفڵەت باڵی ڕەشی کێشابوو، لەم چۆڵی قوڵفەیەدا، هەر تۆوێکت بچاندایە سەوز دەبوو، هەردەبوو ئەم بۆشاییەش پڕبکرایەتەوە، ئالێرەوە بڕوای لادینی چەسپا، چەپەکان کاری خۆیان کرد، ڕەگیان داکوتا، لەم کاتانەداو، لەم کەشو هەوا ناسازەدا، پارەزانی کە بەفەقێیەتییەوە خەریك بوو، دێ بەدێ دەگەڕا، لەیەکێك لەوێستگەکانیدا گەیشتە هەڵەبجە، ئەمە دەستی قەدەریشی لەگەڵ بوو، بەدوای فەقێیەتیدا دێهاتو شارو حوجرەو مزگەوتی زۆری کرد، پلەکانی سوختەو موستەعیدی بڕیو لەهەڵەبجە بووە مەلا، هەر لەم کاتەدا کە ئەم لە هەڵەبجە بوو، کۆمەڵێك مەلای بەخەبەریش بەدوای بلاوکردنەوە ی بانگەوازەکەیاندا هاتنە هەڵەبجە، لەمزگەوتێکدا چەند وتارێکی حەماسیانداو، تەقەیان لەدڵی زۆر مەلاو فەقێی ئەو ناوچەیە هەڵساندو وریایان کردنەوە، مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەو مامۆستا مەلا عوسمانو مامۆستا مەلا عەلیو مامۆستا پارەزانیو ڕێشاوی مەلا ساڵحی بامۆك (خوا بە بەهەشتیان شاد بکات)و زۆریتر لەو کۆڕەدابوون، ئەمانیش هەژانو ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕەوتی مەلاو فەقیٚو حوجرەو مزگەوتی کوردستانیان گۆڕیو بەئاقارێکی تردا بردیانن..

کە لەسەرەتای پەنجاکاندا مامۆستا (محەمەد مەحمود سەواف)و چەند کەسایەتییەکی تری (ئیخوان)ی عێراقی لەبەغداو موسڵەوە جولاّن، بیستبویان لە هەڵەبجە چەند مەلاو زانایەك هەیە، وریانو دەتوانن لەشت تێبگەنو بیگەیەنن، چەند وتاریان داو چەند شەوێك لایان مانەوەو زۆرشت لەغەریبی ئیسلامیان حاڵی کردن، ئەوانیش تێگەیین، کە سەریان هەڵبڕی دەبینن، ئەوەی ئەو ڕۆژە بینیانو هەستیان پێکرد، لەوەو پێش هەرگیز بیریان لێنەکردبوەوە، عەقڵ وچاوو هەستو بیرکردنەوەیان گۆڕا، پێیان سەیر بوو بۆچی پێشتر ئاوا حاڵی نەبووبوون و

PDF4Kurd

ئاواش لەشتەکان ڕانەمابوون، بینیان پەتای نەفامی هەموو سوچ و قوژبنێکی ناوکۆمەڵگەی کوردەواری گرتووە، قەلا وشورە پۆلاینەکانی مەڵبەندە ئیسلامیەکانی شەق و پەقکردووە، هێلانەی لە دڵی گەورەو بچووك و زاناو نەزاندا کردووە، یەکی بەسەر دویەوە نەماوە، فەقێ و مەلای هەڵەبجە بە تاسوقەوە گوێیان بۆ ئەو وتەو ئایەت و فەرمودانە شلکردبوو، هەزار جار بیستبویان و خوێندبویانەوە، بەلام وایان دەزانی ئەوشەوە دابەزیوە، ئالودەی زانا غەریبەکان بوون، کەباسیان لەغەریبی عەقیدە دەکرد، هەموو گیانیان بووبوە گوێ و چاوەکانیان ئەشکی دەڕشت، فەقێ و مەلا هەستیان کرد کە ئۆباڵی ڕاستکردنەوەی ئەو داڕوخانە لە ئەستۆی ئەماندایە، هەر لەو ڕۆژەوە قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵماڵی و خەوو خۆراکیان وەلاناو، ماڵ و مزگەوت و بازاڕو دەشتیان بۆ کردە نەزرو وەقفی ئایینەکەیان، ئەمانیش پیاوانێکی هەڵەشەو توندڕەوو توڕە نەبوون، کە لەجیاتی پاکردنەوەی گۆمەڵگا ئەوەندەی تر بیشڵەقێنن..!! بەسەلیقەو دانایانە، هەنگاو بەهەنگاو، بەتێکەڵی و هاتوچۆو شێوازی نەرم، مزگەوت و بازاڕو چاخانەو ماڵان و گەشت و سەیرانی شاران و دێهاتیان کردە وێستگە، لەهەرکوێ کەمترین هەلیان بۆ بڕەخسایە دەیان قۆستەوەو تۆوی خێریان تیا دەوەشاند، تەوفیقیان هەر لە خواوە دەخواست، دەیانزانی کە ئەم بیرە نوێیە، هەروا بەئاسان ناگات، هەربۆیە لە پەنجاکان و شەستەکاندا بەشێوازی نەرمونیان لەدەرگای هەموو دڵێکیان دەدا، هەمیشە هەڵوێستی بەرزو نمونەی بالایان دەنواندو دەوتەوە، لەگەڵ تاوێکیش بەڕاچڵەکاندن و سەرزەنشت، سەرەتا هەر لەدەوروبەری خۆیان و، لە هاوڕێ و دۆستانەوە دەستیان پێکرد، پاشان دوورو دوورتر و دوورترینیان نێزیك کردەوە، هەتا وای لێهات کەسیان لێ نەدەبوارد، دڵسۆزی وسوتان بۆ ئایینەکەیان، بڕوای تەواو بەکارەکەیان وایکرد، لەماوەیەکی زۆر کەمیش نەبوو، توانیان کاروانێکی لەهەمە چەشنە لەمەلاو فەقێ و مامۆستای سەرەتایی و خوێندکارو ڕۆشنبیرانی شار ، لە گەنج و پیرو ژن و کچ، وەك پەپولە بەدەوری ئەم بانگەوازە نوێیە، ئەم بیرە تازە ئیسلامییەدا کۆکرایەوە، لەسەر ئەم بناغە پتەوە، لق و پۆی ئەم بێدارییە ئیسلامییەی ئەمڕۆی کوردستان دامەزراو، هەتا ئێستەش هەر تیشك دەدات.

هەڵەبجە زەوییەکی بەپیت بوو، ئەم سەرقافڵەی گروپە نوێیە، ئەسپی خۆیان تیا تاوداو تۆوی بڕوا بەخوابوون و بەخۆبونیان تیا چاند، کەسی بەتواناو شارەزایان بۆ کارە قورسەکەیان دەدۆزییەوە، وەستای شارەزا دەزانێ بینای گەورە پێویستی بە بناغەی پتەو هەیە، لەگەڵ هەموو نکوڵیەك لە ڕەوتی قۆناغبەندی ئەو سەردەمەداو، لەگەڵ هەر تێبینیەك لەشێوازی بانگەوازدا، ئەو پیاوانە کارێکی مەزنیان دەکردو، ئەمانەتەکەیان گەیاند، هەر سەردەمە شێوازو کاری خۆی دەوێت و خاوەنی گرفتی تایبەتی خۆیەتی، هیچ کارێکی سەرەتاو نوێ نیە بێ هەڵەو کەموکورتی و تێبینی بێت، ئەوانیش مرۆڤ بوون، ئەوەندەی لەتوانایاندا بوو گەیاندیان و بەزیادەوە کردیان، بەڵکو نکۆڵی زیاتر لەدواتردا پەیدابوو، کاتێك ئەوان تەسلیمی نەوەی نوێیان کرد.. نەوەی نوێش کە ئەزمونێکی لەبەردەمدا بوو، لەگەڵ زەحمەتی قۆناغەکەیاندا.. شاکاری مەزنیان نواندو، بەرگی نوێ و سەردەمانەیان کردەبەر بانگەوازەکە، کارێکیان کردوە کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینین !!

ژیان پڕ لەیادگارە ئەوەی لەنێزیکەوە لەگەڵ مامۆستا پاڕەزانیدا نەژیابێ و لەزەتی خۆش گوفتاری و جوان ڕەفتاری و سەخاوەتی نەچەشتبێ، نازانێ ئەمەی کەمن وەسفی دەکەم و هاوڕێکانی دەیناسن، چیەو کێیە..؟

ئەو کەسایەتییەکی بۆ خوا سوڵحاو بوو، شەوو ڕۆژی پێکەوە گرێدابوو، بۆ گەیاندنی ئەوەی کە بڕوای پێی هەبوو، هەموو ساتێکی ژوان بوو، مەردێك بوو ئەستەمە مێژوو جارێکی تر لەم قۆناغەدا وێنەی دووبارە بکاتەوە، ئەو پیاوی پێش سەردەمی بەسیاسەتکردنی ئایینب وو، جەماوەری و بۆ هەموو کەس بوو، کەسی لێ نەدەبوارد..!!

چیرۆکی ئەم پیاوە درێژە، هێندەی تەمەن و هەوڵ و ژیانی، ئاو زۆر دەکێشێت، قسەی بابەت و دانیشتنێك نییە.

PDF4Kurd



## ژیاننامەی پاڕەزانی

شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ ئەمین شێخ ئەحمەد پاڕەزانییە، لە بنەماڵەی شێخ ئیلیاسە، ساڵی ١٩٢٨ لە دێی (پاڕەزان) سەر بە ناحیەی (بەرزنجە) لە قەزای چوارتاو پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە، کە باوکی زانیویەتی وریاو زیرەکە، هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە دەیخاتە بەر خوێندنی حوجرە، پاشان دەچێتە دێی (دۆڵپەمو) نزیك پاڕەزان، ئاستێکی باش لە زانیاری دەست دەخات، لەناوەدا چەند حوجرەیەکی تر دەکات. بەهۆی دوری ماوەی حوجرەو دێهاتەکانەوە ماندوو دەبێت و چەند جارێك بیانوو بەباوکی دەگرێ و دەڵێ ناخوێنم، باوکی چەند کارێکی قورسی لە شوانی و کاری ڕەزو بەراو بەدات بە ملیدا، پێی دەڵێ ئەوە ناکەیت دەبێ ئەمەیان بکەیت.؟ ئەویش ماوەیەك شوانی دەکات و بێزار دەبێت، پاشان دەڵێ دەچم بۆ فەقێیەتیەکەم، باوکی ژیانی فەقێیەتی بۆ دابین دەکات و بەراوێکی بەپیتی بۆ وەقف دەکات، دەڵێ واریداتی ئەم بەراوە بۆ خوێندن و گەڕان و مەسرەف و جلوبەرگی تۆ، ئەویش ئەمجارە بەگەرمەوە خەریك دەبێتەوە، چەندەها حوجرەی ناوچەی شارباژێڕ دەگەڕێ، هەتا زانیارییەکی زۆر کۆدەکاتەوەو تەمەنی پێدەگات، کەدەبیستێ لەناوچەی هەڵەبجە حوجرەو مەلای گەورەی لێیە، خۆی دەپێچێتەوەو لەپاڕەزانەوە ئەو ڕێگە دورە دەبڕێ و، لەمزگەوتی (مەلا ساڵح) لە گەڕەکی کانی عاشقان لەبەردەم زانا گەورەکاندا چۆك دا دەدات، هەتا دوا چۆڕی ئەوەندەی زانستی شەرعی لەو ناوەدا هەبوو فێر دەبێت، ڕەنگە پاڕەزانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٢ ـ ١٩٤٥ دا هاتبێتە هەڵەبجە، لەوساتەوە هەتا ساڵی ١٩٥٢ لەبەردەم مامۆستا (مەلا ساڵحی گەورە)و مامۆستا (مەلا عەسمان)دا هەموو وانەکانی فەقێیەتی تەواو دەکات، مامۆستا (عومەر ڕێشاوی) لەباسی ئەوەدا دەڵێ(..بەگەورەبونی ئەم پیاوە هەموو زەین و ڕایەك لەلای گەورە دەبوو، یەکێك بوو لەوانەی کە تەواو حاڵی بووبوو لەزانیاریەکانی حوجرە، یەکەم کەسێك بووە لەسەردەمی خۆیدا لەڕیزی خوێندکارانی مزگەوتدا کە موناقەشەی لەگەڵ مامۆستای خۆی بکات، لەو زانایانە بوو کە هەمیشە پەرەی بەزانیاریەکەی دەدا، ئەگەر شانی خاڵی بکردایە بۆ زانست و تەمەنی بە دەمیەوە ببوایە، دەبوە یەکەم زانای ناوچەکە)، ساڵی ١٩٥٢ ئیجازەی مەلا ی دوانزە عیلمی لەسەر دەستی مامۆستا مەلا ساڵح وەرگرت، لەبەر ناوداری و ناوبانگی زیرەکی، جێگەی ئیعجابی هەموان بوو، (حاجی مستەفای تەفی سەفا) کە کەسایەتییەکی ناوداری شارەزوور بوو، مامۆستایانی مزگەوتی زۆر خۆشدەویست و مەسرەفی هەندێ حوجرەی دەکرد، حەزی بەخێرخوازی بوو، چەندین مزگەوتی کردبوویەوە، زۆر لەمزگەوتەکانی شاری هەڵەبجە زەوییەکانی بەپارەی ئەو کڕا بوون، بەزیرەکی مەلا عەزیزی پاڕەزان سەرسامبوو، بۆیە هەرکەزانی پاڕەزانی ئیجازەی وەرگرتووە لە کۆمەڵی مامۆستایان چووە پێشەوەو وتبووی من مزگەوت و مەدرەسەی لەدێی خۆماندا بۆ دەکەمەوە واتە( تەپی سەفا )، ئەوانیش ڕازی بوون، پاڕەزانی چووە ئەو دێیەو، بووە خاوەنی مزگەوت و مەدرەسەو هەموو مەسرەفی لەسەر شانی حاجی مستەفا بوو، حاجی مستەفا داوای لێکرد: فەقێ کۆکەرەوەو حوجرەت بۆ دروست دەکەم، مامۆستا پاڕەزانی وتبووی: من خۆم فەقێ هەڵدەبژێرم وهەموو کەسم ناوی، وتبووی لە (دە) فەقێ زیاتر ڕاناگرم، دوای هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە (دە) فەقێی زیرەکی ناوچەکەی هەڵبژاردو لە تەپی سەفا دەستیکرد بە وانەوتنەوە، مامۆستا (عومەر ڕیشاوی) یەکێك بوو لەو فەقێیانە.

مامۆستا مەلا عومەر برای مامۆستا مەلا عوسمان، کە پارەزانی هاتە هەڵەبجە لەلای ئەوان گیرسایەوەو پێگەیی و گەورە بوو، بەزیرەکی و بلیمەتی مامۆستا پاڕەزانی سەرسام بوو، حەزی نەکرد لێی دوورکەوێتەوە، هەر بۆیە بڕیاریدا کچە گەورەکەی خۆی (خاتوو نەجیبە) کە ئەوکاتە پانزە ساڵی تەواو نەکردبوو، بەخشیە پاڕەزانی و کردیە کوڕی خۆی، حاجی مستەفاش بریاریدا ئەرك و مەسرەفی شایی و گواستنەو جێ و ڕێگەی بخاتە ئەستۆی خۆی، بەو جۆرە بۆی گواستەوە بۆ (تەپی سەفا) ئەمە لەساڵی ١٩٥٤ دابوو، ساڵی ١٩٥٣ پێش ژنگواستنەوەکەی دەچێتە سلێمانی و لای میریش تاقیکردنەوەی ئەوقاف ئەنجام دەات و بەیەکەمی ئەو گروپە دەردەچێ و بەڵگەی زانستی دەوڵەتیش وەردەگرێ و بەڕەسمی دەبێتە مەلا.

PDF4Kurd

کتێبخانەی تیشک

لەسەرەتای پەنجاکانەوە کە (محەمەد مەحمود سەواف) وچەند زانایەکی تر هاتنە هەڵەبجەو چەند شەوێك مانەوە، مامۆستایانو فەقێیانی هەڵەبجە لە پێشوازیاندا بوون، بۆ سەیران دەیان بەن بۆ ناوچەی پریس، مامۆستا پارەزانیش لەگەڵیاندا بوو، ئەوچەند شەوو ڕۆژە کە مابوونەوە مامۆستا پارەزانی لێیان جویێ نەبوویەوە، ئەو مامۆستایانە بیرۆکەی (ئیخوان مسلمین)یان پێبووەو ویستویانە بەکوردیشی بگەیەنن، ئەوانە جارێك لە مزگەوتی جامیعەو جارێك لە مزگەوتی پاشا مەلاو فەقێی ناوچەکەیان کۆکردبوویەوەو وتاری گەرموگوڕیان بۆ دابوون، مامۆستا سەواف تەفسیری سورەتی(فاتیحە)و یەکێکی تر تەفسیری سورەتی (والعصر)ی بۆکردبوون، یەکێکی تریش وتارێکی گەرم و حەماسی دابوو، بەزاناکانی وتبوو: (... کوان گەنجەکان، من دەبینم تەنها پیرو ڕیش سپییەکان لەنوێژدا لە پشتتانەوە وەستاون، ئەی کوان گەنجەکان..؟ ئایا لە گازینۆو سینەماکاندان...؟ لەکوێن...؟) بۆ ڕۆژی دواتر ژمارەیەك نامیلکەی بچوکیان لەگەڕاندا بەناو حوجرە و مزگەوتەکاندا دابەشکردبوو... فەقێیەکیش کەچاك گوێی شل کردبوو لەو وتارانەش حاڵی دەبوو پارەزانی بوو، ئەو ماوەیە ساتێك لێیان دوورنەدەکەوتەوە، دەیانبردن بۆ هەرکوێیەك ئەو لەگەڵیان دەچوو، ئیتر لەوکاتەوە لەبۆچونی (برایان) تێگەشتو بەهەموو دڵێکەوە پشتگیری لێکردو لەپێناویدا خەباتی دەکرد، ئەمە لەکاتی فەقێیەتیدا، بەڵام کە بووە مەلاو خاوەنی مەدرەسەو مزگەوت لە تەپەی سەفا، نوسخەیەك لە تەفسیری (في ظلال القرآن)ی سەید قوتبی دەست کەوتبوو، بۆ فەقێ و میوانانی دەخوێندەوەو شەرح دەکرد، چەندین جار (ئەمجەد زەهاوی) و (محەمەد مەحمود سەواف)ی بینی، ئەو گڕەی لە دڵی ئەواندا هەڵگیرسابوو بۆ ئایینەکەیانو ئارامی لێ هەڵگرتبوون، گوازرایەوە بۆ دڵی زانا کوردەکانی هەڵەبجەو بەتایبەت مەلا عەزیزی پارەزانی، جگە لە پێشنوێژیو وانەی فەقێکان، شەو وڕۆژ دیراسەی کتێبەکانی ئیخوانی دەکرد، ڕەوشتو قسەی بەتەواوی گۆڕابوو.

حاجی مستەفا پارچەیەك زەوی دابویە کە بەرهەمی بهێنێ بۆ خۆیو سودی لێببینێ، بەڵام کە حکومەتی پاشایەتی ڕوخاو کۆماری پێکهات ساڵی ١٩٥٨، شیوعیەکان دەسەڵاتیان هەبوو، یاسای ئیسلاحی زەراعی دەرچوو، زەوی لە خەڵکێکی زۆر سەنرایەوە جاری دی دابەشکرایەوە، زۆر لە موڵکەکانی حاجی مستەفا دەستیان بەسەرداگیرا، شیوعیەکان لە خورماڵ داوایانکردبوو لە پارەزانی کە ئەگەر نەیەتە خورماڵو پەنجەیان بۆ مۆر نەکات زەویەکەی نادەنەوە، ئەویش نەیکرد، حاجی مستەفاش زەوی بەدەستەوە نەماو توانای بەخێوکردنی مەلاو حوجرەی نەما، پارەزانی لەودێیە سێ کچیان بوو، عائشە ١٩٥٥، فاتمە ١٩٥٧، زوهرە ١٩٥٨، پارەزانی ناچار بوو بەخاوو خێزانەوە باریکرد بۆ شاری سلێمانی، لەساڵی ١٩٥٩ دا لای حاجی قادری جەباری بوە نووسەر (کاتب)و لە مزگەوتی سەید حەسەنیش بووە پێش نوێژ، ئەوکاتە ماڵیان لە سابونکەران بوو، نزیك حەمامی موفتی، ساڵی ١٩٥٩ لەوێ کوڕێکیان بوو بەناوی (صلاح الدين) ، ئەوکاتە بەهاوینانیش دەگەڕایەوە بۆ پارەزان بۆ بەخێوکردن و بەرهەمهێنانی ڕەزو بەراوەکانیان.

قورسی باری ژیان نەیدەهێڵا مامۆستا یەکلابێتەوە بۆ بانگەوازەکەی، مامۆستا شیخ بابا عەلی لەباسیدا دەڵێ: من لە هەڵەبجە فەقێ بووم کە پارەزانی هات بۆ مزگەوتی مەلا ساڵحو بووە فەقێ، ئەوکاتە شێخ عەزیز (گەلەنبوی بورهانی) دەخوێندو لە هەموو هاوەڵەکانی زیرەکترو تێگەیشتووتر بوو، مامۆستا مەلا ساڵحیش دانی پیادا دەناو، بەجیاواز لەوانی تر سەیری دەکرد، کە گەڕاینەوە سلێمانی لە مزگەوتی (شێخ مەحمود قەرەچێوار) یالە (خومخانە) دەمدی، چەند لاپەڕەیەکی (فتح القريب)و شەرحەکەیم لا خوێند، کە لەسەرەتای پەنجاکاندا دەستیدایە کاری ئاییندۆستیو بێداری ئیسلامی، ئاگاداربووم مامۆستا نامەیەکی گلەیی بۆ یەکێ لە مەلاکانی سلێمانی نارد کە گوایە خوێندنگاکەی کردۆتە چەقی بڵاوکردنەوەی بێ دینیو ئیلحاد، توانی بەچەند فەقێیەك ئیمزای بکاو بینێرێ بۆ مەلاکە، من لەوکاتەدا لە خزمەت ئەو مەلایەدا دەمخوێند، ئاگاداربووم کە چەند کەوتبووە هەڵوێستێکی

PDF4Kurd

ناهەموارەوەو بەدرێژی هەیوانی مزگەوتەکەدا پیاسەی دەکردو بە منی دەگوت: فلانی کورم ئیمانی لە کێوی گوێژە ئەستورترە، بەلام ڕۆژگار دەریخست کەبەقەدەر باڵی مێشوولەیەك ئیمانی نییە.(١)

شێخ بابا عەلی دەڵێ: لەوکاتەدا بەرگری لە ئیسلامو خۆبەستنەوە بەفەرمانەکانیەوە کارێکی گرنگ بوو، مامۆستا پاڕەزانیش ڕۆژ بەڕۆژو ساڵ بەساڵ بەرەو پێش دەڕۆیشت، تاوای لێهات گیانی خزمەتکردن بەئیسلام لەدڵیدا جێگیر بوو، وازی لەهەندێ لەزانیارییە کۆنەکان هێنا کە زۆربەی ژیانی تێدا بەسەر بردبوو، وەکو (مەنتیق)و چوار ساڵی ژیانی پیرۆزی لەگەڵ (بورهانی گەلەنبەوی) و (پەراوێزەکانی پێنجوینی) دا تەواوکرد کە مەنتیق بوون، بەلام مامۆستا وازی لێهێنان و ڕوی کردە تەفسیری قورئانو مێژووی ئیسلام و بابەتە نوێکانی بانگەوازی ئیسلامی، وەك کتێبەکانی (سەید و محەمەدی برای و مەودودی )و کەسانی تر، مامۆستا سێ (تهافت الفلاسفة)ی هەبوو لەیەك بەرگدا کە هی (غەزالی و ئیبن روشدو خواجە زادە) بوون، زۆرم حەز لێدەکردن، ئەویش حەزی لە (الدستور الإسلامي)ی مەودودی و (تأريخ الدعوة الإسلامية)ی مسعود الندوي بوو، کە کۆکرابویەوە لەیەك بەرگی بچوکدا، زۆر بە ئاسانی ئەو بەرگە بچوکەمان ئاڵوگۆڕکرد بەو بەرگە گەورە، هەردولامان بەئاواتی خۆمان گەیشتین، کە ئاشکرایە ئاواتەکەی ئەو گەلێ پیرۆز بوو، ئەوەی منیش مەگەر خودا بۆخۆی بزانێ کە چین‌و چەندە فریان بە ئیسلام‌و بیروباوەڕی ئیسلامیەوە هەیە، پاشانیش پێکەوە جزمی یەکەمی (في ظلال)مان دراسە کرد، دەوری مامۆستایی دایە دەستی من، کە بەڕاستی سەیرە، مامۆستا خۆی بکاتە قوتابی قوتابی خۆی، بەردەوام هەوڵی دەدا بۆ تێگەیاندنی نەزان و پەروەردەی کادێری بەتوانا، خۆشەویستی بۆ میللەتی کوردو کوردایەتی، شوێنێکی گرنگی هەبوو لەکارەکانیدا، بۆیە هەوڵی دەدا بۆ نووسینی بەکەڵك‌و بلاوکردنەوەی بەزمانە شیرینەکەی خۆی، مامۆستا لەم بوارەدا هەوڵی دەدا بۆ بزواندنی ئەو مامۆستا ئایینیانەی لەیەن زانیاری‌و ئیخلاسەوە تەواو بوون‌و تەنها پێویستیان بەئاگادارکردنەوەیەك هەبوو، مامۆستا سەرسام بوو بە شێوە نووسینەکانی مامۆستا خاڵ لە تەفسیرەکانیدا، حەزیشی لە خوتبەکانی مامۆستا شێخ محەمەدی خەتیبی سلێمانی بوو.. مامۆستا عومەر ڕێشاوی قوتابیەکی هەڵکەوتوو پێگەیشوی مامۆستا پاڕەزانیە .(٢)

لە جێیەکی تردا مامۆستا ڕێشاوی دەڵێ: من خۆم مەنتیقم لا خوێندووە ئاسۆیەکی وای تیابوو کە هەموو کەسێ لێی حاڵی دەبوو، یەکێ بوو لەوانەی کەتەواو حاڵی بوو بوو لەزانیارییەکانی حوجرەدا، کە تا ئیستاش زۆربەی مامۆستاکان نەچونەتە ناوەڕۆکی، یەکەم کەسێك بووە لەسەردەمی خۆیدا.. لەڕیزی خوێندکارانی مزگەوتدا کە موناقەشە لەگەڵ مامۆستای خۆیدا بکات، فەقێی زیرەکی خۆشەویست، پشتگیری چاکی لیدەکرد، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی  هەبوو کە زۆربەی لاپەڕەکانی بەحاشییەو پەراوێز ڕازاندبۆوە، عیلمێکی تەحقیقی هەبوو، لەو زانایانە بوو کە هەمیشە پەرەی بە زانیارییەکەی دەدا، ئەگەر ژیانی خاڵی بکردایە بۆ زانست و تەمەنی بەدەمیەوە ببوایە،– خوا باشتر دەزانێ – دەبوو بەیەکەم زانای ناوچەکە.. لە گفتوگۆدا زۆر نەرم‌و لەسەرخۆو خاوەن بەڵگە بوو، ئەگەر نیازی ببوایە قسە بکات، پێشەکیەکی باشی بۆ دەچنی، ئینجا دەچووە باسەکەوە، بێئەوەی بیرکاری خوێندبێ، بوو بووە مامۆستای بیرکاری‌و لەماڵی خۆیدا دەیوتەوە بەهەندێ  کەس کە منیشی تێدا بووم، گەلێ شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەبوو، بەجۆرێك کە دەشیا ببێتە عەمیدی زمانی عەرەبی... لەتەپی سەفا ژمارەی قوتابییەکانی هەرگیز لە ١٠کەس تێنەدەپەڕی، نیوەیان لای خۆی دەرسەکانی (نەحو، صەرف، بەلاغە، مەنتیق، تەفسیر، فەلسەفە، عەقائدو گەلێ جار بیرکاری فەلەك) یان دەخوێند، نیوەکەی تریش لای ئەمان دەیان خوێند، منیش یەکێك بووم لەوکەسانەی لەم مەدرەسەیەدا وەرگیرام و دەستم بەخوێندن کرد لای مامۆستایەکی تازە ماڵ‌و تازە تەمەن‌و تازە ئیجازەو مەدرەسەو، مزگەوتێکی تازە بیناو تازە بیرو تازە نیاز... کەم مەدرەسەو کەم وانەبێژ مابون، کە قولایی‌و وردەکاری زانستەکانی پێشویان وەکو خۆی تیا مابێت. من لای ئەم مامۆستا پایە بەرزە، لە دوای خوێندنی دە ساڵی لەوەوبەر زانیم کە خوێندن لەحوجرەکانی کوردستاندا ئاسۆیەکی

PDF4Kurd

ئیشكردن

بەرزو بەربڵاوی هەبوو و هەیە، بەڵام ئەم ئاسۆیە لەئاستی گەلێکیان ئاواو دواکەوتوو بوە، یەکێ لەوانەی کە بەرزی ئەم ئاسۆیانەی هێشتا لێوەدیاربوو، مامۆستا شێخ عەزیز و مەدرەسەی مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز بوو، هاوڕێ لەگەڵ هەندێ لەوانەی کە مامۆستا تێکەڵی دەکردن و لەیەکەوە نێزیك بوون.

پاشان مامۆستا ڕێشاوی دەڵێت: کوردستانێکی بێ ڕەقابە لەوکاتەدا گەلێك بیروباوەڕی نامۆو پێنەشیاو خۆی تێدەهاویشت و دەهاتە ژوورەوە، تادەیتوانی خۆی حەشاردەداو لەناو چینە جۆربەجۆرەکانی ئەو سەردەمەدا خۆی دەشاردەوە، ناوبەناو لەبندەستو بن باڵی گەنجەکانی ناو حوجرەکاندا سەری دەردەهێنا و خۆی پیشانی جەماوەری ئەو کاتە دەدا.

مامۆستا ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە بۆ( مجادەلەو موناقەشە) لەبارەی هەر بیروباوەڕێك لەو بیروباوەڕو بۆچوونانەی کە خۆیان کوتابووە ناو چینەکانی کوردەواری، لەئەنجامی نەبوونی هۆشیارییەکی خۆماڵیو ڕەسەن لەئارادا، شایانی وتنە مامۆستا لەگەڵ هەرکەس لەوانە مناقشەی دەکرد بێ دەنگی دەکردو بەڵگەی پێ نەدەما، گەلێ کەسی هێنایە سەر شەقامی ڕاست، لەگەڵ چینی شێخو سۆفیو دەروێشاندا زۆر بەلوتف و میهرەبان بوو، بەقسەی خۆشو بەڵگەی تێکەڵ بەمەزاجو دەم بەخەندە دەیهێنانەوە سەر ڕێگای ڕاستو ناوەڕاستی شەقام، جارێك وتی: پێم باشە بچینە سەردانی شێخ عوسمان... کە چوین دەبینم شەو لەماڵی شێخ خۆی میوانەو ئێوارە لەماڵی خۆیان لەگەڵ شێخ نانمان خوارد، نانێك کە بۆ میوانێکی بەڕێز ئامادەبکرێت، شەو لەماڵی خۆیانماینەوە، بەیانی ماڵ ئاواییمان کرد شێخ خۆی ئامادەیی پێشوازی و ماڵ ئاواییو بەڕێکردنمان بوو. زمان شیرینو قسەخۆشو دەم بەخەندەو ڕوخۆش بوو.. لەقسەکردنو وەڵامی پرسیاردا خاوەنی پێشەکیو بەڵگەو جێگەی بڕوا بوو، خەریکی چاککردنی کەموکوڕی کەسانی نزیكو دەوروبەری خۆی بوو، کەسێ بویستایە ئامۆژگاری بکات، دەکەوتە گەڕانو پیاسە لەگەڵیدا هەتا دەرفەتی ئامۆژگاری چاكو پاكو بەڵگەداری ئاڕاستە دەکرد، یاخود ئاموشۆی خێزانی لەگەڵدا ساز دەکرد، بۆهەمان مەبەستو بەهەمان شێوە هەوڵی لابردنی کەموکوڕییەکانی دەدا. مامۆستا شێخ عەزیز لەبارەیا هەبوو _وەك وێنەی خۆیو زیاتریش – ببێتە زانایەکی بەناوبانگ لە جیهاندا، بەمەرجێ وەك ئەوان جێگای تەدریس و شوێنی ژیانی ئاسودەیی بۆ بڕەخسایە، بەڵام سەد مەخابن، چونکە ئەو لە پاڕەزانی ناوچە شارباژێر ژیابوو، ئالودەی ژیانی شارەزووری ئەو سەردەمە نەبوو بوو، ژیانی ئەوێی پێنەکەوت، جگە لەوە مامۆستا توشی نەخۆشی دڵ بووبوو، وایکرد هەم لەتەپی سەفا هەڵکەنرێ و لەولاشەوە کاری مەلایەتیو حوجرەو فەقێ بگوازێتەوە بۆ بواری پەروەردەو ببێتە مامۆستای قوتابخانە، هەر بۆیە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە خولی پەروەردەو بەپلەی دووەم دەرچوو بووە مامۆستای سەرەتایی.(٣)

کەواتە بۆچی مامۆستا تەپی سەفای جێهێشتو چووە سلیمانی.؟، بۆچی پیشەی مەلایەتی واز لێهێناو خۆی کردە مامۆستای سەرەتایی..؟

١ – لەتەپی سەفا زەویەکان لە خەڵکە موڵکدارەکان سەنرایەوە، حاجی موستەفاش زەوی بەدەستەوە نەما خزمەتی مامۆستا پاڕەزانیو حوجرەکەی بکات.

٢ – نەخشی شارەزوورو لەرزو تا وەك مامۆستا ڕێشاوی باسی دەکات، کە پێستی پاڕەزانی زۆر سپی و ناسك بووە بەرگەی گەرماو مێشولەی شارەزووری نەگرتووە .

٣ – نەخۆشی دڵ کە زۆری بۆ مامۆستا هێنابوو .

٤– پاڕەزانی حەزی کردووە واز لەمەلایەتیو حوجرە بهێنێ کە مەشغوڵکردنو سەرپەرشتی زۆری ویستوە، بۆ نەخۆشیەکەی ئەو نەگونجاو بووە کە هەمیشە ئەو دڵێکی ئارامی پیویست بوو .

٥ – ڕەنگە هۆی بژێویش هۆیەك بووبێت.

PDF4Kurd

٦– ڕەنگە حەزی کردبێ بچێتەوە سلێمانی کە نزیك بوە لە خزمانیو باوانی.

ئەو هۆیانەی کە پارەزانی والێکرد خۆی لەمەلایەتیو حوجرە لابدات:

١– مامۆستا زانیویەتی کە حوجرەو مەلاو مزگەوت هەر ئیسلامینو ناتوانن بەزۆری لە بنەماکانی ئیسلام لابدەن، ئەو حەزی کردووە خۆی بگوازێتەوە ناو مامۆستایانی قوتابخانە هەتا بانگەوازی برایان لەو ڕێگەیەوە بگەیەنێ بەچینی نوخبەو ڕۆشنبیران، چونکە شیوعیو بەعسیەکان لەودەمانەدا سوودی زۆریان لە چینی مامۆستاو ڕۆشنبیران دەبینیو کادیرەکانیان لەوانە بوون، پارەزانی ویستوویەتی کادێری مامۆستاو ڕۆشنبیر دروست بکات، مەلاو فەقێ زۆرە بۆ مزگەوتەکان.

٢– مامۆستا لە چینی مەلا بێزار بووبوو، کە زۆربەیان دانویان بەیەکەوە نەدەکولاو، کەسیان لەڕای خۆیان دانابەزن، هەریەکە خۆیان بە قوتب و ئەوانی تریان بە هیچ دەزانی، ڕۆڵیان لە ناو جەماوەردا لە دابەزین دابوو..!!.

٣– پیشەی مامۆستایەتی سەرسوك تر بووە بۆ نەخۆشیەکەی ئەمو، حەوانەوەی زیاتر تیابووە.

٤– ڕەنگە باری بژێوی مامۆستا باشتر بوبێت تا مەلایەتی.

٥– ڕەنگە لەلایەن ئیخوانەکانەوە کە زانیویانە کەسێکی نووسەرو ڕۆشنبیرو بەتوانایە داوای لێکرابێت ببێتە مامۆستاو لەومەیدانەدا ڕۆڵی خۆی ببینێ بەسودترە، بۆ گەیاندنی باوەڕەکەی.

بەم جۆرە مەلا عەزیز پارەزانی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مەلاو خەڵکی تریش، کە بروانامەی سەرەتاییان بووە، چونەتە خولی پەروەردەو، خۆیان کردە مامۆستای سەرەتایی، کە میری زۆر کاری پێیان بووەو مامۆستا کەم بوو لەو کاتەدا، ئەوسا پارەزانی دەتوانێ مامۆستا بێتو، ڕۆڵی مەلاش ببینێ لەڕونکردنەوەی شەریعەتی ئیسلامدا... بەو جۆرە مەیدانی کارکردنی مامۆستا پارەزانی فراوانتر بوو، ئەگەر لەمەوپێش لە نێو فەقێو مەلاو مزگەوتەکاندا دەبینراو جبەو مێزەری بەسەرەوە بوو، هەر لەسەرەتای شەستەکانەوە ئەو شێوازەی گۆڕیوو بووە ئەفەنیو ژمارەیەکی زۆر مامۆستای قوتابخانەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە. مامۆستا جەعفەر مستەفا ئەحمەد باس لەوەدەکات، کە چۆن مامۆستا گوازراوەتەوە قوتابخانەکەی ئەوانو سەرسام بووە بەکەسایەتیو پاشان بونەتە هاوڕێی یەکترو دەڵێ: لەکۆتایی شەستەکاندا مامۆستای قوتابخانەی سالم (حەمدون) بووم لە گەڕەکی مۆردانە لەکانی عاشقان لەشاری هەڵەبجە، هەندێ مامۆستام نەدەناسی، لەناویاندا مامۆستایەکی خواناسی ڕووخۆش، سەرنجم دەدا، دانیشتوانی شار بەڕێزەوە ناویان دەبرد، چونکە هاوپیشە بووین، وردە وردە بوینە هاوڕێ، ڕۆژ بەڕۆژ کە لەم زانا دانایەوە نزیك دەبوومەوە، سەرنجی ناوچاوانی ڕۆشنیم دەداو، گوێم لەوتە زێڕینەکانی دەگرت، پێی بەهرەمەند دەبوومو کاری تێدەکردم، فرەی پێنەچوو خۆشەویستی چووە ناو دڵو دەروونم، بووە هۆی گەورەبوونی ئەو تۆوەی کە مامۆستا عومەر ڕێشاوی لەدڵمدا ڕواندبووی، هەتا وای لێهات سەردانی یەکترمان دەکردو، تەنانەت بەخێزانەوە هاموشۆی یەکترمان دەکرد، لە کتێبخانەکەیدا کتێبەکانی ئیمامی شەهید حەسەن بەنناو ئەبوعەلای مەودودی و شێخ ئەحمەد زەهاویو سەید قوتبو محەمەد قوتب و محەمەد ئیقبال و جەلال کشكو ئەبو حەسەنی نەدەویو مستەفا سەباعیو سەعید نەورەسی و محەمەد مەحمود سەواف و زۆری ترم خوێندەوە، پاش ئەوە کە مامۆستا پارەزانی بۆی دەرکەوت کە گوێی لێدەگرم متمانەی پێکردم، ڕۆژێك بەزەردەخەنەوە وتی: ئەرێ برا گیان خێرێك هەیە ئایا ئامادەی دەست بەکاربیت...؟ وتم: ئەو خێرە چییە..؟ وتی نامیلکەیەکم لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی بەناوی (من الإسلام) واتە (نموونەیەك لە ئیسلام)، بەڵام خەتم ناخۆشەو ناخوێندرێتەوەو خەتی تۆ باشترە، دەستم کرد بە نووسینەوەیو نێررا بۆ چاپخانە و چاپکرا.. پاشان کتێبی (پێنج پایەکانی ئیسلام)و بەشێکی زۆر لە (ژیانی پێغەمبەر)و چەند نامیلکەیەکی تریشم نووسییەوە، خۆیشم سودی زۆرم لێ وەرگرت، مامۆستا وتارخوێنو زمان پاراوو ڕەانبێژ بوو، لەموناسەبەکاندا

PDF4Kurd

پەرتووکخانەی تیشک

وەك ڕەمەزان‌و لەدایك بوونی پێغەمبەرو ئیسراو میعراج‌و شوێنی تردا وتاری دەدا، حەفتانە چەند شەوێکی لەمزگەوتدا تەرخان کردبوو بۆ تەفسیرو سیرە، هەروەها لە پەیمانگای ئیسلامی هەڵەبجەو دواناوەندی دیراساتی ئیسلامی وانەی دەوتەوە (٤).

لەشەوی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٣/٢٢ – ١٢-١٩٧٦ دا لەتەمەنی ٤٨ساڵیدا وەفاتی کرد، سەدان مامۆستاو قوتابی بۆ گەیاندنی بۆچون و بیرۆکەکەی بۆ دوای خۆی پەروەردەکرد.

سەبارەت بەم بەرهەمەش کە پرۆژەی تیشك بەچاپی دەگەیەنێت، لە بنەڕەتدا دوو بەرهەمی دەستنووسی پارەزانییە کە تا ئێستا بلاّونەکراونەتەوە، پرۆژەی تیشك بەباشی زانی وەکو وەفایەك بۆ ئەو نووسەرە لە چوارچێوەی یەك کتێبدا بە چاپیان بگەیەنێت، دەبێت خوێنەر سەرنج لەوەش بدات کە لە هەندێ شوێندا لەبەر پێویستی سەرچاوەی فەرمودەکانمان دەستنیشان کردووە، کەلە دەستنووسەکەدا دیارینەکراوە.

**بەرهەمەکانی:**

١ – نمونەیەك لە ئیسلام – یەکەم بەرهەمیەتی – ٩٢ لاپەڕەیە ساڵی ١٩٦٨ چاپ کرا.

٢ – پێنج پایەکانی ئیسلام – ١١٦ لاپەرەیە، ساڵی ١٩٦٩ چاپکرا.

٣ – لەدەروازەی ئیسلامەوە – ١٧١ لاپەرەیە ساڵی ١٩٧٣ چاپکرا.

٤– ژیانی پێغەمبەری مەزن – ٥٠٣ لاپەرەیە، ساڵی ١٩٧٣ چاپکرا.

٥ – پاشکۆی ژیان – ١٥١ لاپەرەیە، ساڵی ١٩٧٩ دوای خۆی چاپکرا.

٦ – خێزانی بەختیارو کۆمەڵی کامەران – ٧٢ لاپەرەیە، ساڵی ١٩٧٥ چاپکرا.

٧ – کورێکی لاسارو باوکێکی هەژار – لە ئێران ساڵی ١٩٩٣ چاپکرا.

٨ – ئیسلام بەرنامەی ژیانە – بەراوردێکە لە نێوان بەرنامەی سەرمایەداری سۆشیالیستی‌و ئیسلام، دەست نووسە.

٩ – ئیسلام کارە نەك تەمەڵی – دەست نوس بوو ئەم کتێبە پرۆژی تیشك چاپیان کردووە ساڵی ٢٠٠٧.

١٠ – دووخەریزە بەدەستێك هەڵناگیرێ – دەست نووس بوو ئەم کتێبە پرۆژەی تیشك چاپیان کرد ساڵی ٢٠٠٧.

ئەم بابەتانەش بەعەرەبی بلاّوکراونەتەوە:

١ – اصناف الناس في مقايس القرآن – مجلة التربية الإسلامية – عدد(٧). سنة ١٩٦٨.

٢ – البابية والبهائية – مجلة التربية الإسلامية، عدد(١٠) سنة ١٩٦٨.

٣ – الوعض والإبتعاض – مجلة التربية الإسلامية ، عدد(٥) سنة ١٩٧٠.

٤ – الإسلام والمرءة – مجلة التربية الإسلامية – سبعة أقسام – في الأعداد(٧ – ٨ – ٩ – ١٠ – ١١) سنة ١٩٧٠.

**سەرچاوەکانی ئەم باسە:**

١ـ وتەی مامۆستا عومەر ڕێشاوی کە لە گفتوگۆیەکی تەسجیلیدا ئەنجامم داو لە ژمارە ١٠ ی گۆڤاری پەیامی ڕاستی ساڵی ١٩٩٢ دا بلاّومکردەوە.

٢ ـ نامەی مامۆستا شێخ بابا عەلی کەلە ٢٤ /٩/١٩٩٤ دا بۆی ناردم لەوەلاّمی نامەیەکی مندا.

٣ـ نامەیەکی مامۆستا ڕێشاوی کە بەپێنوسی خۆی بۆی ناردم لە ٥ ربیعی دووەم ساڵی ١٤١٥ ك.

٤ـ دەفتەرێکی مامۆستا جەعفەر مستەفا ئەحمەد کە لە ١٩٩٤/٩/٢٢ بۆی ناردبوم، لەوەلاّمی نامەیەکی مندا کە لەسەر مامۆستا پارەزانی پرسیارم لێکردبوو.

PDF4Kurd

# ئیشکردن نەك تەمەڵی

PDF4Kurd

## سەرەتا

وَقُلِ اعْمَلُواْ فَسَيَرَى اللّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ

ئیسلام ئایینی ئیشکردن‌و تێکۆشان‌و بزووتنەوەو جموجووڵ‌و خۆڕەنجاندنە، دژی تەمەڵی‌و بێکاریو راوەستان‌و دانیشتن‌و خۆخلافاندنە.

هەرکەسێ بەوردی سەیری قورئانی پیرۆز بکات، بۆی دەردەکەوێت کە سەرانسەر شۆڕش‌و جووڵاندنەوەو هاندانی ئادەمیزادە بۆ هەڵسان، خەریکبوون، خەباتکردن، خۆڕەنجاندن، هەوڵدان. لەدوای لە ئەوەی یەکەم ئایەتدا[1] داوای خوێندن‌و فێربوون‌و فێرکردن ئەکات،لە دووەم ئایەتدا داوای هەڵسان‌و بانگکردن‌و بەندایەتیکردن‌و خۆخاوێنکردن‌و جووڵاندن لە دژی خراپەو ئارامگرتن ئەکات، کە ئەمانە هەموویان ئیشوکارو خەباتکردنن... (يا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ*قُمْ فَأَنذِرْ * وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ * وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ * وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ* وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ* وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ)[2] لێرەوە پێغەمبەری خوا هەڵساو دەستیکرد بەئیشوکارو هەوڵدان‌و دانەنیشت تا کۆچی دوایی کرد. یارەکانی کە سەیری قورئانیان کرد، سەیری یەکەم شاگردی قورئانیان کرد، ئەوانیش بەتێکڕایی کەوتنە بزووتنەوەو ئیشکردن، بۆیە کە زانا رۆشنبیرەکان باسی پێغەمبەرو یارەکانی دەکەن، دەڵێن: "ئەتووت قورئان‌و بەسەر زەویدا دەڕۆن"، ئەمە یەکێ بوو لەو هۆیانەی کە توانیان لە کەمتر لە چارەکە سەدەیەکدا بەشی زۆری سەرزەوی بە رووناکی ئیسلام رۆشنبکەنەوە.

مسوڵمانە پێشینەکان لەسەر ئەم شارێگەیە رۆیشتن، ئیشکردن‌و جووڵاندن پیشەیان بوو، بۆیە توانیان دەوڵەتی گەورەو شارستانیەتی بەسوود دابمەزرێنن‌و سەر زەوی بکەن بە باغچەیەکی رەنگاوڕەنگی پڕ لەخۆشی‌و کامەرانی.

بەڵام لەم دواییەدا مسوڵمانەکان ئایینەکەیان لەبیرچوو، خۆیان لێتێکچوو، دانیشتن‌و بێکارییان کرد بەپیشە، بەڵکو وای لێهات دانیشتن‌و بێکاریو واز لە دونیاهێنانیان بەخواپەرستی دابنرێت، ئەمەیش بووە هۆی دواکەوتن‌و بەجێمانیان، خەڵکی وایانزانی کە ئیسلام دژی ئیشوکارەو نیشانەی تەمەڵی‌و لاژگییە، بۆیە منیش پێمخۆشبوو هەندێ لە باسی ئیشکردن بدوێم‌و رای ئیسلامی تێدا دەربخەم.

---

١ – اقرأ: ١.

٢ – المدثر: (١–٧).

PDF4Kurd

## مرۆڤ جێنشینە لە زەویدا

خوای گەورەو پەروەردگار ئایینی ئیسلامی نارد، تا ببێتە بیروباوەڕی کۆمەڵو بەرنامەی ژیان بۆ هەموو مرۆڤێك تا مرۆڤو ژیان بمێنیٚ، تا ئەم جیهانە بەرپابێت. ئیسلامیش بریتییە لە باوەڕی ناو دڵو لێکدانەوەی ناو دەروون، کۆمەڵێکی گەورەو بە لێشاو لە یاساو نەریٚتو فەرمانو رژێم، سەرەڕای ئەو شێوە تایبەتییە پەرستشانەی مسوڵمان پێیان هەڵدەسێت، ئەمانە هەموویان بریتین لە ئیسلامو لەو قورئانە پیرۆزەی خوا ناردوویە سەر پێغەبەرﷺ، ئەویش بەدەوری خۆی گەیاندی بە مەردمو ئەوەی پێویستی بە بەیانو راڤەو لێکدانەوە بوو، بە دەمو بە کردەوەی شیرین روونی کردەوە، ئەمەش پێی دەڵێن: "سوننەتی پێغەمبەرﷺ "، بە پەیڕەوی کردنیان رەزامەندی خواو بەختیاریو سەرفرازی هەردوو جیهانو بەهەشتی بەرین دەست دەکەوێت، هەروەها بەلادان لێیانو پەیڕەوی نەکردنیان، یان بەپێچەوانە جووڵانەوەیان رقو خەشمی خواو گیرۆدەیی هەردوو دونیاو دۆزەخی سەخت تووش دێت.

ئەو پەیڕەویکردنە کە هۆی بەختیارییە، ئیسلام بە بەندایەتیو گەردنکەچی (عبادة) دادەنێت، بۆیە خوای گەورە پەیڕەوی ئیسلامو قورئانی بە پێویست داناوە، دەفەرموێت: (وَما خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)[١] واتە: جنۆکەو مرۆڤم تەنیا بۆ بەندایەتی کردن دروستکردووە. لێرەدا دەردەکەویٚ کە مەبەست بەندایەتی (عبادة) تەنیا پەرستنەکان نییە، بەڵکو بریتییە لە هەموو خەریك بوونو جموجووڵێك کە مرۆڤ پێی هەڵسیٚ، ئیتر پەرسیتنو دروشمەکان بێت، یان ئیشوکارو خەریکبوونی تر بێت. ئەمە تێمان ئەگەیەنیٚ کە مرۆڤ پێویستە لەسەری لە هەموو ئیشوکارەکانیدا (بەتایبەتیتر، ئیشی خۆی بیٚ) سەیری بەرنامەو یاساو فەرمانی خوا بکات، واتە دەبیٚ لە هەموو ئیشو کارێکیدا بەپێی بەرنامەی ئیسلامو رێگەدانی خواو لەبەر فەرمانی خوا ئیشەکەی بکات، ئەوکاتە بەندایەتی خوای کردووەو ئەو ئیشەی خواپەرستییە، بۆیە لەکاتێکا پێغەمبەری خوا ﷺ. خێرو چاکەی بۆ یارەکانی هەڵدەبژارد، فەرمووی: "ئەگەر یەکیٚ لە ئێوە لەگەڵ خێزانی خۆیا دروست ببیٚ ئەوە خێرو چاکەیە، وتیان: ئەگەر یەکیٚ لە ئێمە لەگەڵ خێزانیدا دروست بیٚ چاکەیە؟! فەرمووی: ئەی ئەگەر ئەو کارەی لە شوێنی ناڕەوادا بەجێبهێنیٚ گوناهو ناڕەوا نییە؟ هەر بەو پێیە لە شوێنی حەڵاڵدا چاکەیە).[٢]

ئیسلام بەم مانا بەربڵاوە – کە بەرنامەی ژیانە – ئەو دوایین ئایینەیە کە خوا هەڵیبژاردووە: (وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً)[٣]. واتە: رازیم کە ئیسلام ئایینو بەرنامەتان بێتو بۆتانم هەڵبژاردووە. (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ)[٤]، واتە: هەرکەسیٚ بێجگە لە ئیسلام هەر شتێکی تر بکات بە بەرنامەی خۆی، (لە هەر سەرچاوەیەکی تر هەڵگۆزێت، شوێنی هەر بیروباوەڕو بەرنامەیەکی تر بکەوێت) ئەوە لێی وەرناگیریٚ، چونکە لە رێگەی راستو بیروباوەڕو بەرنامەی راستەقینە لایداوەو لە پاشەرۆژدا لە گرۆهی زیانمەندانە، زیانی لە دەست چوونی بەهەشتو رەزامەندی خوا..!!

قورئانی پیرۆز تێمان دەگەیەنیٚ کە خوای گەورە مرۆڤی دروستکردووە تا ببێتە جێنشین لەسەر زەویدا: (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً)[٥]. واتە: خوای تۆ ئەی پێغمەبەر ﷺ فەرمووی بە فریشتەکان: من جێنشینێك لەسەر زەویدا دروست دەکەم. مادام مرۆڤ بۆ ئەوە دروستکراوە جێنشین بیٚ لەسەر زەویدا، ئەبیٚ ژیریو

---

1 – الزاريات: ٥٦.

2 – رواه مسلم.

3 – المائدة: ٣.

4 – آل عمران:٨٥.

5 – البقرة:٣٠.

PDF4Kurd

هێزو توانایی و زانایییەکی ئەوتۆی پێدرابێ کە بتوانێ جێنشینییەکەی خۆی بەجێبێنێ و بتوانێ سەر زەوی ئاوەدان بکاتەوە و بەش و پارچە و هێزە داشاراوەکانی بخاتە ئیش و بەکاریان بێنێ، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە مانای وایە مرۆڤ گەورەی سەر زەوییە و ئەبێ هەوڵبدات ئاوەدانی بکاتەوە و تێبکۆشێت و شتەکانی بخاتە ئیش، واتە: ئەبێ باوەڕی وابێ خوای پەروەردگار ئەو و ئەم بوونەوەرەی دروستکردووە و هەموویان بەندە و دروستکراوی خوان، ئیشەکانی بە گوێرەی بەرنامە و ڕێگاکانی پەروەردگارەکەی جێبەجێ بکات.

ئەگەر هەرکام لەم دوو مەرجە نەهاتەجێ، ئەوە یاخیگەرێتی و لە سنوور دەرچوونە، هەرچەندە ئیشەکەی گەورە و بەسوودبێ بۆ مرۆڤەکان، ئەوە هەقی تۆڵە لێسەندنی هەیە و ئەبێ چاوەڕێی سزای خوا بکات.

## بوونەوەر ژێرباری مرۆڤە

خوای گەورە هەموو شتەکانی ناو زەوی و سەر زەوی بۆ مرۆڤەکان دروستکردووە، بە جۆرێکیش دروستیکردوون کە گەردنکەچ و ژێربارن بۆیان و ئەتوانن بەکاریان بێنن و سوودیان لێوەربگرن: (خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً).[1] وە ئیشوکارو دەستوەشاندنی مرۆڤ تەنیا لە سنووری زەویدا ناوەستێ، بەڵکو بەرزتر دەبێتەوە، ئەوەتا قورئان دەفەرمووێ: (اللَّهُ الَّذِي سخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)[2]. واتە: خوا ئەو پەروەردگارەیە کە دەریای بۆ ئێوە ملکەچ و ژێربار کردووە، تا بە ئیزن و فەرمانی خوا کەشتی پێدا بڕوا و لە ڕزق و ڕۆزی خوا دەست خۆتان بکەن جا (بازرگانی بێ، یان دەرهێنانی شتە بەنرخەکانی ناو دەریابێ، یان خۆشی و رابواردن و....) بۆ ئەوەی بەهۆی ئەم هەموو گەورەییەوە سوپاس و بەندایەتی بکەن، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە تێکڕا بۆ ئێوە ملکەچ و ژێرباری کردووە و هەمووی دەستکردی خوایە و لە خۆیەوەیە، لەمەدا چەندەها بەڵگە و نیشانەی گەورە هەیە لەسەر گەورەیی و دەسەڵاتی خوای گەورە بۆ ئەوانەی خاوەنی بیرو هۆشن. ئەگەر ئێمە لێرەدا هەڵوێستێکی ورد بکەین و هەندێ بیربکەینەوە و سەرنجێکی دەوروبەری خۆمان بدەین، دەبینین ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە ئەوەندە زۆرو بەلێشاون لەژمارە نایەن، کەچی ئێمە بەهیچیان دانانێین و بیریان لێناکەینەوە و بە خەیاڵمانا نایەن، هەمیشە ناشکورو ناڕازین، هەر دەممان هەڵهێنایەوە ڕەخنە ئەگرین و بۆڵەمان لێوە دێت و تەدبیر بۆ خوا ئەکەین و ری و شوێنی بۆ دادەنێین، بێ هیچ جۆرە سوپاس و بەندایەتییەك، بێ گوێڕایەڵی و پەیڕەویکردن، هەتا بەبێ ناسینی خوای گەورە و لێترساندنی و خۆلادان لە رق و خەشم و قینی. کەچی شەرم نامانگرێ و تەریق نابینەوە!!.

خوای پەروەردگار بوونەوەرێکی گەورەی فراوانی بەربڵاوی دروستکردووە، زانایان تا ئێستە بە سەدان ملیۆن کۆمەڵە خۆر (خێزانی خۆر)یان لێدەستنیشان کردووە، کە ئەم خۆرەی ئێمە یەکێکە لەوانە، هەریەکە لەو خۆرانە کۆمەڵەیەك دەست و پێوەندی هەیە کە بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، یان ئەڵێن: هەریەکەیانی لە خولگەیەکی تایبەتیدا ڕاگرتووەو دەیسووڕێنێتەوە، بەم کۆمەڵەیە دەڵێن: خیزانی خۆر، یەکێك لە خێزانەکانی ئەم خۆرەی ئێمە ئەم هەسارە، یان دەڵێین: ئەم زەوییەیە کە ئێمەی لەسەر دەژین، بۆ خێزانەکانی خۆر مانگ هەیە بە دەوریاندا لە خولگەی تایبەتیدا دەسووڕێنەوە بە دەوریا، وەکو مانگی خۆمان کەوا بە شێوەیەك دامەزراوو نەگۆڕاو لە خولگەیەکی تایبەتیدا بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە.

---

[1] – البقرة: ٢٩.

[2] – الجاثية:١٢–١٣.

PDF4Kurd

تیشك له چركەیەكا (١٨٦) هەزار میل یان (٣٠٠٠٠٠) كیلۆمەتر دەڕوات، تیشكی خۆر بە هەشت خولەك و هەژدە چركە دەگاتە سەر زەوی، كەواتە خۆر نزیكەی (٩٣) ملیۆن میل یان نزیكەی (١٥١) ملیۆن كیلۆمەتر لە زەوییەوە دوورە. خێزانەكانی تری خۆر:.

١- عەتارد (٣٥) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٢- زوهرە (٦٤) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٣- مەریخ (١٤٠) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٤- وردە ئەستێرەكان (٢٥٢) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورن.

٥- موشتەری (٤٧٥) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٦- زوحەل (٩٠٠٠٠٠٠) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٧- ئۆرانۆس (١٧٥٤٠٠٠٠٠٠) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٨- نیپتۆن (٢٦٤٦٠٠٠٠٠٠) ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٩- پلۆتۆ، (٤) بلیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

ئەو مانگەی خۆمان كە بە دیمەنەكەی دڵشاد دەبین و ڕێگەی پێدەدۆزینەوە، ئەوە مانگی زەوییە و زەوی لە خولگەیەكی تایبەتیدا دایناوە و بە دەوریا دەسووڕێتەوە، نزیكەی (٢٤٠٠٠٠) دوو سەدو چل هەزار میل لە زەوییەوە دوورە. مەبەستم لێرەدا گەردوونناسی و لە ئاسمان دواندن نییە، بەڵام دەمەوێ هەندێ لەو نازو نیعمەتانەی خوا بخەمە پێش چاو، كەوا بوونەتە هۆی ژیان و حەوانەوە بۆ مرۆڤو گیاندارو رووەكان لەسەر ئەم ئەستێرەی زەوییە، ئەگەر قەوارەی گۆی زەوی لەم قەوارەیەی ئێستای گەورەتر یان بچووكر بووایە، یان ئەگەر لە خێرایی خولانەوەیدا لەگەڵ ئێستەیدا جیاوازی ببوایە، دوورتر یان نزیكتر ئەبووەوە لە خۆر، خۆریش ئەوكاتە تینی گەورەو دیاری ئەبوو بۆ هەموو جۆرو بارێكی ژیان، ئەو تینە ئەوەندە هێزی ئەبوو لەسەر زەویدا كە بە هیچ كلۆجێ ژیانی لەسەر نەدەماو نەدەگونجا، خۆ - وەكو بزانین - لەناو خێزانەكانی خۆردا تەنیا هەر زەوییەكە پەیوەندی پێیەوە ببێتە هۆی ئەوە ژیان بگونجێت و پێكبێت لەسەری.

عەتارد لە كاتی گەڕانیدا تەنیا ڕوویەكی لە خۆرە. لە ماوەی دەورەیەكی تەواویدا بە دەوری خۆردا (كە ساڵێكی عەتاردە) یەكجار بە دەوری خولگەكەی خۆیدا دەسووڕێتەوە، بەم بۆنەیەوە ئەبێ لایەكی بیابانێكی وشك و لایەكەی تری سەهۆڵبەندان بێت، قەبارەكەی و هێزی ڕاكێشانی ئەوەندە كەمە كە هەوای تیا نەمابێت، ئەگەر كەمێكی مابێت ئەبێ لە شێوەی با و گێژەلووكەیەكی رووخێنەردابێ و لەملاوە هەڵكات بۆ ئەولا.

زوهرەیش تەنێكی یاخییەو تەپوتۆزێكی ئەستوور لە باتی هەوادەوری داوە، ئەوەی دەركەوتووە ناگونجێ ژیانی تێدا بەسەر ببرێت.

مەریخ - بێجگە لە زەوی - تاقە هەسارەیە لەوانەبێ بۆ ژیان دەست بدات، بەڵام ژیانی مەریخ ئەبێ لەسەر گازێكی جیاواز لە گازی ئۆكسجین و هایدرۆجین بێ، چونكە دەركەوتووە كە ئەم دوو گازەی تیانییە، لە مەریخدا ئاو نییە، تێكڕای پلەی گەرما نزمرە لەوەی كە گیا و ڕووەكی تێدا بڕوێت.

مانگ - دیسان - هەوای تیانییە، وە بەهیچ جۆرێ بۆ ژیان دەست نادات، لە شەودا زۆر ساردەو لە ڕۆژە درێژەكانیدا خۆڵەمێشێكی ئێجگار گەرمە.

هەروەها هەسارەكانی تری خێزانی خۆر ئەوەندە لە خۆرەوە دوورن كەوا ژیان لەسەریان بەهیچ كلۆجێ ناگونجێت. ئەوەی زانایان تێكڕا دانیپێدا دەنێن ئەمەیە كە ژیان بەمشێوە زانراوەی ئێستا لەسەر هیچ هەسارەیەكی تر بێجگە لەم زەوییە نەگونجاوە.

PDF4Kurd

زەوی لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا جارێك بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، واتە بە تێکڕایی هەزار میل لە کاتژمێرێکدا دەڕوات، ئەگەر دابنێین تێکڕا لە کاتژمێرێکدا سەد میل بڕوات، ئەوکاتە شەوو ڕۆژمان هەر یەکەیان دەجار ئەوەندەی ئێستا درێژ ئەبوون، ڕۆژی درێژی گەرمی هاوین هەموو ڕووەکێکی دەسووتاند، لە شەویشدا هەموو ڕووەکێك ئەیبەستو سەرما ئەیبرد. خۆر کە سەرچاوەی ژیانە لەسەر زەوی، پلەی گەرمای ڕووەکەی ئەگاتە (١٢٠٠٠) پلەی (فهرنهایت)، زەوی ئێمەی بە ڕادەیەك لێی دوورە کەوا بە ئەندازەی پێویست لەو ئاگرو تیشكو گەرمایەمان پێبگات، نەك کەمتر یان زیاتر لەو ئەندازەیە، دوورییەکە بە شێوەیەکی ناوازەو حەکیمانەیە، ئەگەر پلەی گەرما لەسەر زەوی بە تێکڕایی پەنجا پلە لە ساڵێکدا زیاد یان کەم بکات، هەموو مرۆڤێك دەمریو هەموو ڕووەکێ لەناو دەچێ، بە سووتاندن یان بوون بە سەهۆڵ. زەوی بە تێکڕای خێرایی هەژدە میل لە چرکەیەکدا بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، ئەگەر تێکڕاییەکەی شەش میل یان چل میل بووایە، دوورکەوتنەوەمان لە خۆر یان نزیکبوونەوەمان لێی بە جۆرێك دەبوو کە ژیانی لەگەڵا نەگونجێت.

هەسارەکان لە قەوارەدا جیاوازن، هەیانە ئەوەندە گەورەیە ئەگەر لە جێگای ڕۆژی ئێمەدا بووایە دۆخی گۆی زەوی چەند میلێك ئەچوو بە ناویدا، لە ڕووناکیو تیشکدا جیاوازییان هەیە، تیشکی زۆریان بە ڕادەیەکە کە بەهیچ جۆرێك ژیانی لەگەڵا ناگونجێت، ئەستووری قەوارەی تیشکیان لەگەڵ خۆری ئێمەدا هەیانە کەمترەو هەیانە زیارە بە (١٠) هەزار جار، خۆ ئەگەر تیشکی خۆری ئێمە بە نیوەی ئێستای بووایە، ئەبووین بە سەهۆڵ، ئەگەر دووقاتی ئێستای بووایە لە زووەوە بووبووین بە خۆڵەمێش...... لەمانەوە دەردەکەوێت کە لەناو سەدەها ملیۆن خۆردا بە تەنها هەر ئەم خۆرەی ئێمە بۆ ئەم جۆرە ژیانەی ئێمە دەست دەدات......[1]

قورئانی پیرۆز لە بابەتی منەتنان بەسەر مرۆڤدا دەفەرموێت: (..... الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْداً وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلاً لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)[2]. واتە: خوای گەورە ئەوەیە کە زەویی کردووە بە نیشتەجێ . وەکو بێشکە . بۆتان، گەلێ ڕێگای تێدا داناوە بۆتان، تا ئێوە گومڕا نەبنو ڕێگای ڕاست بۆ مەبەستتان بدۆزنەوە.

تەفسیری (في ظلال القرآن) ئەڵێت: "حەقیقەتی گێڕانی زەوی بۆ نیشتەجێ بۆ ئادەمیزاد، هەموو کەسێ لە هەر کاتێکدا بە شێوەیەك لێیتێدەگات، ئەوانەی بۆ یەکەمجار قورئانیان وەرگرت، ڕەنگە بەمشێوە لێیتێگەیشتبن کەوا زەوی لەگەڵ ژێر پێیاندا ئامادەیە بۆ پێداڕۆیشتنو بۆ کشتوکاڵو ڕووەكو سەوزکردنو بۆ لەسەر ژیانو پێگەیشتن، ئێمە ئەمڕۆ بەپێی ئەو ڕاو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون لە بابەتی سروشتی زەویو مێژووو بەرواری دووریو نزیکییەوە – ئەگەر ڕاست بێ – بە قوڵترو فراوانر لەو حەقیقەتە تێدەگەین، ئەوانەی دوای ئێمە دێن ڕەنگە زۆر لە ئێمە زیاتری لێتێبگەن، مانای ئەم ئایەتە تا پێی بچێ بەربڵاو و فراوانتر دەبێ، تا زانیاری پێشبکەوێو نەزانراو و نهێنیو داتاشراوەکان بۆ ئادەمیزاد دەربکەون، ئاسۆو مەبەستی ئەم زیاتر دەردەکەوێت، ئێمە ئەمڕۆ وای لێتێدەگەین کە ئەم هەسارەیە بە چەند دەورو ئاڵو گۆڕێکدا ڕۆیشتووە تا وایلێهاتووە دەستبداتو ببێتە بێشکەو نیشتەجێ بۆ ئادەمیزاد، لەم دەورانەیدا ڕووەکەی گۆڕاوە لە بەردێکی وشکی ڕەقەوە بۆ خۆڵێکی پوختی ئەوتۆ کە بۆ کشتوکاڵ دەستبدات، بە هۆی یەکگرتنی هایدرۆجینو ئۆکسجینەوە ئاوی لەسەر پەیدابووە، سووڕانەوەی بەدەوری خۆیا هێواش بووەتەوە تا وایلێهاتووە کە مامناوەندی گەرمای ڕۆژی دەست بدات بۆ ژیان لەسەرکردن، پلەی خێراییەکەی هاتە ڕادەیەك کە شت بەسەریەوە بووەستێو نەفڕیو بڵاونەبێتەوە. لەم حەقیقەتەوە تێدەگەین کە خوای گەورە چەندەها شتی تایبەتی بە زەوی بەخشیووە، لەوانە هێزی ڕاکێشان (الجاذبية)، کەوا بە هۆیەوە ئەوەندەی هەوا بە خۆیەوە نووساندووە کە ژیانی لەسەر بکرێت، ئەگەر ئەو هەوایەی دەوری گرتووە لەو هێزی ڕاکێشەرە دەرچێت، ئیتر ژیان لەسەر زەویدا نامێنێ، وەکو لە هەسارەکانی تردا هێزی ڕاکێشەر چونکە کەمبوو

[1] – العلم يدعو للايمان. ل(٥٣–٥٦).

[2] – الزخرف: ١٠.

PDF4Kurd

هەوايان بەخۆنەگرت، بۆيە ژيانيان تێدا ناكرێت، وەكو مانگ كە نزيكترين تەنە لێمانەوە، خواى پەروەردگار ئەم هێزى راكێشەرەى بە جۆرێك رێكخستووە كە لەگەڵ هێزى پاڵپێوەنەرى ناو زەويدا هاوتابن، بەم بۆنەيەوە گيانلەبەرو شتەكانى ترى سەر زەوى لە فڕين‌و بڵاوبوونەوە ئەپارێزێت، رێگاى جموجووڵ‌و هەڵسوكەوتى مرۆڤ‌و گيانلەبەرەكانى ئامادەو ئاسان كردووە، ئەى ئەگەر ئەو هێزە زياتر بووايە مرۆڤ‌و شتەكانى ترى دەلكاند بە زەوييەوە و جووڵەيان بۆ نەدەكرا، يان زيادە پاڵپێوەنەرى بە جۆرێك كێشيدەكردن بۆ زەوى كە ژيانيان لە بەين دەچوو، ئەگەر هێزەكە لەو ئەندازە كەمتر بووايە مێشك‌و سنگى گيانلەبەران دەتەقى‌و دووبارە ژيانيان لە بەين دەچوو.

ديسان لە حەقيقەتى گێڕانى زەوييە بە نيشتەجێ، كەوا پەروەردگارى زاناو بە توانا چەندەها گونجاوى (موافقات)ى واى تيادا ناوە كە بە هەموويانەوە ئەبنە هۆى يارمەتيدەر بۆ بوون‌و ژيانى ئادەميزادو شتەكانى تر لەسەر زەويدا، ئەگەر يەكێ لەو گونجاوييانە تێكبچێت ژيان‌و مانەوە تيايدا نابێ‌و پێكنايەت، هەندێ لەو گونجاوييانە ئەوانە بوون كە لە پێشەوە باسمانكردن، هەندێكى تريان ئەوەتە ئەو ئاوە فراوان‌و بە لێشاوەى لە زەويدا هەيە لە ئاوى كانى‌و رووبارو دەرياو زەرياكان، ئەندازەيەكى وايە كەوا بەسبێت بۆ هەڵمژينى ئەو گازە ژەهراوييە كوشندانەى كە لە بەيەكدادانى زۆرى شتەكانى سەر زەوى پەيدادەبن، بۆ ئەوەى هەوا هەميشە وا لێبكات زيندەوەرو گياندارەكان بتوانن ژيانى لەسەر بكەن، هەندێكى تريان ئەوەيە كەوا بەهۆى رووەكەوە هاوتايى بۆ ئۆكسجين دروستكردووە، ئەگەر ئەم هاوتاييە نەبووايە گيانلەبەرەكان دواى ماوەيەك دەخنكان. لە تەفسيرى ئايەتى (الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ).[1] واتە: خۆرو مانگ دەڕۆن‌و دەگەڕێن بە گوێرەى حيساب‌و دياريكردنێكى تايبەتى واوە كە ئادەميزاد بەهۆيانەوە بتوانن كات‌و وەرزەكانيان بناسن، ئيشوكارەكانيان رێكبخەن، رێگاو جێگاكانيان بدۆزنەوەو ژيان لەسەر زەوى فەراهەم بهێنن، تەفسيرى (في ظلال القرآن) دەڵێت: خۆر گەورەترين هەسارەى ئاسمان نييە، چونكە لە بۆشايى بوونەوەردا كە مرۆڤ سنوورى نازانێ مليۆنەها هەسارە هەيە، كە زۆريان لەم خۆرە گەورەترو گەرمترن. هەسارەى (شيعراى يەمانى) قەبارەكەى بيست هێندەى خۆرى خۆمان گەورەيەو تيشك‌و گەرمييەكەشى پەنجا هێندەى گەرماى خۆرى ئێمە بەتينە. هەسارەى (السماك الرامح) قەبارەكەى هەشتا ئەوەندەى قەبارەى ئەم خۆرەى ئێمەيە، گەرماو تيشكەكەى هەشت هەزار هێندەى تيشكى خۆرە، هەسارەى (سوهەيل)[2] دوو هەزارو پێنج سەد ئەوەندەى خۆرى ئێمە گەورەو بەهێزو گەرم‌و بەتينە...... . بەڵام خۆر بۆ ئێمەى دانيشتووانى سەر ئەم هەسارە بچكۆلەى زەوييە گرنگترين‌و بەسوودترين هەسارەيە، چونكە زەوى خۆى‌و هەموو دانيشتووەكانى ژيان‌و مانيان بەهۆى رووناكى‌و گەرماو تيشك‌و هێزى راكێشەرى ئەم خۆرە گەورەوەيە. مانگ هەرچەندە شووێنكەوتووە بچكۆلەيەكى زەوييە، لەگەڵ ئەوەشدا تينىديارى هەيە بۆ ژيان لەسەر زەويدا، ئيشكەرێكى گورجوگۆڵە لە جووڵانەوەى هەڵكشان‌و داكشان (مدّوجزر)دا.

قەوارەى خۆرو پلەى گەرمايى‌و دوورييەكەى لێمان‌و رۆيشتنى لە خولگەى خۆيدا، ديسان قەوارەى مانگ‌و دوورييەكەى‌و سووڕاندنەوەى ... ئەمانە هەموويان حيسابێكى وردو پڕ لە سووديان هەيە، بە گوێرەى تينيان بۆ سەر ژيان لە زەويدا، بەگوێرەى بارو كێشمەو كێشيان لە ئاسماندا لەگەڵ هەسارەو مانگەكانى تردا.....

ئێستا هەندێ لەو حيسابە وردانە دێنين كە پەيوەندييان بە زەوى‌و بە ژيان‌و بە گيانلەبەرەكانەوە هەيە......

خۆر نزيكەى (٩٣) مليۆن ميل لە زەوييەوە دوورە، ئەگەر لەو ئەندازەيە نزيكتر بووايە زەوى دەسووتاو دەتوايەوەو دەبوو بە هەڵم، ئەگەر لەو ئەندازەيە دوورتر بووايە لێمانەوە زەوى دەيبەست‌و دەبوو بە بەستەڵەك‌و

---

[1] – الرحمن: ٥

[2] – (شيعراى يەمانى)و (السماك الرامح)و (سوهەيل) سێ هەسارەى گەورەن لە كاكێشاندا كە هەريەكەيان بنەماڵەيەكى فراوانن لە خۆرو مانگ‌و تەنەكان.

PDF4Kurd

سەهۆڵبەندان، هەرچی لەسەر بووایە دەمردو لەناودەچوو، گەرمای خۆر کە ئەگاتە سەر زەوی بەشێکە لە دوو ملیۆن بەشی گەرماکەی، ئەم ئەندازە بچکۆلەیە ئەگونجێ لەگەڵ ژیانی ئێمەدا، ئەگەر هەسارەی شیعرا بەو گەورەیی و تیشکەیەوە لە جێگای ئەم خۆرەی ئێمەدا بووایە زەوی دەبوو بە هەڵمو تۆزو دەچوو بە ئاسماندا.

یان مانگ بە قەوارەو دوورییەوە ...... ئەگەر لە ئێستای گەورەتر بووایە ئەو هەڵکشانە (مدّە)ی لە دەریاکاندا دەیکرد زەوی دادەپۆشی و چیی لەسەردایە دەیخنکاندان و دەیکرد بە ژێرەوە، یان ئەگەر لە ئێستای نزیکتر بووایە دیسان زەوی دادەپۆشی. هێزی راکێشەرو راکێشانی خۆرو مانگ بۆ زەوی، تینێکی گەورەو حسابێکی وردی هەیە بۆ باروکێشی زەوی، بۆ هەنگاوونانی زەوی لەو بۆشاییە گەورەو فراوانەدا کەوا کۆمەڵەی رۆژەکان بە خێرایی بیست هەزار میل لە ماتژمێرێکدا روو بەیەك رووگە، بەرەو (برجی جبار) دەڕۆن، کەچی هیچیان لەم کاروانە نەبڕاوەدا لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا لەگەڵ هەسارەیەکا لێکنادەن و پێکەوە ناتەقن.... لەم بۆشاییە فراوانەدا هیچ هەسارەیەك ئەوەندەی موویەك لە هێڵی خۆی لانادات، حسابی هاوتایی و هۆنراوەیی و رێکخستنیان تێکنا چێت، نە لە قەبارەو نە لە جووڵاندن و رۆییندا، خوا راست ئەفەرموێت: (الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ).[1]

## ئیشکردن پێویستییەکی ئیسلامییە

ئەمانەی لە پێشەوە باسمانکردن هەندێکی زۆر کەمبوون لە نازو نیعمەتە زۆرو لە ژمارە نەهاتووەکانی خوای گەورە بۆ بەندەکانی خۆی، هەندێك بوون لەو گونجاوییانە بەهۆیانەوە خوای گەورە وایکردووە ئەم زەوییەی ئێمە بۆ ژیان دەستبدات، ئەمانە هەریەکەیان بەڵگەو گەواهییەکی ئاشکرایە لەسەر بوون و دەسەڵاتی خوایەکی تاك و تەنیای پەروەردگاری خاوەنی زانایی و توانایی و خواهیش و دەسەڵاتی نەبڕاوەی بێسنوور، چونکە هیچ عەقڵێکی سەرلێنەشێواو، و هیچ مێشکێکی کوێرنەکراوە ناتوانێ باوەڕ بەوە بکات کە ئەم بوونەوەرە گەورەو فراوانە پڕ لە یاساو دەستوورە رێك و نەگۆڕاوە، ئەم هەموو شتە وردو ناسك و بەڕێو جێ و پڕ لە حیکمەت و کاکڵەو پڕ لە سوودانە، هەروا لە خۆیانەوە، یان بە رێکەوت (صدفە) دروستبوون!!.

لەلایەکی ترەوە پاڵپێوەنەرێکی گەورەو هاندەرێکی تەواون بۆ ئەوەی ئێمەی ئادەمیزاد هەمیشە و بێ وازهێنان خەریکی ئیشوکاربین، سوود لە بەش و پارچەکانی زەوی، بەڵکو بوونەوەر وەربگرین، نهێنییەکانی بخەینەڕوو، سەرزەوی ئاوەدان بکەینەوە، هەوڵبدەین بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنان و خستنەئیشی هەموو هێزە ئاسمانییەکان، کە خوا ژێربارو ملکەچی کردوون بۆمان، لەگەڵ ئەمانەدا هەمیشە بەندایەتی راستەقینەو سوپاسی پڕ بەدڵی ئەو خوای گەورەیە بکەین کە ئەم هەمووشتانەی بۆ دروستکردووین، بەوڕادەیە ئاسان و گەردنکەچی کردوون بۆمان کە بە ئاسانی دەتوانین بەکاریان بێنین، هەموو کات دڵمان پڕبێ لە خۆشەویستی و لە ترسی ئەو خوا گەورەیە کە کردووینی بە جێنشینی خۆی و بەو پێیە کلیلی بوونەوەری داوەتە دەستمان، جووڵانەوەمان بەم پێیە هەندێکە لەو جێنشینییەکان کە خوا داوینێ. هەزاران دروود بۆ گیانی شێخی سەعدی شیرازی کە لە (گلستان)دا بە زمانی فارسی ئەڵێت:

أبرو بادومەو خورشیدو فلك درکارند
تاتونانی بەکف آری و بە غفلت نەخوری
همە أز بهر تو سرگشتەو فزمان بردار
شرط أنصاف نەباشد کە تو فزمان نەبری

[1] – في ظلال القرآن، جزء (٢٧)، ل(١١٢–١١٣).

PDF4Kurd

یانی هەورو باو مانگ‌و خۆرو ئاسمان لەئیشوکارو سووڕانەوەدان، بۆ ئەوەی تۆ نان‌و خواردن بە دەست بێنی‌و بەبێ ئاگایی نەیخۆیت، ئەمانە هەموویان لەبەر تۆ سەرگەشتەو بەرفەرمانن، بەڕاستی شتێکی بێویژدانی‌و بێئینسافییە کە تۆ فەرمانگوزاری نەکەیت‌و پێویستی سەرشانی خۆت بەجێنەهێنیت.

بەڵێ خوای پەروەردگار ئەم بوونەوەرەی دروستکردووە بە جۆرێ کە هەر خۆی ئەزانێ کەی چۆنی دروستکردووە، لەناو بوونەوەردا ئەم زەوییەی وا دروستکردووە کە بۆ ژیان دەست بدات، بۆ ئەمە هەزاران گونجاوی داناوە، ئەوەتە . بێجگە لە هەموو گونجاوییەکانی تر . دەبینین ئەم زەوییە خاکی بە پیتی هەیە بۆ رواندن‌و پێگەیاندنی کشتوکاڵ‌و رووەك، ئاوی لەسەر دروستکردووەو هەواو گەرمایی‌و تیشك‌و رووناکی تێدا دامەزراندووە، لەناو زەویدا چەندەها کان‌و کانگاو شتی بە کەڵك‌و سوودی داناوە، لە هەوادا چەندان هێزی پڕ سوودی وەکو کارەباو زەڕڕەی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ ئەمانەدا دەفەرموێت: من ئێوەی ئادەمیزادم هەڵبژاردووە‌و رێزم لێگرتوون‌و بەتایبەتی‌و لە جوانترین شێوەدا دروستمکردوون بە جۆرێ کە بتوانن‌و لێتان بێت هەموو ئەو شتانەی بوونەوەر بخەنە ئیشەوە، کردوومن بەجێنشین لەسەر زەویدا، هەموو شتەکانی بوونەوەرم بۆ ئێوە گەردنکەچ‌و ژێربار کردووە.

کەواتە پێویستی سەرشانی ئادەمیزادە . بەحوکمی جێنشینییەکەی . بیرکردنەوەو ئیشکردن‌و هەوڵدان‌و خۆڕەنجان بۆ بەکارهێنانی ئەو شتانەی بوونەوەر لە رێی ئاوەدانکردنەوەی سەرزەویدا، لە هەموو شتێکدا گەردنکەچی فەرمانی خوابێ‌و سوپاسی بکات‌و بەندایەتی بۆ بکات.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئایینی ئیسلام بەرنامەی کۆمەڵەو پێویستە ئادەمیزاد لە هەموو ئیشوکارێکیاندا لەسەر رێوشوێنی ئیسلام بڕۆن، خۆ ئیسلام رێوشوێنی دیارو جوانی بۆ هەموو روویەکی ژیان داناوەو هیچ روویەکی بە نادیاری نەهێڵاوەتەوە، گرنگترین رووش بریتییە لە هەوڵدان‌و ئیشوکارکردن...... هەروەها هەر گەل‌و کۆمەڵێ دەستی ئیشکەری زۆربێ‌و ئەندامەکانی هەرکەس بە دەوری خۆی هەوڵی ئیشوکار بدات، بە گوێرەی توانای خەریکبێت، بەوە پلەی ژیانیان بەرز دەبێتەوەو رادەی ئابووریيان بڵند دەبێ، دەستەوخواری کەس نابن، مل بۆ کەس کەچ ناکەن، دەست لە کەس پان ناکەنەوە، گیروگرفت‌و ئاژاوەیان نابێ، کۆمەڵێکی پێشکەوتووو بەختیار ئەبن، کەس ناتوانێ بەروبوومو دەرامەتیان بەرێت بۆ خۆیان، یان بیانووی نابێ کە دەست بخاتە ئیشوکاری وڵاتیانەوە.

بەڵام هەر کۆمەڵێ ئەندامەکانی، یان زۆر لە ئەندامەکانی بە تەمەڵی‌و سستی‌و بێئیشی دانیشتن ژیانیان بردەسەر، سروشتییە کەوا پلەی ئابووری‌و رادەی ژیانیان نزم دەبێتەوە، ئاتاجی‌و داماوی . بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستادا[1] کە کەلوپەل‌و شتومەك ئەوەندە گران بووە کە بڵێین: ژیان چۆتە کوڵی شێر . ناچاری ئەوەیان دەکات کە تووشی نەخۆشی رەوشتی‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و دزی‌و خراپەو بەرتیل‌و ... هتد ببن، یان خۆیان‌و جوامێری‌و سەربەستی‌و دەرامەتی وڵاتیان بفرۆشن بە بێگانە بە شتێکی کەموکوڕی کاتی، ئینجا بۆ هەتا هەتایە بە کۆیلەیی‌و ژێردەستەیی‌و هەناسە ساردی بژین‌و خاوەنی هیچ شتێکی خۆیان نەبن، چاویان زاقەی بێ‌و خەڵکی بەسەر خێرو بێری وڵاتیانەوە رابوێرێ‌و لاف لێبدات.

لەبەر ئەمانەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام . بەرنامەی هەتا هەتایی خوا . لەپێش زیاتر لە چواردە سەدەوە ئیشکردنی لەسەر هەموو کەسێ بە پێویست داناوە، هەرکەسە بەپێی توانایی‌و لێهاتنی ئەبێ خەریکی ئیشوکارو کردەوەی حەڵاڵ‌و رەوا بێت....

[1] – مەبەست ساڵی نووسەرە کە ساڵی (شەستەکان) دەکات.

PDF4Kurd

مادام خێرو بێری زەوی بۆ هەموو کەسە، دەبا هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە بەپێی توانای خۆی هەوڵی بۆ بداتو بە شوێنیا بگەڕێت، نابێو ڕەوا نییە بۆ هیچ کەس (لە سێبەری ئیسلامدا) بە تەمەڵیو بێکاری دابنیشێ، لە ژێر هەر ناوو نیشانەیەکدا بێو بەهەر بیانوویەکەوە بێت، هەتا بەناوی خواپەرستیو ئایینەوە، یان بە ناوی وازهێنان لە دونیاشەوە بێ، لەبەر ئەمە بوو کاتێ یارە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا ـ بەهەزاران ستایشو درودی خوایان لەسەر بێت ـ کاتێ کۆچیانکرد بۆ مەدینە، هەرچەندە پشتیوانەکانی مەدینە هاتن بە دەمیانەوەو داوایان لێکردن کە ببن بە هاوبەشیان لە هەموو ماڵو داراییاندا، ئەمان زۆر سوپاسیان بۆ کردنو دوعای خێریان بۆ کردن، بەڵام ڕازی نەبوون کە ببنە بارو بەسەر خەڵکەوە بژین، هاتن خۆیان پەلامارییانداو دەستیانکرد بە ئیشکردن، لە بازرگانیو سەوداو مامەڵە، تا کشتوکاڵو باخداریو کرێکاری، شانازیشیان بەوەوە دەکرد کە بە عارەقی ناو چاوی خۆیان دەژین.

ئیسلام داوا لە موسڵمانان دەکات کە سەربەرزو دڵو دەروون بەرز بێ، جگە لە خوا، سەر بۆ کەس نە نەوێنێو دەستەوخواری کەسی قبووڵ نەبێت، موسڵمان دەبێ ئیشکەرو خاوەن تواناو ماسوولکە پتەوبێ ، پێغەمبەری خوا دەیفەرموو: موسڵمانی بەهێزو خاوەن توانا گەورەترو خۆشەویست ترە لەلای خوا لە موسڵمانی بێهێزو لاواز. ئەیفەرموو: دەستی ژوورو چاکترە لە دەستی خواروو.[1] واتە: ئەو دەستەی شت ئەبەخشێ چاکترە لەو دەستەی لە ژێرەوەیەو شت وەرئەگرێ. پیاوێك بۆ سواڵکردن هاتە لای پێغەمبەری خوا، کە پێغەمبەر ﷺ سەیریکرد دەتوانێ ئیش بکات هیچی نەدایەو لای خۆی داینا، فەرمانیدا گوریسو تەورێکیان بۆ هێنا، فەرمووی: بڕۆ لەو شاخە بەم تەورە دار ببڕەو بە کۆڵ بیهێنەرەوەو بیفرۆشەو خۆتو خێزانتی پێ بەخێوبکە، لە دواییدا سەرم لێبدەرەوە. بە لێکدانەوەیەکی بچکۆلەی ئەم کردەوەیەی پێغەمبەر سێ خاڵ دێتە بەرچاو:-

١- مرۆڤ بەپێی توانا دەبێ ئیش بکات، نابێ دەرگای سواڵکردن لەسەر خۆی بکاتەوەو بەسەر خەڵکەوە بژیو کەلەبەرێ بخاتە ئابووری کۆمەڵ، مادام توانای ئیشکردنی هەبێ.

٢- پێویستە لەسەر دەوڵەت ـ کە نوێنەری کۆمەڵە ـ خەڵکی بخاتە ئیشەوەو هۆو ئامێری ئیشیان بۆ ڕێك بخات.

٣- پێویستی دەوڵەتە چاودێریکردنی ئیشوکاری ئەندامانی کۆمەڵو یارمەتیدانیان لە کاتی پێویستدا، ئاگاداربێ لە شێوەو جۆرو باری دەرامەتو بەروبووم.

ئیسلام کاتێ کە ئیشکردن بە پێویست دادەنێ، وەنەبێ بۆ ئەم پێویستییە بەیانێك دەربکاتو لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بە ئادەمیزادی بگەیەنێو بەس، وەکو یاسا دەستکردەکان پێی هەڵدەستن، ئیسلام وا ناکات، بەڵکو پاڵپێوەنەرێکی نهێنی لەناو دڵدا دروست دەکاتو هانی خەڵك دەدات بۆ ئیشکردن، ئیشکردن شیرینو پڕ لە تام دەکات، ئیشکردن بەرز دەکاتەوەو ڕێز لە ئیشکەر دەگرێتو بەرەو فیداکارییو خەریکبوونی دەبات، ئیشکردن بە هۆی ڕزگاریی جیهانو بە خواپەرستیو بە بەندایەتیکردنی خواو بە هۆی سەرفرازی هەردوو جیهانو بە دەرگای بەختیاریو کلیلی کامەرانیو ڕێگەی گەیشتن بە ڕەزامەندی خواو خۆشنوودی پێغەمبەرو موسڵمانان دادەنێ.

قورئان دەفەرموێت: (وَقُلِ اعْمَلُواْ فَسَيَرَى اللّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ....)[2]. واتە: ئەی پێغەمبەر بڵێ بە ئادەمیزادەکان: ئیشوکار بکەن، چونکە خوا شتەکان دەبینێ، هەروەها پێغەمبەرو موسڵمانانیش دەیبینن. مانای ئەم بینینەش پاداشتدانەوەیە - بە چاکە یان بە خراپە -، خۆشنوودیو ڕەزامەندییە ئەگەر ئیشەکە باش بێت.

هەروەها لە سوورەتی (الجمعة)دا لە باسی نوێژکردنی ڕۆژی هەینیدا دەفەرموێت: (فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّه)[1]، واتە: لە کاتی بەپابوونی نوێژی هەینیداو کاتێ بانگدرا ئەوە بە

[1] – دەقی فەرموودەکە ئەفەرموێت (اليد العليا خير من اليد السفلى) متفق عليه (رياض الصالحين، النووي، ص١٩٢).

[2] – التوبة: ١٠٥.

PDF4Kurd

گورجی بڕۆن بۆ نوێژو زیکریو خواو واز له سهوداو مامهڵه بێنن، که نوێژهکه کراوو لێبوونهوه به خێرایی بڵاوببنهوه بهسهر زهویدا، ههوڵی دهستخستنی رزقو رۆزیو خێرو بێری خوا بدهن.[1]

سهیریکه دهفهرمووێت: ههرکه نوێژ کرا ئیتر مهوهستن، خۆتان مهخهڵافێننو وابزانن مانهوه له مزگهوتدا خێره، خێر له زهویدا بڵاوبووهتهوه، بڕۆن خێری خوا بهدهستبێنن، بێگومان خواپهرستی راستهقینه بریتییه له ههوڵدان، نهك پاڵدانهوهو تهقهتهقکردن به تهزبیحو ناوسکت له برساندا قۆڕهی بێو چاوه چاوتبێ خهڵکی خێرت پێبکهن، دیسان له ههر دوو ئایهتهکهدا خوا داخوازی ئیشکردن دهکاتو به کرداری داخوازیکردن داوامان لێدهکات که ئیش بکهین، وشهی داخوازی (واجبه)، خۆ وازهێنان له کاری پێویست دروست نییه، کهواته ئیشکردن له ئیسلامدا یهکێکه له پێویستییهکان (فهرزهکان).

پێغهمبهری مهزن ﷺ له بابهتی ئیشکردنو هاندانی موسڵمانان بۆ کارو کردهوهو خۆڕهنجاندن، بۆ رازی نهبوون به ژێردهستهییو ملکهچکردنو سواڵکردنو دهست پانکردنهوه لهمو لهو، گهلێ فهرموودهی شیرینو جوانو هاندهری فهرمووه که ههرهیکهیان یاسایهکی وردو حهکیمانهیهو ههقی موسڵمانه ههمیشه له پێش چاوی خۆیان دابنێو پهیڕهوییان بکات، بۆ نموونه چهند فهرموودهیهك دههێنمهوه:

١- فهرموویهتی: (ههرکهس له موسڵمانان به ماندوویهتی له ئیشی رهوادا شهوی کردهوه، ئهو کهسه لهگهڵ لێخۆشبوونی خوادا ئهو شهوهی بهسهرا دهڕوات)، ئهوهتا هیلاکیو ماندوویهتی له ئیشکردندای کردووه به هۆی لێخۆشبوونی خوا.[2]

٢- ههروهها فهرموویهتی: (هیچکام له ئێوه خۆراکی نهخواردووه باشتربێ لهوهی به دهستی خۆی پێکی بێنێ).[3]

٣- (پیاو ئهوه نییه تهنیا بۆ ئهم دونیایه خهریکبێ، یان ههر بۆ ئهو دونیای خهریکبێ، بهڵکو پیاو ئهوهیه بۆ ههردوو دونیا ههوڵبدات).

٤- جارێك پێغهمبهری خوا پیاوێکی بینی دهستی له ئیشکردندا ئاوسابوو، فهرمووی: ئهمه دهستێکه خواو پێغهمبهری خوا خۆشیان دهوێ، بڕوانهو بیربکهرهوه، بهو دهستانهی خهڵکی بۆ موفهڕك و پیرۆزی ماچیان ئهکهن و ئهیهێنن به سهر چاویاندا، که به زۆری سپیو نهرمهڵهو گۆشتنو ناسكو جوانن، بهوانهی نهفهرموو خواو پێغهمبهر خۆشیان دهوێ، به زۆری ئهوانه دهستی تهمهڵو بێکارن، رهنگه خۆشهویستو پیرۆز نهبن، با خهڵکیش وایان بزانن. بهڵکو پیرۆزو به فهڕ بهپێی تهرازووی ئیسلام دهستی زبری رووشاوی ئاوساوی ههتاو گهستووی ئیشکهره، پێغهمبهر ﷺ بهم دهستهی فهرموو: خواو پێغهمبهر خۆشیان دهوێ.

٥- ههروهها فهرموویهتی: (ئهوهنده ئیش بکه بۆ دونیاتو بۆ دهستخستنی ماڵو سامان، وهکو ههر بژیتو مردنت بهسهردا نهیهت، ئهوهندهش خواپهرستی بکهو بۆ ئهو دونیات کۆشش بکه، وهکو بهیانی بمریت).[4]

٦- پێغهمبهر به هاوهڵکانی فهرموو: ههموو پێغهمبهره پێشینهکان. درودی خوایان لهسهر بێت. شوانییان کردووه، یارهکانی وتیان: تۆیش ئهی پێغهمبهری خوا؟ فهرمووی: بهڵێ، مهڕم بۆ خهڵکی مهککه دهلهوهڕاند به چهند قیراتێ[5].

---

[1] – الجمعة: ١٠.

[2] – دهقی فهرموودهکه دهفهرمووێت (من أمسى كالاً ـ أي متعباً ـ من عمل يده أمسى مغفوراً له) اخرجه الطبراني في (الأوسط) لكنه ضعيف.

[3] – دهقی فهرموودهکه دهفهرمووێت: (ما أكل طعاماً قط خيراً من أن يأكل من عمل يديه) رواه البخاري (رياض الصالحين، ص١٩٥).

[4] – فيض القدير (١٢/٢)، (الفقه الاسلامي وادلته/ وهبة زحيلي (٦٣٩٩/٨).

[5] – قیرات: سکهیهکی پێش ئیسلام بوو.

PDF4Kurd

٧ – هەروەها: هیچکەس خواردنی لەوە باشتری نەخواردووە کە بە دەستی خۆی فەراهەمی هێناوە، داود پێغەمبەر لە ئیشی دەستی خۆی دەخوارد[١]، زەکەریا پێغەمبەر دارتاش بوو.

٨ – هەروەها دەیفەرموو: (ئەگەر یەکێ لە ئێوە بچێت لەو شاخە بە کۆڵی خۆی دار بهێنێ و بیفرۆشێت، خۆی و خێزانی پێ بەخێو بکات، باشترە لەوە کە دەست لە خەڵك پان بکاتەوەو وسواڵ بکات، بیدەنێ یان نەیدەنێ).[٢]

ئەبو بەشیر قەبیسەی کوڕی مەخارق ئەڵێ: "پارەی خوێن و رێکخستنی دوو تیرەی دوژمنم هێنابووە سەر خۆم (لە ناو عەرەبەکانی ئەو دەمەدا باوبوو لە کاتی رێکخستنەوەی دوو تیرەی ناکۆکدا کەسێك هەڵئەسا و دەیگوت: من پارەی خوێنەکە دەگرمە ئەستۆی خۆم، بەم کارەیان دەگوت: (حماله) دوایی دەگەڕاو کۆی دەکردەوە)، چوومە خزمەتی پێغەمبەرو داوای یارمەتیم لێکرد بۆ (حماله)کەم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: قەبیسە بزانە داوای یارمەتی لە خەڵك کردن رەوا نییە بۆ سێ کەس نەبێ... پیاوێ (حماله)ی کردبێ بۆی رەوایە بگەڕێ و داوابکات تا تەواوی دەکات، ئیتر واز لە داواکردن بهێنێ، پیاوێ لە ماڵ و سامانیا تووشی کارەسات و زیان بووبێ، بۆی دروستە داوابکات تا بەشی ژیان دەست خۆی دەخات، پیاوێ هەژار بکەوێ و نابووت ببێ، بە رادەیەك سێ کەس لە خزمی خۆی بڵێن: بەڕاستی هەژار بووە، ئەمیش بۆی هەیە بەشی ژیان پەیدابکات، بێجگە لەمانە ئەی قەبیسە سواڵکردن حەرامەو سواڵکەرەکە بە حەرامی و ناڕەوایی دەیخوات.[٣]

١٠ – هەروەها دەیفەرموو: دەستی ژوورو. پارەدەر. چاکترە لە دەستی خواروو – وەرگر –، لە بەخشین و ماڵ بەختکردندا لەوانەوە دەست پێبکە کە نان و ژیان و نەفەقەیان لەسەرتە، باشترین خێرو بەخشین ئەوەیە لەسەر بوون بکرێت، هەرکەس خۆی بە خاوێن دابنێ – واتە لەو ئاستەدا نەگرێت خەڵك سواڵی بدەنێ و بەسەر خەڵکەوە بژی – خوا خاوێنی دەکات، هەرکەس خۆی بە دەوڵەمەند بگرێ، خوا ئیحتیاجی لادەبات).[٤]

١١ – هەروەها دەیفەرموو: هەرکەسێ لەسەر سواڵکردن بڕواو بیکات بە پیشەو بە سواڵ مندال بەخێوبکات، کاتێ کە بە خزمەتی خوا بگات. لە رۆژی دواییدا. گۆشت بە رووومەتییەوە نامێنێ.[٥]

١٢ – دەیفەرموو: خوا ئادەمیزادی بێ ئیشوکاری خۆش ناوێ، کەستان بێ ئیشوکار دانەنیشێ، هەوڵی دەستخستنی ماڵ و رزق و رۆزی بدەن، خۆ ئێوە دەزانن ئاسمان زێڕو زیو نابارێنێ.

## ئیشکردن بەندایەتی و خواپەرستییە

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئیشکردن بە گرنگ دەگرێ و پلەو پایەی بە رادەیەکی ئەوتۆ بەرزدەکاتەوە کە لە ریزی جیهادو تێکۆشان لە رێگەی خواداو بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام دایدەنێت، یان بە گەورەتر لەوەش سەیری دەکات، چونکە بێگومان ئیشکردن تاقە رێگایە بۆ بەخێوکردنی ئیشکەرو خاوخێزان و دەست و پێوەندو بۆ پاراستنیان لە تیاچوون یان لە تووشی خراپەو ناڕەوایی هاتنیان، لەلایەکی ترەوە ئیشکردن هۆی دەسەڵات و توانایی موسڵمانە بۆ بەجێهێنانی خواپەرستی، بۆ پارێزگاریکردن لە قەوارەو گەورەیی وڵات و میللەت... پێغەمبەر دەیفەرموو: هەرکەس دوو کچ بەخێوبکات تا گەورە دەبن، بە جوانی پەروەردەیان بکات، لە رۆژی دواییدا کە هات من و ئەو وەکو ئەم دوو پەنجەیە پێکەوە ئەبین – پەنجەکانی بەیەکەوە لکان[٦] –. هەروەها دەیفەرموو: خوایە من

---

1 – تا ئێرە فەرموودەکە ئیمامی بوخاری ریوایەتی دەکاتو پارچەکەی تری واتە (و كان زكرا نجاراً) ئیمامی موسلیم ریوایەتی دەکات (١٦٩/٢٣٧٩).

2 – متفق علیه (ریاض الصالحین/ النووي، ص١٩٤).

3 – رواه مسلم/ ریاض الصالحین/ ص١٩٣.

4 – متفق علیه / ریاض الصالحین/ النووي ص ١٩٢.

5 – متفق علیه، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

6 – رواه مسلم/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ج١١٧.

PDF4Kurd

داگیرکردنی ماڤ دوو هەژار... هەتیوو ئافرەت، بە گوناهی گەورە دادەنێم[1]، لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: ئەوەندە گوناه بۆ گیرخواردنی پیاو بەسە کەوا خاوخێزانی خۆی بە لەناوچوون بگەیەنێ[2].

جارێکیان پیاوێکی بۆشناخو بە قەڵافەت بەلای پێغەمبەرو کۆمەڵێ لە یارەکانیدا تێپەڕی، هەندێکیان وتیان: خۆزگە ئەو قەڵافەتو توانایەی لە ڕێی خوادا بەکارئەهێنا؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر بڕوات هەوڵ بۆ منداڵی ورد بدات، ئەوە لە ڕێی خوادایە، ئەگەر کۆشش بکات لە ڕێی بەخێوکردنی دایکو باوکی پەککەوتوویدا هەر لە ڕێی خوادایە.

ئەبو داود لە بەرائەوە دەگێڕێتەوە، کۆمەڵێ لە یارەکانی پێغەمبەر لە سەفەر هاتنەوە، هەموویان باسی پیاوچاکی هاوڕێیەکیان دەکرد و دەیانگوت: تا ئێستا پیاوی وەك فلانە کەس چاکمان نەدیووە، بەردەوامو بێ وچان لەخواپەرستیدا بوو: هەر کە بەڕێوەبووینو دەڕۆیشتین بە درێژایی ڕێگا قورئانی دەخوێند، لەهەر شوێنێکدا بارمان دەخست تا بەڕێدەکەوتین هەر نوێژی دەکرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی کێ ئیشوکاری بۆ ئەکرد؟ تا فەرمووی: ئەی کێ ئاڵفو ئاوی ئەدا بە وڵاخەکەی؟ وتیان: ئێمە، فەرمووی: دە ئێوە هەمووتان لەو چاکترن.

عومەری کوڕی خەتاب – خوای لێ ڕازی بێت – لە کاتی جێنشینییەکەیدا لەناکاو چووە مزگەوت بینی کۆمەڵێ پیاو لە گۆشەیەکا خەریکی خواپەرستیو نوێژکردنن، وتی: ئەوە چی دەکەن لێرەدا؟ وتیان وازمان لە دونیا هێناوە خەریکی خواپەرستی دەبین، وتی: باشە ئەی چی دەخۆنو بەچی دەژین؟ وتیان: خوا پەك ناخات واتە بە یارمەتیو خێری موسڵمانان دەژین)، عومەر بەدار تێیانکەوتو لە مزگەوت دەریکردنو وتی: بڕۆن ئیش بکەن، هەوڵبدەن، رزقو رۆزی پەیدابکەن، ئەوەیە خواپەرستی، خۆ ئێوە دەزانن ئاسمان زێڕو زیو ناباڕێنێ.[3]

## ئیسلام پشتگیری لە کرێکار دەکات

شتێکی روونو ئاشکرایە کەوا ئیشوکارەکانی کۆمەڵ زۆربەیان بێ کرێکارو بەبێ ئیشکردن بەکرێ پێکنایەنو تەواو نابن، هەروەها لەناو کۆمەڵدا زۆر کەس هەن کە کشتوکاڵو کاروباری تریان نییە، دەبێ بە کرێکاریکردن خۆیانو خێزانیان بەخێوبکەن، جا بۆ ئەوەی خاوەن ئیش لە ئیشەکەیدا دڵنیابێت، کرێکاریش بە دڵسۆزیو بێ فرو فێڵ ئیشەکەی بکات.... ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی شیرین لایەنی کرێکار دەگرێو لادەکاتەوە بەلایەوەو داوای هەموو جۆرە هەقو مافێکی رەوای بۆ دەکات.... پێغەمبەری خوا بە دڵگەرمییەوە باسی کرێکاری دەکردو دەیفەرموو: هەرکەس بە کرێ ئیشی بۆ کردن، مەهێڵن عارەقەکەی وشك بێتەوە کرێیەکەی بدەنێ. دەیفەرموو: خوای گەورە فەرموویەتی: سێ کەس هەن لە رۆژی دواییدا من دژیانمو لە دژیان ئەدووەمو داوای تۆڵە لێسەندنیان دەکەم... پیاوێ بەمنو بەناوی منەوە شتێ بدرێتە دەستو غەدری لێبکاتو خیانەتی تێدابکات، پیاوێ ئادەمیزادێکی ئازاد بفرۆشێو نرخەکەی بخوات، پیاوێ کرێکارێ بگرێ کرێیەکەی نەداتێ[4].

کۆکردنەوەی ئەم سێ گوناهە مۆسیقایەکی بەتینی هەیەو ئەوە دەگەیەنێ کە خیانەتو غەدرکردن لەو شتەی لە زیممەی خوادایە، لەگەڵ ئادەمیزاد ئازادکردن بە بەندە و فرۆشتنی، خواردنی هەقی رەنجو ئارەقی کرێکار یەك پلەیان هەیە، لەبەر گەورەیی تاوانەکەیان خوای گەورە پارێزەری خاوەن هەقەکانەو داوای تۆڵەیان بۆ دەکات، جا ئەمە بە ئاشکرا تێمان دەگەیەنێ کە ئیسلام چەند بە گرنگ باری ئیشکەرو کرێکار دەگرێت!!!.

---

1 –رواه النسائي و اسناده جيد، هەمان سەرچاوەی پێشوو ص١١٨.

2 – رواه الحاكم و صححه و وافقه اذهبي، رياض الصالحين، ص١٢٤.

3 – عمر بن خطاب، شخصية و عصره/ الصلابي ص٢٠٤.

4 – رواه البخاري.

PDF4Kurd

**ئیسلام لەم لایەنگیری کرێکارەو لەم داوای هەقو ماف بۆکردنەدا ئاگاداری دوو لایەنی کردووە... لایەنی دەروونیو لایەنی ماددی لە ژیانی کرێکاردا، رووی دەروونییەکەی ئەوەیە کەوا کرێکارەکە تێدەگات بەگرنگ دەگیرێو سەرپەرشتی دەکرێو جێگای لە کۆمەڵدا دیارییە. رووی ماددییەکەی ئەوەیە کرێکار بە زۆری موحتاجە بە کرێیەکەیو پێویستی رۆژانەی پێیەتی بۆ خەرجکردنی لە رێی ژیانی خۆیو خێزانیدا، بە دواخستنی ئازاری پێدەگاتو ژیانی نارەحەت دەبێ، لەلایەکی ترەوە ئەم شێوەی گوێپێدانو لایەنگیرییە پاڵ بە کرێکارەوە دەنێ کە بەخۆشیو دڵسۆز ئیشەکەی بکاتو خۆی نەخلافێنێو خیانەت لەئیشەکەیدا نەکاتو بە پۆخڵیو ناتەواوی ئیشەکە نەکات، بەتایبەتی کە دەبینێ پێغەمبەر فەرموویەتی: (هەرکەس غەشو فێڵمان لێبکات لە ئێمە نییە)[1].**

**پێغەمبەری خوا لە باسی ئەوەدا کە کردەوەی چاکە هەروەکو ئەبێتە هۆی رزگاریو سەرفرازی پاشەڕۆژو دەسکەوتنی رەزامەندی خوا، هەروەها زۆرکەس لەم جیهانەشدا مرۆڤ بەهۆی کردەوەی چاکەوە لە گیروگرفتی دونیاش رزگاری دەبێت... لێرەدا داستانی سێ کەسمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چوونە ئەشکەوتێکو بەردێک بەردەرگای ئەشکەوتەکەی لێگرتن، ئەوانیش وتیان: مەگەر باسی کردەوەی چاکەو کردنی بە جێگای تکا لەلای خوای گەورە رزگارمان ببێ... یەکەمیان باسی چاکەکردنی لەگەڵ باوکو دایکیدا کرد، دووەمیان باسی خۆگرتنی لە زینا لەگەڵ ژنێکی جواندا کرد، سێیەمیان وتی: خوایە تۆ ئاگاداریت جارێکیان چەند کرێکارێکم گرتو ئیشم پێکردن، لە پاشان کرێمدا بە هەموویان، یەکێکیان نەبێ، کرێیەکەی وەرنەگرتبوو رۆیی، منیش کرێیەکەیم بۆ خستە کاسبییەوە تا سامانێکی زۆری بۆ کۆبووەوە، دوای چەند ساڵێك هاتەوە لامو داوای کرێیەکەی لێکردم. منیش پێمگوت: ئەو هەموو وشترو ولاخو مەڕو بزنو ئاژەڵەی دەیانبینی هەموو هی کرێیەکەی تۆیە، وتی: ئەی بەندەی خوا گاڵتەم پێمەکە، وتم: گاڵتەت پێناکەم. هەموویم دایەو لێی خوڕیو بردیو هیچی لێبەجێ نەهێشت. سا خوایە ئەگەر لەبەر تۆ کردوومە لەم بەردە رزگارمان بکە. بەردەکە ترازاو دەرگای ئەشکەوتەکەی بەجێهێشت و هاتنە دەرەوە.[2] بەو پێیە لە یاسای کردەوەی چاکەوە، کە یەکێ لەوان چاکەبوو لەگەڵ کرێکاردا، لەو کۆسپە رزگاریان بوو.**

**ماوەتەوە بڵێین: هەرچەندە ئیسلام نرخو کرێی کەلوپەلو کرێکاری دیاری نەکردووە و گێڕاویەتییەوە بۆ کات و چەرخو شوێن، لەگەڵ ئەوەدا کرێو مووچەی کرێکار نابێ بەجۆرێکی وابێ زیان بە کرێکار، یان بە خاوەن کارەکە بگات، بەڵکو دەبێ بەجۆرێ رێك بخرێت کە وەکو پەندێکی پێشینان دەڵێ: (نە شیش بسووتێو نە کەباب)، واتە: ئەبێ کەمو زۆری کرێی کرێکار بە پێی ئەندازەو پلەی ئیشەکە دیاری بکرێت، ئەگەر ئیشەکە هەمیشەیی، یان وەرزی بێ، ئەبێ بتوانێ بە کرێکە خاو خێزانی کرێکارەکە وەکو هاوسەرانی بژێنێو بە خێویان بکات.**

**ئیمام ئەحمەد لە مالیکی کوڕی ئەوسەوە دەگێڕێتەوە کەوا: (عومەری کوڕی خەتتاب لە بابەت (بيت المال)ەوە کە دەکاتە وەزارەتی دارایی ئەمڕۆ، سێ سوێندی دەخوارد:**

**١ – بەخوا قەسەم کەس لە کەس زیاتر بەشی بەمماڵەوە نییە، من زیاتر لە کەس بەشم پێوەی نییە.**

**٢ – بەخوا کەس نییە (لە وڵاتی ئیسلامیدا) بەشی بەم ماڵەوە نەبێ، جا هەرکەسە بەپێی ئیشو بەرهەمی، هەرکەسە بە ئەندازەی ماوەی خزمەتی، هەرکەسە بە گوێرەی ئاتاجیو پێویستیی.**

**٣ – بەخوا ئەگەر مام ئەو شوانەی لە کێوی سەنعا ئاژەڵ ئەلەوەڕێنێ لەو شوێنەی خۆیا بەشی خۆی ئەگەیەنمێ.[3]**

---

[1] – رواه مسلم (رياض الصالحين، ض٤٤٨).

[2] – متفق عليه/ رياض الصالحين، ص٣٣.

[3] – طرق تدريس الدين، عابد توفيق الهاشمي، ل٢٢٩.

PDF4Kurd

ئەبو بەقای بەغدادی زانای گەورەی ئیسلامی، لە وەڵامی کرێکارێکدا کە لە کارگەی دروستکردنی رۆن زەیتووندا ئیشی دەکردو گلەیی لەوە دەکرد کە بە کرێیەکەی ناژی، لە وەڵامدا وتی: تۆ دەتوانیت ئەوەندە کرێ وەربگریت کە لەگەڵ ئیشەکەتا رێکبێت، ئەگەر کارگەکە هی خۆت بووایە، خاوەنەکەشی ئەوەندەی کرێی کارگەکەی بۆ هەیە ئەگەر بیدایە بە کرێ، بێجگە لەوەیش هەقی پاداشی هەیە بە گوێرەی هەوڵدانو سەرپەرشتیکردنو بەرێوەبردنی کارگەکە، لەگەڵ هەقی ئامێرو کەلوپەلەکانی، جا ئەگەر نەتتوانی بەو کرێیە خۆتو خێزانت بەخێوبکەی هەقت هەیە لەسەر دەوڵەت کە ناتەواویت بۆ تەواو بکات، لە خانوو خواردنو بەرگو کاڵاو نوێن، وەکو هاوسەرانت[1] جا بەپێی یاسا گشتییەکانی ئیسلامو بە گوێرەی ئەمانەی پێشەوە، پێویستە لەسەر دەوڵەت کە نوێنەری کۆمەڵە، ئیشوکاری کرێکارو ئیشکەران لەبەر رۆشنایی ئیسلامدا رێك بخات، هەرکەسە لە کاتی خۆیا کریو مووچەیەکی وای بدرێتێ کە لەگەڵ ئیشەکەیدا رێك بێت، دەبێ فێڵو غەشو خیانەت لە کەس نەکرێتو ماف کەس پێشێل نەکرێت، ئەگەر یەکێ بەو کرێیە نەژیا، یان کارەساتێکی بەسەردا هات ئەو کەسە دەبێ لەریزی هەژارو کەمدەستان دابنرێ، لە (بيت المال) واتە: لە بوودجەو خەزێنەی دەوڵەت ئەو کەموکورییەی بۆ تەواو بکرێت، ئەمە پێویستی سەرشانی دەوڵەتە، جا ئەگەر رێکخراوو نەقابەکان بە راستیو بە ئەمینی ئەم دەورەیان بینیو هەرکەسەیان لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دانا، ئەوا خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بە گەلو وڵات کردووە کە ئیسلام داخوازی بۆ ئەکاتو جێگای خۆشنوودی خوای گەورە دەبن.

## پیشەگەری جێگای شانازییە

ئایینی ئیسلام دەچێ بەگژ ئەو باوو پێوەرەی کۆمەڵدا کە هەندێ ئیش، یان هەندێ پیشەسازی بە سووكو بە نەنگو شوورەیی دائەنێ، موسڵمانان تێدەگەیەنێ کە گەورەییو سەربەرزیو شانازی لەوەدایە موسڵمان بە ئیشکردن هەر جۆرە ئیشێك بێ، بەمەرجێ حەڵاڵو رەوابێو دەستدرێژی بۆ سەر بەرژەوەندی کۆمەڵو هیچکەس لە ئەندامانی کۆمەڵ نەبێ، ماف کەس داگیر نەکات، نەنگیو شوورەیی لەوەدا دەبینێ کە مرۆڤ بە تەمەڵیو سستیو بێکارەیی دانیشێو ببێتە بار بەسەر کۆمەڵەوەو خەڵکی بیژێنن، یا بەهەر ناوێکەوەبێ، یان خەڵکی لە هەر پلەیەکدا دایان نابێت!

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (ئەگەر یەکێ لە ئێوە گوریسەکەی بدات بە شانیداو بە کۆمەڵ دار بێنێو بیفرۆشێ، بەهۆی ئەوەوە خوا بیژێنێ، باشترە لەوە سواڵ لە خەڵکی بکات، بیدەنێ یان نەیدەنێ)[2].

هەروەها دەیفەرموو: خوا بەندەی موسڵمانی خاوەن پیشەی خۆشدەوێ[3]، سەیریکە ئەفەرموێ: خاوەن پیشە، ئیتر هەر پیشەیەکی رەوابێت....

کەواتە بۆ موسڵمان رەوایە، بەڵکو پێویستیو شانازیو سەربەرزییە ئیشکردن، خۆرەنجاندن، خۆ بەخێوکردن، نانو ژیان دەست خۆخستن، لە رێگەی کشتوکاڵ، یان سەوداو بازرگانی، یان پیشەسازی، یان فەرمانگوزاری، یان هەر ئیشێکی تر بەمەرجێ ئیشەکە رەوابێو سەرنەکێشێ بۆ نارەواییو لە رێگایدا تووشی نارەوایی نەبێت، ئەو ئیشەی ئەم مەرجانەی تێدا بێتەجێ بەندایەتیو خواپەرستییەو ئیشکەرەکە پاداشتی گەورەی ئەدرێتێ لەلایەن خوای گەورەوە.

---

[1] – الثائر الأحمر. أحمد على باكثير، ل١٢٩–١٣٠.

[2] – متفق عليه/ رياض الصالحين، ص١٩٤.

[3] – دەقی فەرموودەکە دەفەرمووێت (ان الله يحب العبد المحترف) رواه الترمذي و الطبراني و البيهقي و هو ضعيف، الفقه الاسلامي و ادلته (٧/٤٩٨٦).

PDF4Kurd

**کشتوکاڵ ( جوتیاری )**

مەبەستمان بە کشتوکاڵ هەموو جۆرە بەروبوومو دەرامەتێکە کە جوتیارەکان لە زەوی و زارو لە رووەکەکان وەری دەگرن، ئیتر دەغڵو دان، یان بەرو میوە، یان سەوزەبێ.

قورئانی پیرۆز لە شوێنی منەتنان بەسەر ئادەمیزادداو لە باسی نازو نیعمەتە فراوانەکانی خوادا کە بەخشیونی بە ئادەمیزاد، لە گەلێ لە ئایەتەکانیدا باسی ئەو بنچینەو بنەمایانەمان بۆ دەکات کە بۆ کشتوکاڵ پێویستن.....

وەکو خاکی بەپیتو ئامادە، یان ژێرباركردنی زەوی بۆ رواندنو پێگەیاندنی رووەكو شینایی، یا گێڕانو سووڕانی باو هەواو رێژاندنی ئاوو بەفرو باران، هەڵقولاندنی کانیو کارێزەکان، یان تیشكو رووناکیو گەرمای خۆرو رووناکیو هەڵکێشو داکێشی مانگ، یان موتوربەکردنی رووەك بەهۆی باوە، ئینجا سەوزکردنو پێگەیاندنو پاراستنی بەوبوومو میوە.... هتد.

ئەمانە بە شێوەیەکن کە کەم سوورەتی قورئان هەیە لەم بابەتەی تیانەبێت. ئەمانە سەرنجمان رادەکێشن بۆ ئەوە پێویستی سەرشانی ئادەمیزاد هەڵبسێت بە بەکارهێنانی ئەم نیعمەتانەی خوا، بۆ ئەوەی ژیان بە کۆمەڵ لەسەر ئەمانە پێکبێت، کەواتە هەستان بە کاری جوتیاری پێویستی ئیسلامی (فرضي كفاية)یەو پێویستە بەشێك تەرخان بکرێ بۆ ئەم کارە، ئەگینا هەموو کۆمەڵ گوناهبار دەبن. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (هەر موسڵمانێك درەختێ بروێنێ، یان کشتوکاڵێ بچێنێ، دوایی باڵندەیەك، چوارپێیەك یان ئادەمیزادێك لێی بخوات، خێرو صەدەقەی بۆ ئەوە)[1]. (هەر موسڵمانێ شتێکی رواند هەرچی لێی بخورێت، خێرە، هەرچی لێبدزرێت، هەرچی لەناو بچێ هەر خێرە)[2]. ئەمە بە ئاشکرا تێمان دەگەیەنێ کە خێرو صەدەقەی رووەك بۆ روێنەرەو بۆ ئەوەیە خزمەتو سەرپەرشتی ئەکات، هەتا بمێنێو لێی بخورێتو کەڵکی لێوەربگرێت، با روێنەر نەمێنێ، یان لە موڵکی ئەو دەربچێت.

جارێکیان پێغەمبەر بەیارەکانی فەرموو: (ئەگەر خەریکبوو دونیا ئاخر ئەبوو یەکێك لە ئێوە نەمامە درەختێکی بە دەستەوە بوو، ئەگەر ئەوەندە ماوەی هەبوو کە تێیدا بروێنێ، با بیروێنێ، چونکە لە هەموو رواندنێکا خێرو چاکە هەیە).

پیاوێك بەلای (ئەبو دەردائی) یاری پێغەمبەردا تێپەڕی بینی خەریکە گوێز دەنێژێ، وتی: ئەوە گوێز دەنێژی خۆ گوێز بە چەند ساڵ دێتەبەرو تۆیش پیاوێکی پیری؟! وتی جا قەیدی چی ئەکات ئەگەر خەڵکی لە بەرەکەی بخواتو پاداشتو خێری بۆ من بێ؟!.

پیاوێك گێڕایەوە وتی: بەگوێی خۆم بیستم پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "هەرکەس درەختێ بروێنێو سەرپەرشتی بکات تا پێدەگات، بەرو میوەکەی دەست هەرکەس بکەوێت خێرو پاداشتی لای خوا بۆ ئەوە" .

چەند جوانە ئەگەر موسڵمانێ ئەم ئامۆژگاریو مژدەو بەڵێنانە لەبەر چاوی خۆی دابنێ، بەپێی توانای خەریکی رواندنو سەوزکردن بێ، تا بۆی بکرێ شت نەبڕێو شت وشك نەکاتو وێرانکەر نەبێ، بۆ سوودێکی کاتی درەختی بەردار لەناو نەباتو خێری خێرەوەمەندان نەبڕێت.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین: هەر گیاو رووەکێ کە ئیسلام بەکارهێنانی بە حەرامو ناڕەوا دانابێت، ئەوە رواندنو پەروەردەکردنی حەرامو گوناهەو نابێ موسڵمان نزیکی بێتەوە بە هیچ کلۆجێ، وەکو تلیاكو حەشیشەو هەرچی تر لەم بابەتە بێت، بەوە رزگاری نابێتو رێگەی نادرێ کە بە خەیاڵی کافرو بێ ئایینەوە بیکات.

**پیشەسازی**

[1] – متفق عليه/ رياض الصالحين، ص٧٦.

[2] – متفق عليه/ رياض الصالحين، ص٧٦.

PDF4Kurd

پرۆژەی خێزانو پرۆژەی کۆمەڵو ژیان، پرۆژەیەکی گەورەو فراوانە، پێویستی بە گەلێ کارگەو پرۆژەی تر هەیە، کە هەر کام لەوانە نەبێ، یان ناتەواو بێت ژیان پێکنایەت، یان ناڕەحەتو پڕ لە چەرمەسەری دەبێت، بۆیە زانایانی ئیسلا م لە کۆنەوە رایان وابووە: هەموو جۆرێکی پیشەسازی بەگشتی پێویستییەکی کۆمەلاّیەتی (فرض کیفایة)یە واتە: بە نەکردنی هەرکام لەکۆمەڵ هەمووی گوناهبارو بەرپرسیارە، ئەگەر هەندێك پێی هەڵسان گوناهەکە لەسەر هەمووان لادەچێت.

کەواتە پێویستە کۆمەڵ لەناو خۆیا دابەش ببن، هەر بەشەیان ئیشێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هیچ ئیش یان پیشەیەك بێ ئیشکەر نەمێنێتەوە، ئینجا بە هەموویان ژیانی کۆمەڵ پێکبێننو قەوارەو گەورەیی ولاّتو میللەت بپارێزنو نەهێڵن تای تەرازووی لە هیچ روو گۆشەیەکەوە لارەسەنگ یان لەقو لۆق بێ، ئەگەر بەپێی سروشت خۆیان ئەم دابەشەیان نەکرد دەبێ دەوڵەت دەست بخاتە ئیشەکەوەو هەموو گۆشەو کەنارەکانی پڕ بکاتەوە.
پیشەسازی گرنگەو هۆی بەرزبوونەوەی ولاّت و حەوانەوەی کۆمەڵە، کۆمەڵ هەروەك پێویستی بە کشتوکاڵ هەیە، هەروەها پێویستی بە ئاژەڵ بەخێوکردن هەیەو هەموو جۆرەکانی پیشەسازی هەر لە پێلاّو دورین و رستنو چنین و دارتاش هەتا دەگاتە کارگەو پیشەسازیە گەورەکان، ئەوانە هەمووی فەرزی کیفایەیەو دەبێ بکرێ.

ئیمامی غەزالی – رەحمەتی خوای لەسەر بێت – دەفەرمووێت: "فەرزی کیفایە بریتییە لەو زانیاریو (ئیشو کارانە)ی بۆ بەجێهێنانی ئیشوکاری جیهان پێویستن، وەکو پزیشکی کە پێویستە بۆ مانەوەی لەشساغی، یان حساب کە پێویستە بۆ سەوداو مامەڵەو بۆ دابەشکردنی کەلەپوورو وەسێتی، گەلێ شتی تر، ئەمانە ئەگەر لە ولاّتدا کەس فێریان نەبێو پێیان هەڵنەسێ کۆمەڵ هەمووی گوناهبار دەبێ، ئەگەر هەندێ فێریان بوونو پێیا ن هەڵسان ئیتر بەرپرسیاری لەسەر ئەوانی تر نامێنێ. کەس سەری سوڕنەمێنێ کە دەڵێین: زانینی زانیاری پزیشکیو بیرکاری فەرزی کیفایەن وەکو جوتیاریو چنینو رستنو رامیاری بەڵکو کەڵەشاخگرتنو بەرگدوورییو .... هتد فەرزی کیفایەن، چونکە ئەگەر لە شارێکدا کەڵەشاخگرێ نەبێ خەڵکی تووشی لەناوچوون دێن، خۆ ئەوەی دەرد دەنێرێ دەرمانی بۆ داناوە، رابەری کردووین بۆ بەکارهێنانی، هۆیەکانی بۆ ئامادەکردووە، دروستنییە بۆ ئادەمیزاد خۆ لەناوبردنو گوێنەدان بە دەرمانو بەهۆی چاکبوونەوە".[١]

پێویستە لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان خۆیان فێری هەموو ئیشوکارو هەموو پیشەسازییەك بکەن، لە دروستکردنی دەرزیو دەزووەوە تا ئەگاتە دروستکردنی چەکی ئەتۆم، ئەبێ دەوڵەت رێگا بۆ ئەمانە خۆش بکات و هۆو پێویستییەکانیان بۆ جێبەجێ بکاتو هانی کۆمەڵ بدات بۆ فێربوونی هەموو جۆرە کارو پیشەیەك، تا وای لێدێت کۆمەڵ بتوانێت خۆی بژێنیو پێویستی بە شتومەكو پیشەسازی بێگانە نەبێ، دەرامەتی ولاّت نەچێتە گیرفانی خەڵکەوەو کەس بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیەوە دەست نەخاتە کاروباری ولاّتمانەوەو دوژمن نەتوانێ پەلاماری ولاّتمان بدات، یان بیر لە داگیرکردنی بکاتەوە. قورئانی پیرۆز ئەفەرموێت: (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم)[٢] واتە: هەرچەند لە تواناتاندا هەیە لە هێزو دەسەلاّت ئامادەی بکەن بۆ دوژمنەکانتان....

بەمباسە تێگەیشتین کەوا پیشەسازی – هەر جۆرێ بێت – بە مەرجێ گوناهو ناڕەوا نەبێت، پیرۆزەو جێگای شانازییە، کەواتە نابێ کەس بە چاوی سووك سەیری هیچ پیشەسازییەك بکات، خۆ لە پێشەوە زانیمان پێغەمبەری خۆمانو پێغەمبەرە پێشینەکان شوانییان کردووە، داود پێغەمبەر ئاسنگەر بووە، ئادەم جوتیار بوو، ئیدریس بەرگدروو بوو.[٣]

[1] – إحياء علوم الدين / ج١، ل١٥.
[2] – الأنفال: ٦٠.
[3] – الحلال والحرام في الإسلام، ل١١٢.

PDF4Kurd

**بازرگانی ( تجارة)**

مەستمان لە بازرگانی هەموو جۆرە کڕین و فرۆشتن و سەوداو مامەڵەیەکە، ئاشکرایە لە کۆمەڵدا کەس نییە پێویستی بە کڕین و فرۆشتن نەبێت، هەر بۆیە پیشەی بازرگانی پیشەیەکی بەربڵاوەو پەیوەندی بە هەموو کەس و هەموو رووبەکی ژیانەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئایینی ئیسلام لە قورئان و فەرموودەدا بانگی خەڵکی بۆ دەکات، گەلێ یاساو نەریتی رێکوپێك و گەلێ رەوێڵ و شێوازی بۆ داناوە، رێو شوێنەکانی دیاری کردووە، پەنجەی بۆ خاڵە گرنگەکانی راکێشاوە، نهێنییەکانی روونکردووەتەوەو مژدەو بەڵێنی گەورە گەورەی داوە بەو بازرگانانەی بە ئەمینی و پوختی پێیهەڵدەستن، هەڕەشەی سەختی کردووە لەوانەی کە غەش و فێڵ و خیانەت و ناڕاستی تیادەکەن.

پێغەمبەری مەزن ﷺ دەیفەرموو: (بازرگانیی راستگۆو ئەمین لە رۆژی رستاخێزدا لەگەڵ پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیداندا دەبێت)[1]. (بازرگانەکان لە رۆژی دوایدا لە ریزی پیاوخراپاندا دائەنرێن، تەنیا ئەوانەیان نەبێت کە لەخواترس و راست و چاکەکارن). (سێ کەس هەن لە رۆژی رستاخێزدا خوا بۆیان ناڕوانێ و لایان لێناکاتەوە و پاکیان ناکاتەوە...... ئەو بازرگانەی بە سوێندی درۆ کەلوپەلەکەی ساغ دەکاتەوە).

**فەرمانبەری (وظیفة)**

مەبەستمان لە فەرمانبەری ئەو ئیشوکارەیە کە مووچەی دیاریان هەیە. بۆ موسڵمان رەوایە دەستخۆخستنی رزق و رۆزی لە رێگای فەرمانبەرییەوە سەر بە دەوڵەت بێت یان نا، بەمەرجێ ئیشەکە حەڵاڵ و رەوا بێت و بتوانێ بە باشی بەجێی بێنێ، بۆ کەس رەوانییە خۆی دابنێ بۆ ئیشێ کە لێی نەزانێت، یان لێی نەیەت و نەتوانێ بیبات بەڕێوە.

ئەبو زەڕی غەففاری دەڵێ: داوامکرد لە پێغەمبەر کە لەسەر ئیشێ دامەزرێنێ، ئەویش دەستی دا بەشانمدا و فەرمووی: (ئەبو زەڕ تۆ لاوازی و ئیشیش ئەمانەتە، مایەی پەشیمانی و ریسوایی قیامەتە، تەنیا بۆ یەکێ نەبێت کە هەقی خۆی بداتێ و بە باشی بەجێی بێنێ)[2].

هەروەها دەیفەرموو: دادگەرەکان دەبن بە سێ بەشەوە: یەکێکیان لە بەهەشتایەو دووبەشیان لە ئاگردایە، ئەوەیان کە لە بەهەشتایە پیاوێکە دەزانێ هەق و راستی کامەیەو فەرمانی پێدەدا، ئەوەی بزانێ هەق کامەیەو فەرمانی پێدەدا لە ئاگردایە، ئەوەی بەبێ زانین فەرمان بدات لە ئاگردایە.

بە شێوەیەکی گشتی دروستە بۆ موسڵمان نان و ژیان و ئازووخە پەیدابکات لە هەر رێگەیەکەوەبێت، بەڵام بە مەرجێ ئیشەکە حەڵاڵ بێ و ئیسلام بە رەوای دابنێت، نەك خۆی ناڕەوا بێ، یان سەربکێشێ بۆ شتی گوناهو ناڕەوایی، پێغەمبەری خوا نەفرینی کردووە لە نووسەری سوو (ریبا) و لە شایەتەکانی، هەروەکو سووخۆرەکان، نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە تریێ دەگوشێ بۆ (مەی) دروستکردن، لەوەی پیاڵە گێڕە، هەروەکو مەیخۆرەکان.

دیسان دەبێ ئیشکەر لە ئیشەکەیدا زیان بە کەس نەگەیەنێ و غەش و فێڵ و خیانەت و خەڵەتاندن و چاوبەستی تیا نەبێ، دەبێ ئیشەکەی رێگەی خواپەرستی لێ نەگرێ و تووشی خراپەی نەکات.

**ئیسلام ئیشی پاك و چاکی دەوێ**

پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لە باسی ئیشکردندا دەیفەرموو: (خوا پێی خۆشە کە هەرکام لە ئێوە ئیشێکی کرد بە چاکی و پاکی و پوختی بیکات)[3].

[1] – رواه الترمذي/ و قال حديث حسن (الفقه الاسلامي و أدلته/ (٥/٣٣٠٦).

[2] – رواه مسلم، رياض الصالحين، ص٢٢٦.

[3] – دەقی فەرموودەکە دەفەرمووێت (ان الله يحب اذا احد عملكم ان يتقنه) أخرجه البيهقي، الفقه الاسلامي و أدلته (٥٠١١/٧).

PDF4Kurd

بەڵێ، ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاکەو شتی پاکی دەوێت، چاکەو شتی چاکی دەوێت، پووختەو پاکیزەیەو شتی پیس و پۆخڵ و گەندەڵی ناوێت، ئەوەتا ئەم فەرموودەیە هانمان دەدا کە هەرکام لە ئێمەی موسڵمان هەر ئیشێکی بە دەستەوە بوو، یان هەر کارێکی پێ سپێردرابوو، بە جوانی و بە تەواوی و بە چاکی و پوختی بیکات، سستی و تەمەڵی و کەمتەرخەمی، یان فێڵ و غەش و خیانەتی تیانەکات، خۆ دەبێت موسڵمان باوەڕی پتەوو خۆشەویستی خوا لە دڵیا جێگیربێ، باوەڕێك کە هەمیشە پاڵی پێوە بنێ بۆ هەستان بە کردەوەی چاکە، ئەو کردەوەیەی کە خوا پێی خۆشە، دەبێت بپارێزێ لەو شتانەی خوا لێیان نارازییەو پێی ناخۆشن، ئەم حاڵەی موسڵمان پێی ئەڵێن (تەقوا)، واتە: خۆپاراستن لە رق و خەشمی خواو هەستان بەو شتانەی کە خوا پێی خۆشە.

جا ئەگەر موسڵمانان ئەم فەرموودەیە لە پێش چاو دابنێن و بەپێی ئامۆژگارییەکەی بجووڵێنەوە، سەرکەوتوو بەختیارو سەرفراز دەبن، خاوەنی رۆژی گوشادو نیعمەتی فراوان و کۆمەڵێکی پڕ لە متمانەو ئاسوودەیی و دڵنیایی و بەیەکەوە گونجاو بۆ خۆیان دروست دەکەن، بێگومان خۆشنوودی و رەزامەندی خوایان لەگەڵدا دەبێت، کە ئەمیش گەورەترین دەسکەوتە.

جا ئەگەر جوتیارەکانمان بە دڵسۆزی کشتوکاڵ بەرهەم بێنن، بە پوختی و پاکی بیخەنە بەردەستی کۆمەڵەوە، غەش و فێڵ و چاوبەست و خەڵەتاندنی تێدا نەکەن، خۆیان سوودمەندو بەهرەوەر دەبن، کڕیاریش دڵخۆش و شادومان دەکەن، پلەی ئابووری وڵات بەرزدەکەنەوە .

هەروەها بازرگان و وەستا و کرێکارو خاوەنی کارگەو پیشەسازییەکانمان.

ئەگەر مامۆستایان لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆو دواتریش بە دڵسۆزی و گورج و گۆڵییەوە بجووڵێنەوە، لە فێرکردن و پەروەردەکردن و راهێنانی قوتابی و خوێندکارەکانماندا، کەمتەرخەمی و سستی تێدا نەکەن و خۆیان ماندوو بکەن بە گوێرەی ئارەزووو پسپۆڕی و لێهاتوویی وانەکان هەڵبژێرن و بیانگەیەننە مێشکی قوتابی، ئەوە پلەی زانیاری و راژەی رەوشت جوانی لە وڵاتەکەماندا بەرز دەبێتەوە، کۆمەڵمان دەڕازێتەوە بە زانیاری و رەوشتی شیرین، ئەگەر فەرمانبەرەکانمان بە دڵسۆزی و هەستکردن بە لێپرسینەوەوە ئیشوکارەکانی کۆمەڵ بەجێبێنن، بە یەك چاو سەیری ئەندامانی کۆمەڵگە بکەن، جیاوازی نەکەن، ئیشوکاری خەڵکی راپەڕێنن، تەمەڵی و بێتاقەتی بە کارنەبەن، بەرتیل و واسیتە و دزی و شاردنەوەو زوڵم و زۆرو ناهەقی نەکەن، ئەوە سروشتییە کە متمانەو هێمنی و ئاسایش و خۆشەویستی و پێشکەوتن و کامەرانی و بەختیاری دەبێتە کاڵای باڵای کۆمەڵگەکەمان، هەرکەسە لە ئاستی خۆیەوە هەست بە خۆشی و شادی و دڵنیایی دەکات، خوای گەورەش باڵی سۆزو رەحمەتمان بەسەرا رادەکێشیّ و خۆشی هەردو دونیامان پێ دەبەخشێت.

## ئیسلام بەرنامەی هەردوو دونیایە

لە پێشەوە زانیمان کە خوا مرۆڤی کردووە بە گەورە و جێنشین لەسەر زەویدا، هەموو شتەکانی بوونەوەری بۆ ملکەچ و ژێربار کردووە، ئیسلامی ناردووە تا ئادەمیزاد بیکات بە بەرنامەی خۆی، بەپێی یاساکانی ئیسلام کاروبارەکانی خۆیان بەجێبێنن و ئیشوکارەکانی بوونەوەر جێبەجێبکەن، هەر کەسێ لە رێبازی جێنشینی لانەدا و فەرمانی خوا بەجێبێنێ و شێوازو رەوێڵەکانی ئیسلام بکات بە باوی کۆمەڵ، ئەو کەسە رزگارو سەرفرازە و بە رەزامەندی خواو بەهەشتی بەرین شاد دەبێت.

کەواتە خوا لە ئیسلامدا داوای ئەوەمان لێدەکات کە هەستین بە کاروباری جێنشینی، واتە بە ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە گوێرەی بەرنامەو یاساکانی ئیسلام، دەبێ ئەوەش لە بەرچاوی خۆمان دابنێین کە ئەم دونیا شیرینە پڕ لە برق و باقە قۆناغە، مرۆڤەکان جێیدەهێڵن، ماڵ و نیشتەجێی هەتا هەتایی دونیایەکی ترە، کە بە مردن دەرگای

PDF4Kurd

لەسەر دەكرێتەوە، كەواتە وەكو ئیمامی غەزالی لە كتێبی (إحياء علوم الدين)دا دەڵێت: "ئەگەر كەسێ دوو ماڵ و دوو حاڵی ببێ، راست نییە داوای لێبكرێت واز لە یەكێكیان بێنێ و تەنیا بەوی تریانەوە خەریك ببێ و ئاوەدانی بكاتەوە، وەكو لە پێشەوە فەرموودەیەكمان هێنا كە پیاو ئەوەیە هەوڵ و تێكۆشان بۆ هەردوو دونیا بدات، لە پێشەوە زانیمان ئیشوكاری حەڵاڵ بەندایەتیكردنی خواو خواپەرستییە.

لەمانەوە بە رۆشنی دەردەكەوێت: ئەوانەی لە دژی ئەم دونیایە دەدوێن و داوا لە مرۆڤ دەكەن بە تەمەڵی و بێكاری دابنیشێ و پشت بە خوا ببەستێ و بەس، گوایا موسڵمان هەمیشە دەبێ لە گۆشەو كەنارا بە چڵكنی و كوڵكنی و تۆزو خۆڵەوەو بە مووگرژی وەكو دێوو درنج و ئەڕنەمووك بژی، گوایا ئەمە (تَوَكُل) پشت بەخوا بەستنەو ئەمە باوەڕی راستەقینەو ئیسلامەتی تەواوە، ئەوانە زۆر هەڵەو دوور لە راستی و دوور لە ئیسلامەتین، ئەوانە لە دونیاو لە پشت بەخوا بەستن (تَوَكُل)و لە واز لەدونیاهێنان (زوهد)و لە سروشتی خاوێنی ئیسلام تێنەگەیشتوون.

دەگێڕنەوە جارێك پیاوێك لە شاخێكدا لەناو دەوەنێكدا رێوییەكی كوێری چوارپەل قرتاو دەبینێ قەڵەوو تێر گۆشتە، ئەویش سەری لەوە سووڕدەمێنێ كە خواردنی چۆن دەست دەكەوێ و چۆن وا قەڵەوە! دەیەوێ لەم نهێنییە تێبگات، بۆیە لە نزیكییەوە خۆی دەشارێتەوە، دوای ماوەیەك دەبینێ شێرێك بە نێچیرێكەوە دێت و هەندێكی لێدەخوات و ئەوی تری بۆ رێوییەكە بەجێدێڵێ، ئەمیش لە دڵی خۆیدا دەڵێ: "راستە رزق و رۆزی بە دەست خوایەو خوا رزقی هەموو شتێك دەدات"، بڕیار دەدات كە ئیتر خۆی نەڕەنجێنێ و بچێتە گۆشەیەكەوە تا ماوە هەر بەخواپەرستییەوە خەریك ببێ، بێگومان لە دڵیدا بە تەمای ئەوە دەبێ لە نهێنییەوە سینی و خوانی بۆ بچێت، چەند رۆژێك بە برسی دەمێنێتەوەو هیچی بۆ ناچێت، بەڵام دەنگێكی نهێنی دەبیستێ: هەستە برۆ ئیش بكەو شێر بەو رێوی داماو بەخێو بكەو خۆت مەكە بە رێوی كوێری بێ دەست و قاچ، ئەم داستانە راستە یان ئەفسانەیە، هەرچۆنێ بێ ئامۆژگارییەكی جوانی پڕ لە حیكمەتی تیایە، ئادەمیزاد لە ژیانیدا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات خۆی و خێزانی بەخێو بكات، یارمەتی داماوو لێقەوماو بدات، شێر بێ و خەڵك بژێنێ نەك وەكو هەندێ خەڵك لە سێبەرا بە بێكاری دابنیشێ، خەڵكی رەنج بكێشێ و عەرەق بڕێژێ ئەم بە رەحەتی بەری رەنجەكەی بخوات. وەكو رێوییە كوێرەكە وابێ، هەر ناوو هەر نیشانێكی هەبێ.

ئەو ئایەت و فەرموودانەی لە دژی دونیا دەدوێن و خەڵكی لێ ئەترسێنن و بە دژایەتی ئەو دونیای دادەنێن، مەبەستیان دونیایە كە مرۆڤ چوار چنۆڵەی بەسەردا بداو دڵ و دەروونی بە تەواوی پێوەی بەسترابێ، جێگەی خواو خۆشەویستی خواو ترسی خوا لەناو دڵیا نەمێنێ، دونیایەكە مرۆڤ لە رێیدا تووشی كوفرو بێدینی و گوناهو خراپە ببێ، دونیایەكە لەناو دڵی مرۆڤدا بێ نەك لە دەستیا، دونیایەكە مرۆڤ بە جێگای هەتا هەتایی سەیری بكات نەك بە قۆناغ و كێڵگەی كشتوكاڵی ئەو دونیا، ئیسلام داوامان لێدەكات واز لەم دونیایە بهێنین و دڵی پێ خۆش نەكەین و بەو چاوەوە سەیری نەكەین، چونكە دونیای ئاوەها دوژمنی خواو (هەوێی)ی ئەو دونیایە، دونیا بەو پێیە دەبێتە بت و هاوەڵی خوا، ئەوانەی تیایدا گوم دەبن بتپەرستن و هاوەڵیان بۆ خوا داناوە، بۆیە پێغەمبەر دەیفەرموو: (داماوی بۆ بەندەی دینارو بۆ بەندەی درهەم و بۆ بەندەی كوتاڵ و كەلوپەل...)[1]، شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە ئامۆژگاریەكیدا دەیفەرموو: (تۆ پشتت بەستووە بە خۆت و بە دینارو درهەمەكەتەوەو بە كڕین و فرۆشتنەكەتەوە.. پشتت بە هەرچی بەست ئەوە كردووتە بە خوای خۆت، لە هەرچی بترسی و بە تەمای هەركەس بی ئەوە خواتە، وابزانی هەركەس قازانجت پێدەگەیەنێت، یان تووشی زیانت دەكات، وانەزانی كە خوا لەسەر دەستی ئەو تووشت دەكات، دە ئەوە كردووتە بە خوات...)[2] بەڵام ئەگەر دونیا بە قۆناغ و بە جێگای كشتوكاڵی ئەو دونیا دابنرێت،

---

[1] – ئیمامی بوخاری ریوایەتی دەكات، ریاض الصالحین، ص١٧٥.

[2] – الفتح الرباني، المجلس العشرون، ل٧١.

PDF4Kurd

ئادەمیزاد بە شێوەیەك تیایدا بژیو هەوڵ بداتو رابوێریٚ کە زیان بە باوەڕو بە کردەوەی چاکەی نەگەیەنیٚ، دونیا لەناو مشتیدا بێت نەك دڵی، دونیا خزمەتچیی بێت نەك بتی، دونیا بەم شێوەیە باشترین شتە بۆ ئادەمیزاد، چونکە بێجگە لە ژیانو رابواردنەکەی شوێنو هۆی دەستکەوتنی رەزامەندی خواو بەهەشتی بەرینە!!!! بۆیە گەلیٚ لە ئایەتو فەرمووده هانمان دەدەن بۆ کارکردن لە دونیادا: (يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ * قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ * قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ).[1] واتە: ئەی نەوەی ئادەم بپۆشنو لەبەر خۆتانی بکەن باشترین بەرگو خشڵو بە هەموو شێوەیەکی رەوا خۆتان بڕازێننەوە، لە هەموو نوێژێك و لە هەموو مزگەوتو جێگا نوێژێکدا، لە شتی پاكو حەڵاڵ بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام لە هیچ شتێکدا زیادەڕۆیی مەکەن (نە لە خواردنو خواردنەوەداو نە لە بەرگو خۆڕازاندنەوەدا) واتە: لە سنوور دەرمەچنو مامناوەندی بن، چونکە خوا لە سنوور دەرچووانی خۆش ناوێت. ئایەتەکە بەوە وازناهێنیٚ کە بانگمان دەکات بۆ رابواردن بە شتی رەوا، بەڵکو ئەوە بە ناڕەوا دادەنیٚ کە کەسیٚ لایوابیٚ خوای گەورە شتی جوانو پاكو خۆشی حەرامکردووەو دەفەرمویٚ: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵیٚ: ئەو شتە جوانو شیرینانەی خوا دەریهێناون بۆ ئادەمیزاد و بە بەخشین داویەتی پێیان کە پێیان رابوێرنو خۆشییان لێببینن، کەواتە ئەمانە بۆ خۆشیو رابواردنی موسڵمانە، ئەگەرچی بتپەرستەکانو کافرەکانیش لەم دونیادا هاوبەشییان تێدا دەکەن، لەو دونیادا بەتایبەتی هەر بۆ موسڵمانانە، جا ئەبیٚ کیٚ ئەمەی حەرام کردبیٚ؟!! بەمپێیە شتەکان بە درێژی باس دەکەین بۆ ئەوانەی دەزانن. پێیان بڵیٚ: ئەوە خوای من بە حەرامی داناوە بریتییە لە شتی زۆر پیسو خراپ ئاشکرابیٚ یان نهێنی، گوناهو زوڵمو لە سنوور دەرچوون بە ناهەق، ئەوە کە بەبیٚ بەڵگە هاوەڵ بۆ خوا دابنیٚ، ئەوە کە بەدەم خۆتانەوە بە دەم خواوە حەڵاڵو حەرام بڵێن بیٚ ئەوەی بزانن کامە حەڵاڵەو کامە حەرامە: (وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ)[2]، واتە:: بەو ماڵو سامانەی خوا داوێتی هەوڵی رزگاربوونت بدە لە ماڵو دونیاکەی ترتا، بەشی رابواردنو خۆشی ژیانی ئەم دونیایەت لە بیر نەچێت، چاکە بکە لەگەڵ خەڵکدا وەکو خوا چاکەی لەگەڵ تۆداکردووە، هەوڵی خراپەو وێرانکردن مەدە، چونکە خوا وێرانکەرانی خۆش ناوێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (هیچ شتیٚ ماڤ بەخیلی پێبردنی نییە تەنیا دوو شت نەبیٚ... پیاویٚ خوا ماڵو سامانی بداتیٚو ئەویش زاڵ بێت بەسەریداو دەستی تێبخاتو لە رێگەی راستو خێری چاکەدا بەختی بکات، پیاویٚ خوا زانیاریو حیکمەتی بداتیٚو ئەویش بەپێی زانینەکەی بجووڵێتەوەو خەڵك فێر بکات)[3]. هەروەها دەیفەرموو: (حەز لەچی دەکەیت بیخۆو چیت پیٚ خۆشە بیپۆشە بەمەرجیٚ خۆت لە دوو شت بپارێزی... زیادەڕۆییو خۆ بەزلزانین). هەروەها: هەر کە خوا ماڵو نیعمەتی دایتیٚ یا نیشانەی ئەو نیعمەتو بەخشندەییەی خوات پێوە دیاربێت[4]. هەروەها فەرموویەتی: (چەند چاکە ماڵی چاك بۆ پیاوی چاك)[5]. پێغەمبەرانو یارە

---

1 – الأعراف: (٣١ –٣٣).

2 – القصص: ٧٧.

3 – متفق عليه/ رياض الصالحين، ص٣٨٩.

4 – رواه البخاري، دەقی فەرموودەکەش دەفەرمووێت (اذا آتاك الله مالاً فلير عليك، فأن الله يحب ان يرى أثره على عبده حسناً، ولا يحب البؤس ولا البنائوس).

5 – أخرجه أحمد و ابن منيع (الفقه الاسلامي و ادلته (٧/ ٥٠٠٥).

PDF4Kurd

گەورەکانی پێغەمبەری ئیسلامو زۆربەی پیاوچاكو ئیمامەكان ئیشوكاریان دەكردو ماڵو داراییان پەیدا دەكردو لە دونیادا بە خۆشی دەژیان، ئەوەیش لە پلەوپایەی لای خوای كەم نەدەكردنەوەو دونیاكەی تری لە كیس نەدەدان. بەڵام ئەمانە ماڵەكەیان لە دەستیاندا بوو، بەسەریدا زاڵبوون، چۆنیان بویستایە دەستیان تێدەخست، نەك دونیا لەناو دڵیاندا بێتو زاڵبێت بەسەریانداو بیانكات بە بەندەی خۆیو لە خواو لەو دونیا دووریان بخاتەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو پیاوی وەكو حەزرەتی سولەیمان، یان عەبدوڕڕەحمانی كوڕی عەوف، یان عوسمانی كوڕی عەفان، یان عومەری كوڕی عەبدولعەزیزو.........هتد بە زاهیدو دونیا نەویست دادەنران.

خاتوو عائیشە ڕەزای خوای لێبێت پیاوێكی بینی خەڵكی بەسەرشان هەڵیانگرتبوو بە دەوری كەعبەدا دەیانگێڕا، پرسی: ئەمە كێیە؟ وتیان: ئەمە پیاوێكی چاكەو ترسی خوا دڵی كون كون كردووە، واتە زاهیدە، فەرمووی: زوهد بریتییە لە خۆگرتنو عەزم ئەستووریو لێهاتن، موسڵمان بێهێز ناكات بەڵكو هێزو توانای زیاد دەكات، عومەری كوڕی خەتاب لە هەموومان زیاتر لە خوا دەترسا، كەچی دەڕۆی خێرا بوو، كە ئەدوا خەڵكی دەیان بیست، لە هەركەسی بدایە ئێشی پێدەگەیاند.[1]

لە بابەتی تەوەكولو پشت بە خوا بەستنەوە، نابێ وابزانین پشت بە خوا بەستن ئەوەیە وەكو ڕێوییەكە دابنیشینو بڵێین: پشت بە خوا دەبەستین و ڕۆزیمان بۆ دەنێرێ، نەخێر وانییە بەڵكو دەبێ هەوڵبدەین، تێبكۆشین، ئیشوكار بكەین، وابزانین كە بە هۆی ئەو ئیشوكارو فرمانەوە خوا دەمانژێنێو ڕزقو ڕۆزیمان بۆ دەنێرێ، ئەگەر خوا نەیدا ئەوانە سوود ناگەیەنن.

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو كابرا عەرەبەی وشترەكەی بەرەڵڵا كردو وتی: پشت بەخوا دەبەستم بۆی، فەرمووی: (وشترەكەت ببەستەرەوەو پشت بەخوا ببەستە)[2].

ئیمامی غەزالی لە كتێبی (إحياء علوم الدين)دا دەڵێ: (هەندێ كەس واتێدەگەن پشت بەخوا بەستن مانای وایە: بە جەستە واز لە ئیش بێنی، بە دڵ واز لە تەدبیرو ڕێكخستنی ئیشوكار بێنی، لە زەویدا وەكو پەڕۆ شڕە بكەوێ، ئەمە باوەڕی نەفامەكانە، چونكە شتی وا حەرامو ناڕەوایە، شەریعەتی ئیسلام وەسفو سەنای پشت بەخوا بەستەكانی كردووە، چۆن پلەی ئایین بە شتی حەرام دەستدەكەوێ؟!! ئاسۆی پشتبەخوابەستن لە جووڵاندنو هاتوچۆی بەندەی خوا بۆ لای مەبەستەكەیدا دەردەكەوێ).[3]

## پاكوخاوێنی[4]

ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە پاكو خاوێنی، لە دژی پیسیو پۆخڵیو چەپەڵی دوواوە، پاكوخاوێنی دڵو دەروونو مێشكو بیروباوەڕ، پاكوخاوێنی دەمو زمانو دەستو داوێن، پاكوخاوێنی خووڕەوشتو باوو پیشە، پاكوخاوێنی لەشو لارو بەرگو كاڵاو قاپو قاچاخو ماڵو حاڵو جێگاو ڕێگاو خواردنو خواردنەوە، دەستنوێژو خۆشۆرینو بە مەرجو بە پێویست دانانی پاكژی لەشو بەرگو شوێنی نوێژ گەورەترین بەڵگەیە، لە سوننەتی ئیسلامە: لە ڕۆژی هەینیو جەژنەكاندا خۆشۆرینو بەرگی پاكو خاوێن لەبەركردنو خۆ بۆنخۆشكردن، دووركەوتنەوە لە شتی بۆن ناخۆش، وەكو پیازو سیرو شتی تر، پێغەمبەر دەیفەرموو: چی ئەبێ بۆ كەسێ توانایی هەبێ بەرگی تایبەتی هەبێ بۆ ڕۆژی هەینی، جگە لە جلی ئیشكردن.[5]

1 – مجلة التربية الإسلامية: العدد الثاني عشر، السنة السابعة عشرة ل٢٠.

2 – رواه ابن حبان في صحيحه/ التفسير الميسر، (٤٧١/٢).

3 – إحياء علوم الدين، ج٤ ل٢٥٨.

4 – بۆ ئەم باسە سەیری (الحلال والحرام في الاسلام)، ل٧٠ بكە.

5 – رواه ابو داود و ابن ماجة (فقه السنة: ٢٨٢/٢).

PDF4Kurd

هەروەها دەیفەرموو: خۆتان خاوێن رابگرن چونکە ئاینی ئیسلام پاکوخاوێنە. خاوێنی سەردەکێشێ بۆ باوەڕ، باوەڕ لەگەڵ خاوەنەکەی لە بەهەشتایە.

جارێکیان پیاوێکی سەرو ریش گیڤو ئاڵۆسکاو هاتە لای پێغەمبەر، ئەویش ئاماژەیەکی بۆ کرد، . وەکو داوای پاکوخاوێنی مووەکانی لێ بکات . پیاوەکە رۆیشت مووەکانی رێکخستو هاتەوە لای، پێغەمبەر فەرمووی: ئایا ئاوا باشتر نییە لەوەی یەکێکتان دێتو مووی گرژەی کردووە ئەڵێی شەیتانە! جارێکی تر پیاوێکی بینی مووی سەری گیڤەی کردبوو فەرمووی: ئەوە ئەم داماوە شتێکی دەست نەکەوتووە مووەکانی پێ چاك بکات!.

یەکێ تری بینی جلەکانی چڵکن بوو فەرمووی: ئایا ئەم پیاوە هیچی دەست نەکەوتووە جلەکانی پێ بشۆرێ کابرایە هاتە لای پێغەمبەر بەرگێکی شڕی لەبەردابوو، لێی پرسی: ماڵت هەیە؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: چ ماڵێك؟ وتی: خوا لە هەموو شتێ بەشی داوم، فەرمووی: هەرکە خوا ماڵی پێبەخشیت با نیشانەی نیعمەتو بەخشندەیی خوات پێوە ببینرێت.[1]

تورمزی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خوا چاکەو چاکی پێ خۆشە، خوا خاوەن کەرەمە و خاوەن کەرەمی خۆش دەوێ، خوا سەخییە و خۆشی لە مرۆڤی سەخی دێت، خۆتانو ماڵتان پاك بکەنەوە و وەکو جولەکە مەبن هەروەها فەرموویەتی: خوای گەورە مرۆڤی کوڵکنو چڵکنو سەرو ریش گیڤی خۆش ناوێ.

## کۆتایی

لەم نامیلکە بچکۆلەیەدا تێگەیشتین کە ئیسلام ئاینی ئیشوکارو تێکۆشانە، دژی تەمەڵو بێکارو دەبەنگەکانە، موسڵمان دەبێ ئیش بکات، ماڵ پەیدا بکات، بەڵام ماڵەکە لە دەستیدا بێ نەك لە دڵیدا، خاوەنی ماڵ بێ نەك بەندەی ماڵ بێ.

لە ئیشوکاریدا پشت بەخوا ببەستێو هەموو شتێ لە خواوە ببینێ، بۆیە هیچکاتێ نزیکی شتی پیسو حەرامو ناڕەوا ناکەوێت.

موسڵمان لە هەموو شتێکیدا پاكو خاوێنەو دوورە لە پیسو چەپەڵیی، خوای گەورەش کۆمەك و یاریدەدەرێتی.

[1] – بۆ فەرموودەکان سەیری (الحلال والحرام/ یوسف القرضاوي) بکە.

PDF4Kurd

## سەرچاوەكان

بۆ ئەم نامیلکەیە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :

١ – قورئانی پیرۆز.
٢ – فەرموودەو ژیانی پێغەمبەر.
٣ – تەفسیری (طنطاوي).
٤– في ظلال القرآن: سەید قوطب.
٥ – الحلال والحرام في الإسلام.
٦ – گۆڤاری تەربیەی ئیسلامی.
٧ – گەردوون.
٩ – الفتح الرباني/ الشيخ عبدالقادر الگيلانی.
١٠– طرق تدريس الدين: عابد توفيق الهاشمي.
١١– الثائر الأحمر: احمد على باكثير
١٢ – العلم يدعوا للأيمان.

PDF4Kurd

# دوو خەربزە بە دەستێ هەڵناگیرێ

## تێبینییەکی وردیلە لە نێوان ئیسلام و بیروباوەڕەکانی تری جیهاندا

PDF4Kurd

## ئایا ئەگونجیّ موسلّمانیش بیت و بیروباوەریّکی دیکەش هەلگری؟

ئەم پرسیارە لەوانەیە بە دلّی زۆر کەسدا هاتبیّ، وەلاّمەکەیشی لەلایەن کۆمەلّگەوە بە سادەیی دەدریّتەوە، هەندیّ بە "ئەگونجیّ"و هەندیّکی تر بە "ناگونجیّ" کۆتایی پیّ بیّنن، بەبیّ ئەوەی هیچ لایەك بەلّگەیەکی ئەوتۆ باس بکەن کە مرۆڤ پیّی دلّنیا بیّت و دلّی ئاو بخواتەوە.

لەبەرئەوەی ئەم باسە زۆر گرنگە وە بە هەزاران موسلّمان لە نیّو (ئا، نا)ی ئەم پرسیارەدا گیرۆدە بوون و ئەبن، لەبەر ئەوە هەرچەندە سواری ئەو مەیدانەش نیم، پیّمخۆشە لەم رووەوە بدویّم و بەپیّی توانا وەلاّمەکەی روونبکەمەوەو نهیّنی و شاراوەکانی دەربخەم، لە دوای خوای پەروەردگار دەست بە داویّنی ئەو پەراوە جۆربەجۆرانە بگرم کە لەم رووەوە خزمەتیان کردووە.

دیسان ئەم پرسیارە هەروەکو لە نیّوان ئیسلام و کۆمۆنیستیدا بەرپا ئەبیّ، هەروەها لە نیّوان ئیسلام و دیموکراسی و لە نیّوان دیموکراسی و کۆمۆنیستیدا حزور پەیدائەکاتەوە. جا لەبەر ئەوەی بە چاوی رۆشنەوە لە باسەکە بدویّم، ئەمەویّ لە پیّشەوە بەکورتی هەندیّ لە پەیدابوون و میّژووی دیموکراسی و کۆمۆنیزم بدویّم:

کاتیّ حەزرەتی عیسا (درودی خوای لەسەربیّت) بوو بە پیّغەمبەر[١]، ئاینیّکی هیّنا بە هیچ جۆریّك لەگەلّ ئاینەکەی حەزرەتی موسا (درودی خوای لەسەربیّت) نەبوو، بەلّکو بە پیّچەوانەوە ئاینیّکی هیّنا کە ئەو کەمو کوڕییانەی لە ئاینەکەی موسادا پەیدا بووبوون تەواویان بکات، وەکو ئەفەرموویّت: نەهاتووم بۆ گۆڕینی ئاینەکە بەلّکو هاتووم بۆ تەواوکردنی، وە دەفەرموویّت: نیّردراوم بۆ ئەوەی رابەری بەنی ئیسرائیلییە گومڕاو سەرلیّشیّواوەکان بکەم.[٢] لەگەلّ ئەوەشدا[٣] جولەکەکان کەوتنە چەوساندنەوەو ئازاردانی خۆی و یارەکانی، هەتا ئەمە درێژەی کیّشا و لە ئەنجامدا خوای گەورە عیسای بەرزکردەوە بۆ ئاسمان – بەو شیّوەیەی کە هەر خۆی ئەیزانیّ –، هەتا پیّی ئەچوو ناڕیّکییەکە زیاتر پەرەی ئەسەند، تا وایلیّهات ( هاوریّکان = حەوارییەکان)ی حەزرەتی عیسا خۆیان شاردەوەو لە ژیّرەوە بە نهیّنی ئاینەکەیان بلاّودەکردەوە، ئەم کارەساتە سەری کیّشا بۆ ئەوەی کتیّبیّکی پیرۆزی (عیسا) (ئینجیل)و میّژووی ژیانی (عیسا) تەنها دەماودەم بگیّڕدریّتەوە، بەلّکو بەش و پارچەکانی (ئینجیل) تەنیا لەناو ژیانی عیسادا باس بکریّت، ئەمەش بوو بە هۆی پەیدابوونی چەند ئینجیلیّك لەگەلّ جیاوازی و ناڕیّکییاندا، یەکەم ئینجیل بە پشتیّ دوای حەزرەتی عیسا نووسرا، میّژوونووسەکان لە بەروارەکەیدا جیاوازییان هەیە، لە ناوەندی (٤٠) سالّ و (٦٤) سالّدا لە دوای عیسا، لەو زەمانەی کە (ئینجیل)ی پیّهاتووە، چونکە تەنها وەرگیراوی ئینجیل دەستکەوت، ریّکەوت وابوو (بولس) کە حەزرەتی عیسای نەدیبوو لە رۆمانییە بتپەرستەکان بوو، بووبوو بە گاور (مەسیحی) ئایینی گاوری پەڕاندەوەو لە ئەوروپادا بلاّوی کردەوە، بەلاّم بە شیّوەیەك کە تیّکەلاّوی کرد بە مادییەت پەرستییە رۆمانییەکەی و رژا بەسەر مەسیحییەتدا لە ئەوروپادا لە یەکەم رۆژییەوە. نەگبەتی گەورەتر لەوەدا بوو کە ئیمپراتۆری رۆمانی (قستنتین) چووە ناو ئەو ئایینە تیّکەلاّوەوە، حزبی مەسیحی توانی ببیّتە حزبی کاربەدەست لە ولاّتەکەدا لە سالّی (٣٥٥) زایینیدا، بۆ ئەمە فەرموو بۆ لای (داریری) ئەمریکی لە پەرتوکی (الدين والعلم)دا دەلّیّت: "بتپەرستی و هاوەلّ بۆ خوادانان تیّکەلاّو بە مەسیحییەتی کرا بە هۆی ناپاکەکان – مونافیقەکان –وە ئەوانەی کە لە دەولّەتی رۆمانیا جیگەی گەورەیان داگیر کردبوو بە بۆنەی خۆ بە مەسیحی دانانەوە، بەلاّم ئەمانە هیچ گویّیان لە ئەرکانەکان و کارەکانی ئایین نەبوو، ئیمپراتۆر قوستەنتین یەکیّك بوو لەمانە کە هەموو تەمەنی لە زولّم و زۆرو خراپەکاری و پیسی و چەپەلّیدا بەسەربرد، گویّی

---

1 – سەیری (الدين والدولة)ی دکتۆر مستەفا سوباعی، (ل ١٦) بکە.

2 – ئینجیلی مەتا.

3 – سەیری (المستقبل لهذا الدين)ی سەید قوتب (ل ٣٠) بکە.

PDF4Kurd

نەئەدایە فەرمانەکانی ئایینی کڵێسا تەنها لەم دواییەدا نەبێ". "کۆمەڵی مەسیحییەکان ئەگەرچی ئەوەندە دەسەڵاتیان پەیداکرد توانییان قوستەنتین بکەن بە پاشا بەڵام نەیانتوانی زاڵ بن بەسەر بتپەرستیدا، وە ئەنجامی هەوڵدانیان ئەوەبوو هەموو مەبدەئەکانیان تێکەڵاوکردو لەمە ئایینێکی تازە بەرپا بوو، کە مەسیحی بتپەرستی بوو". "ئەم ئیمپراتۆرە دونیاپەرستە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی مەسیحیو بتپەرستی کرد بەیەك، مەسیحییە راستەقینەکان لە پێشەوە ملەجەڕەیان لە ئیشەکەدا نەکرد، رەنگە بە هیوای ئەوە بووبن کە ئەم ئایینە تازەیە بتوانێ گەشە بکاتو بتپەرستییەکە بتوێنێتەوە". [1]

بەڵام لە دواییدا ئەم کارەیان بۆ نەکراو ئایینەکە رۆژ بە رۆژ لە (مەسیحییەت) دوورئەکەوتەوەو بەرەو بتپەرستی ئەڕۆیی، ئارەزووی مرۆڤەکانی تێکەڵاو ئەکرا، بەمپێیە چەند سەدەیەکی بەسەرا تێپەڕی. ئا لێرەدا ئایینی (مەسیحی) شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت، بەمشێوەیە بە تەواوی لە ئایینەکەی حەزرەتی عیسا (درودی خوای لەسەربێت) دوورکەوتەوە، پیاوانی ئایینی یا پیاوانی کەنیسە بوون بە چینێکی جیاوازو خاوەن دەسەڵات لە هەموو روویەکی ژیانەوە بەتایبەتی لە سێ مەیداندا:

### ١- لە مەیدانی رامیاریدا

پیاوانی کەنیسە کەوتنە دەستکێشان بۆ ناو ئیشوکاری وڵاتەکان بە رادەیەك کە (پاپا) تاجی ئەنایە سەر پیاوە گەورەکان، بە ئارەزووی خۆی ئەوەی بیویستایە دایئەناو ئەوەی نەیویستایە لایئەبرد وە بە بانگی بەرز ئەیانگوت: دوو هێز فەرمانڕەوایی گێتی دەکات: أ –هێزی کەنیسە، ب –هێزی پاشایان( میری )، یەکەمیان دەسەڵاتی هەیە بەسەر دووەمیاندا چونکە کەنیسە لێپرسراوە لەلای خوا لە ئیشوکاری پاشایانیش. پاپا (غەریغۆرسی حەوتەم) دەریبڕی: کە کەنیسە خاوەنی دەسەڵاتە بەسەر هەموو گێتیدا، راستەوخۆ ئیشەکانی لە خواوە وەردەگرێ، هەر ئەویش دەسەڵات ئەدا بە پاشاو سەرۆکەکانی، ئەو رایەی بە درۆخستەوە کە دەڵێت ئیمپراتۆر سێبەری خوایە لەسەر زەویدا چونکە ئەو بە پشتیوانی هێزی ستەمکارەوە ئیش ئەکات بەڵام کەنیسە چونکە دوورە لەهەڵەوە ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ بەسەر هەموو کەسێکدا.[2] بەم بیانووەوە کەوتنە دەستخستنە ناو ئیشوکارەکانی میرییەوە بە رەنگێ کە پاپا (هادریان)ی چوارەم تاجی نایە سەر ئیمپراتۆر (فردریك بربروس) وتی: ئیمپراتۆر قەرزاری تاجەکەیەتی، ئیمپراتۆری بەخشێکەو پێی بەخشیوە، لەمە سەختتر پاپا بێبەشکردنی (حرمان) ئیمپراتۆری داهێنا کە جاری وا بوو ئیمپراتۆر سێ رۆژ بە پێخاوسو بەسەری رووتی لەبەر دەرگای پاپادا لەناو بەفرو باراندا ئەوەستا هەتا پاپا لێی خۆشدەبوو، وەکو: (هنری) چوارەم کردی لە ساڵی (١٠٧٦) پاپا بێبەشیکرد، جاری وا بوو کوڕنووشی بۆ ئەبرد وەکو (فردریك) کردی لە ساڵی (١١٧٧) پاپا بێبەشیکرد، پاپا (انسنت)ی سێیەم لە (جون) کە پاشای ئینگلتەرە بوو تووڕە بوو، کاسەی رقی خۆی رژاند بەسەر هەموو ئینگلتەرەداو شەڕی خاچپەرستی (صلیبی)یە بەسەردا بەرپاکردو داوای کرد لە (فیلیپ اغطس)ی پاشای فەرەنسە کە هێرش بەرێتە سەریو داگیری بکاو بیخاتە پاڵ وڵاتەکەی خۆی تا (جون) ناچاربوو داوای لێبوردنی لێ بکاو ملی بۆ شۆڕکرد ئەمجا لێی بوورد و ئەویش وڵاتەکەی پێشکەشکرد.

### ٢- لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا

پیاوانی کەنیسە بوون بە چینێکی جیاواز کە دادگای تایبەتییان هەبوو، باجی تایبەتییان هەبوو بەپێی ئارەزووی خۆیان لەسەر گەلەکان دایان ئەنا، زەویو زاری تایبەتییان هەبوو تەنانەت لە زۆر وڵاتدا زیاتر لە چواریەکی هەموو وڵاتەکەیان هەبوو، بەندیخانەی تایبەتییان هەبوو کە زۆرجار تاوانباران هەموو تەمەنیان تیا بەسەر دەبرد، بەمپێیە کەنیسە بوو بە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا بەڵکو لە سەروی دەوڵەتەوە بوو، هەتا پاپا

1 – لە کتێبی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین) وەرگیراوە .

2 – معالم التأریخ العصور الوسطی.

PDF4Kurd

(یونیفی)ی هەشتەم لە ساڵی ١٢٩٦ فەرمانێکی دەرکرد: (نابێ باج بدرێ بە دەسەلاَتی سەرزەوی، هەر کاربەدەستێ باج وەرگرێ بێبەش دەکرێ).

**٣- لە مەیدانی بیردا**

کەنیسە ڕێی تەنگ کردەوە لە هەموو ئەو مرۆڤو گەلانەی کە بە پێچەوانەیەوە بوون لە ئایینو عەقیدەو بیروباوەڕدا.

جەنگی خاچپەرستی هەڵگیرساند لە سەر موسڵمانەکانو (٢٠٠) ساڵی خایاند، پڕبوو لە داماویو خراپەو وێرانکردن، هەمان جەنگی بەرپاکرد بەرامبەری ئەو چینە مەسیحییانەی لە مەزهەبدا جیاوازبوون لەگەڵیدا، وەك: (ئەلبیبەکان)و (والدونییەکان)و (لوثو پروتستانتو ئەرسەدۆکسەکان)، لە یەك شەودا هەزار پرۆتستانتیان سەربڕی. دادگایەکی پشکنین (المحکمە التفتیش) یان دانا بۆ لێکۆڵینەوە لە باوەڕو رای ئەوانەی بە تاوانبار دائەنران لە رووی دڵسۆزییانەوە بۆ کەنیسە، وەکو ئەو موسڵمانانەی بە زۆر کرابوون بە مەسیحیو جولەکەو ئەرسەدۆکسو پرۆتستانتو ماسۆنییەکان. لاپەڕەکانی مێژووی ئەم دادگایە پڕە لە دڵڕقیو ساختەکاریو دڕندایەتی، بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە چوو بەگژ پیاوانی بیرو فەلسەفەو چارەسەرکردن لە راکەیاندا، وە زۆریانی بە زیندوویەتی سوتاند، وەکو: (جون هس، جیروم البراجی، جان دارك، بروندا، فایتنی)و سەدانی تر، زۆری تریانی خستە بەندیخانەکانەوە، وەکو: (ئەبیلارد، رۆجر بیکۆن، برونر)و هەزارانی تریش، چەندی تریان دوای مردنو کوشتنیان لێ سووتاندن. چەندەهای تریان دەربەدەر کردنو لە ولاَت دوریانخستنەوە. هەندێ لە مێژوونووسەکان قوربانی ئەم دادگایەیان داناوە بە زیاتر لە ٩ ملیۆن مرۆڤ.[1] هەروەکو ئەو زانایانەی کوشتو گرتو دەربەدەر کرد . لەلایەکی تریشەوە چوون بەگژ کەلەپوورو سامانی زانیارییەکەیاندا‌و هەموویان لەناو بردن، کتێبەکانیانی سووتاندو قەدەغەی کردنو کتێب دانانی یاساغکرد بۆ ئەوەی دڵو مێشکی خەڵکی تێکنەدەنو لە کەنیسە دووریان نەخەنەوە. بەمجۆرە ناڕێکیو جەنگو هەرا لەنێوانی پیاوانی کەنیسەو زانایاندا دەستیپێکرد لە سەدەی شازدەهەمەوە، لە پاشان وردە وردە حکومەتەکانیش دایانە پاڵ زانایان، ئەم بەزمە درێژەی کێشا بۆ سەدەی هەژدەهەم، لێرەدا شۆڕشی زانایان سەرکەوتو پیاوانی کەنیسە رووخان بەجۆرێك کە هەتاهەتایە هەڵنەسنەوە، لە ساڵی (١٧٨٩)دا شۆڕشی فەرەنسی بەرپا بووو سەرکەوتو وتی بە پیاوانی ئایین: "فەرموو بچنەوە جێگەی خۆتان، بۆ گۆشەی کەنیسەکانو مافتان بە ژیانەوە نەبێ". لەو رۆژەوە ئیتر لە ئەورووپادا ئایین دوورخرایەوە لە دەوڵەتو پیاوانی ئایینی دوورخرانەوە لە سیاسەت لە ئیشوکارەکانی ژیان بە شێوەیەکی تێکڕاییو گشتی.

بەم شۆڕشو سەرکەوتنەی زانایانی ئەورووپا بەرگێکی لەبەر خۆی دادڕیو بەرگێکی نوێی پۆشی، لێرەدا تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە هاتو خۆی پێ رانەگیرا تیایدا ئەویش ئەوەبوو: چونکە دوژمنەکانی . واتە ئەوانەی شۆڕشەکە زاڵبوو بەسەریاندا . لە ژێر ئالاَی ناونیشانی ئایینو وتەی خوادا خۆیان پیشان ئەدا، . ئەمەش کە زۆر دوور بوو لە راستییەوە . ئەجەنگان لەبەرئەمە ئەورووپا یەکسەر لە ژێر ئایین دەرچوو، باوەڕی بە خواو بە هیچ ئایینێکی ئاسمانی نەما، بڕوای بە زیندووبوونەوەو پاشەڕۆژو ژیانێکی تر نەما، ئایینێکی نوێی هێنایە پێشەوەو باوەڕی پێکرد کە بریتییە لەماتریالیزمی ماددەپەرستی یان زانیاری پەرستی وەکو زانای بەناوبانگ (سۆمرست مۆم) ئەڵێت: "ئەورووپا باوەڕی بەخوا فڕێداو باوەڕی بە خوایەکی تازە هێنا کە زانیارییە".

لەسەر بناغەی ئەو ماددییەتە کەوتنە رێکخستنەوەو دانانی یاساو رژێمو نەریتەکان، لێرەداو لەسەر ئەم بنەڕەتە بیروباوەڕی سەرمایەداری (مبدأ رأسمالي) هەڵقوڵیو هاتەکایەوە.

بێگومان ئەم یاسایە چونکە چنراوی دەستو دڵو باوەڕی چەند کەسێکە سروشتییە کە لە کاتی ئیشپێکردندا سەرنەکەویو خراپەو کەموکوڕو جەورو ستەمی تێدا ببێ، بەڵێ وابوو هەڵەو زیانو ناڕێکی زۆرو زەبەنە روویداو

[1] – محاکم التفتیش، دکتۆر زەکی عەلی.

PDF4Kurd

ترازووی دابەشکردنی سامان بەسەر کۆمەڵگەدا بەجۆرێك لارەسەنگ بوو کە بە پارسەنگ یا دەسکاریکردن چار نەکرا،لێرەدا زۆر کەس بە بارێکی تردا کەوتنە خولیای گۆڕینی ئەو یاساو رژێمانەو بیروباوەڕی کۆمۆنیستی (مبدأ الشيوعية) کەوتە چەکەرەکردن‌و ئەویش لەسەر هەمان بناغەو بنەڕەت‌و بە دەم‌و دەس‌و زوبانی چینێ لەو ماتریالیستانە هاتەکایەوەو لەدایکبووو کەوتە ناو کۆڕەوە، لەمەوە بە روونی دەرکەوت کە چ بیروباوەڕی سەرمایەداری‌و چ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی هەردووکیان بێ جیاوازی لەسەر بناغەو بنەڕەتی ماتریالیزمی‌و دوور لە ئایینی دامەزراون‌و هەڵگرانی ئەم دوو بیرە بە هیچ جۆرێك ناتوانن باوەڕ بە هیچ ئایینێك بهێنن‌و شوێنی بکەون، ماددەگەرایی‌و دونیای (ماديات) نەبێت. ئەمە شتێکی ئاشکراو بێ پەردەیە بەلای هەرکەسێکەوە کە شارەزایی هەبێ – با کەمیش بێ – لەم چەرخە نوێیەدا.

بەڵام بۆ دڵنیایت هەندێك لە پەرتووکی (العدالة الأجتماعية)ی مامۆستای شەهید سەید قوتب (خوا لێی خۆشبێ) بۆ دێنم، ئەو پەرتووکەی کە باوەڕپێکراوەو وەرگێڕدراوە بۆ سەر هەشتا زوبانی جیهانی، ئەو پەرتووکە ئەڵێ: (مادام ئێستە گێتی بووە بە دوو بەرەوە، بە دوو کۆمەڵی گەورەوە، بەرەی کۆمۆنیستی لە خۆرهەڵات‌و بەرەی سەرمایەداری لە خۆرئاوادا، ئەمەش هەرچەندە بە دیمەن وادیارەو لەسەر هەموو زوبانێك جێی خۆی کردووەتەوە و لە هەموو دڵان چەسپیوە، بەڵام بە لای ئێمەوە دابەشبوونێکی روواڵەتییە چونکە سروشتی بیرکردنەوەی ئەورووپا و ئەمریکا لە راستییەکەیدا جیاوازی نییە لە سروشتی بیرکردنەوەی رووسی.[1] هەردووکیان لەسەر بناغەی ئەوە دروستبوون کە (ماددە) بکرێتە توخمی کاریگەرو دەسەڵاتدار لە ژیاندا، ئێمە بەوە هەڵناخەڵەتێین کە ناکۆکی گەورە هەیە لە نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوادا، چونکە ناڕێکییەکەیان لەسەر بەرژەوەندییە نەك لەسەر فیکرەو بیروباوەڕ، هیچیان جگە لە فکرەی ماددییەتی فکرەیەکی تریان نییە. ناکۆکی راستی لە نێوان ئیسلام‌و ئەو دو بەرەیەدا هەیە، هەر ئیسلامە ئەو هێزە راستەقینەی کە رائەوەستێ لە بەرامبەر ئەو فیکرە ماددییەی کە ئەورووپاو ئەمریکاو رووسیا کردوویانە بە ئایین‌و وەکو یەك هەموویان بڕوایان پێهێناوە.[2]

ئەنجا کە لەو پێشەکی‌و مێژووی سەرمایەداری‌و کۆمۆنیستییە بووینەوە با بێینە ئەسڵی مەتلەبەکە (مەبەستەکە).

## بیروباوەڕەکانی جیهان

بە گوێرەی لێکدانەوەی زانیاری تازە بە تێکڕایی لە جیهاندا تەنیا سێ بیروباوەڕ (مبدأ) هەیە:

١ – ئیسلام.

٢ – دیموکراسی (سەرمایەداری).

٣ – کۆمۆنیستی (ئیشتراکی).

چونکە یەکێك لە مەرجەکانی بیروباوەڕ ئەوەیە هەموو کەسێ بەبێ سەیرکردنی جیاوازی لە زوبان‌و لە نەژادو لە وڵات‌و لە رەنگ‌و روو... هتد بتوانێ بچێتە ژێر ئاڵاکەیەوەو بەسەر خۆیدا جێبەجێی بکات. ئەم سێ بیروباوەڕە هەربەکەیان – بەلای شوێنکەوتووانییەوە وایە – هەموو جۆرە ئیشوکارەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێ ئەکات‌و رێکی ئەخات‌و کەموکوڕی ناهێڵێ بێ ئەوەی کەس ناچار ببێ لە هیچ کارێکیدا یا لە گیروگرفتیدا پەناو هاوار بۆ بیروباوەڕێکی تریان بەرێ لە دووانەکەی کەیان، هەریەك بریتییە لە کۆمەڵە یاساو نەریتێکی پێکەوە گرێداوە کە بەش بەش ناکرێن‌و لێکجیاناکرێنەوە بە هیچ جۆرێك.

---

[1] – نووسەر (بە رەحمەت بێت) ئەم نووسینەی لە ساڵی (١٩٦٦)دا نووسیوەو ئەو کاتە ئەو دوو بەرەیە بە ئاشکرا جیابوون لە یەکتری (تیشك).

[2] – سەیری (العدالة الأجتماعية، سيدقطب/ ص٢٧٣–٢٧٤ ) بکە لە چاپی پێنجەمدا.

PDF4Kurd

لەبەر ئەوە هەموو بیروباوەڕێك‌و هەموو هەڵگرێكی رازی نابن كە مرۆڤێ یاخود كۆمەڵێ بیەوێ ئیشوكاری ژیانی دابەش بكات بەسەر بیروباوەڕەكاندا، یا لە هەندێ كارو كردەوەیدا بچێتە ژێر باڵی یەكێكی تریانەوە. بۆ نموونە: یاسای دیموكراسی رازی نابێ لە هیچ ئەندامێكی كە لە كاروبارەكانیدا پێڕەوی ئیسلام یان كۆمۆنیستی بكا و لەسەری پێویست ئەكرێ كە لە هەموو هەنگاوەكانیدا هەر بە گوێرەی ئەو یاسایانە هەنگاو بنێ كە بۆی رێكخستووە، ئەگەر لەوە لایدا ئەوە هەڵگری دیموكراسی نییە.

ئەوەی كە ئەڵێن: "سەرمایەداری‌و كۆمۆنیستی لەسەر یەك رەوڕەوەن، سەرمایەداری قۆناغەو كۆمۆنیستی كۆتایی رێگەیە" مەبەست بەمە ئەوەیە كە هەردوو لایان لەسەر باوەڕی ماتریالیزمین‌و لەسەر فەلسەفەی مامۆستای یەكەمی كۆمۆنیستی (كارل ماركس)ن كە ئەڵێ: سەرمایەداری تا ماوەیەك ئەڕوات دوایی بە ناچاری دێتە سەر بیروباوەڕی كۆمۆنیستی. واتە: واز لەو ئەهێنێ‌و یەتە ژێر باڵی ئەم، نەك ئەم دوانە تێكەڵ بكات، ئەمەش جۆرێكە لە خەوبینین‌و خەیاڵ پڵاوی.

دیسان ئاینی ئیسلامیش كاتێ شوێنكەوتووەكانی بە موسڵمان‌و بە خاوەن باوەڕ دائەنێ كە لە هەموو ئیشوكارو بەسەرهاتیاندا، لە هەموو كردەوەیەكی ورد یا درشتیاندا هەر تەنیا لەسەر بیروباوەڕەكەی ئیسلام بڕۆن و بەس، ئەبێ لە هەموو بەش‌و پارچەو لە هەموو یاساو رژێم‌و نەریتێكدا هەر لە ئیسلام هەڵبگۆزن (لە عەقیدەو باوەڕدا، لە پەرستش‌و پەرستندا، لە پەیوەندییەكانی نێوان مرۆڤدا، لە یاسای خێزانی‌و لە یاسای كۆمەڵایەتیدا، لە یاسای ئابووری‌و كاروباری ژیاندا، لە یاسای رامیاریدا، لە یاسای بیروفیكری زانیاری‌و پەروەردەكردن‌و ئاڕاستەكردندا، لە حوكم‌و فەرمانڕەوایی‌و كاربەدەستیدا، لە پەیوەندییەكانی تاك لەگەڵ كۆمەڵگەو كۆمەڵگە لەگەڵ تاك‌و ئەندامەكانی كۆمەڵگە لەناو یەكدا، پەیوەندی گەل بە دەوڵەتەوەو دەوڵەت بە گەلەوە، لە یاسای ئاشتی‌و جەنگدا)، بەكورتی ئەبێ لە (ئەلف)ەوە تا (یا)ی ژیانیان، لە بێشكەوە تاگۆڕیان هەر لە ئیسلام بن‌و هەر لە ئیسلامەوە بۆ ئیسلامبن، نابێ هیچ كاتێ وە لە هیچ شتێكدا لە ژێر ئاڵای ئیسلام‌و یا لەژێر یاسایەكەی دەربچن بۆ بیروباوەڕێكی تر، ئەمە بەتەواوی قەدەغەیەو یاساغە، ئەبێ چۆن باوەڕیان بە خواو بە پاشەڕۆژ هەیە، ئەبێ بەوپێیەش باوەڕیان بە راستی‌و بە كەڵكی دەنكە دەنكەی ئەو بیروباوەڕەش هەبێ. كە ئیسلامە .... جگە لەمانەش مەرجی یەكەمی بوون بە ئیسلامی مرۆڤ ئەوەیە كە شایەتومان بێنێ، واتە: بە دڵ‌و بە دەم‌و زوبان بڵێ: (أشهد أنَّ لا إله الاّ الله و أشهدُ أنَّ مُحمداً رسول الله) یانی شایەتی ئەدەم كە جگە لە خوا كەس شایەنی پەرستن نییە، وە شایەتی ئەدەم كە موحەممەد ﷺ نێردراوو پێغەمبەری خوایە.

بۆ ئەوەی ئەم شایەتومانەمان راست بێ، ئەبێ هەر خوا بە (إله) بزانین‌و ئەم وەسفی ئیلاهییەت‌و خوایەتییە نەدەین بە كەس‌و بە هیچی تر، كەوابوو با بزانین عەرەبەكان بە كێ وە بەچییان وتووە (إله) تا ئێمە خۆمانی لێلانەدەین‌و بۆ ئەوەی تێبگەین‌و یەكەم مەرجی ئیسلامەتیمان دەست بكەوێت، هەر بەم بۆنەیەوە لە مانای (رب) و (عبد)یش بدوێین بۆ ئەوەی هەر خوا بە (إله)و بە (رب)ی خۆمان دابنێین‌و بەندایەتی هەر بۆ ئەو بكەین‌و بەس.

**مانای (إله و رب‌و عبد) لە ئیسلامدا** [1]

١ – إله: لە قورئاندا هاتووە بە مانای:

أ. پشتیوان‌و پارێزگاریكەر: (وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا) (مريم: ٨١)، واتە: جگە لە خوا چەند خوایەكیان بۆ خۆیان گرتووە تا ببنە پشتیوانیان‌و پارێزگارییان بكەن.

1 – سەیری كتێبی (المصطلحات الأربعة في القرآن)ی ئەبو عەلای مەودودی بكە، یا سەیری (پێنج پایەكانی ئیسلام) بكە بەشی یەكەم شایەتومان.

PDF4Kurd

ب . هاوارو پەنا بۆ براوێك كە بێت بە هاواریانەوە: (فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ مِن شَيْءٍ لِّمَّا جَاء أَمْرُ رَبِّكَ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ) (هود : ١٠١ )، واتە: ئەو خوایانەی كە هاواریان بۆ ئەبردن . جگە لەخوا . نەهاتن بە هاواریانەوە كاتێ كە فەرمانی خوای تۆ هات . ئەی پێغەمبەر . ئەوانە هەر زیاتر تووشی زیانیان كردن.

ج – تكاكەر بەجۆرێ كە بتوانێ دەست بكێشێتە ناو ئیشی خواوە، بۆ پێكهێنانی تكاكەیو دەستگرتنی شوێنكەوتووەكەی:

(وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ) (الزمر : ٣ )، واتە: ئەوانەی جگە لە خوا چەند خوایەكی تریان گرتووە ئەڵێن: بۆ ئەوە ئەیانپەرستین كە لە خواوە نزیكمان بخەنەوە .

(وَيَقُولُونَ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ) (یونس : ١٨ )، واتە ئەوانە تكاكارمانن لەلای خوا.

د– دیسان بە مانای زیانگەیەنەرو دەستوەشێن هاتووە: (وَلاَ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ) (الأنعام: ٨٠ )، واتە: من ناترسم لەوانەی كە كردووتانن بە هاوبەش بۆ خوا.

هـ– دانەری شەریعەتو یاساو بەرنامەو رژێم: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَهاً وَاحِداً لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ) (التوبة : ٣١ )، واتە: گاورە سەرلێشێواوەكان، زاناو روهبانەكانیان كردوون بە خوا، هەروەها حەزرەتی عیسایش بە خوا ئەزانن، داوایان لێكراوە كە تەنها یەك خوا بپەرستن كە جگە لەو خوایەكی تر نییە.

(عەدی كوڕی حاتەمی تائی) دەڵێ: هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺو لەو كاتەدا گاور بووم، هێشتا موسڵمان نەبووبووم، ئەویش ئەم ئایەتەی خوێندەوە، منیش وتم: كوا كەی گاورەكان زاناو روهبانەكان بە خوا ئەزانن؟ ئەویش فەرمووی: ئایا ئەو زاناو روهبانانە حەرامیان بۆ حەڵاڵو حەڵاڵیان بۆ حەرام ناكەنو ئەوانیش بە گوێیان ناكەن؟ وتم: بەڵێ ئەیكەن. فەرمووی: دەی ئەوە كردن بە خوایە، چونكە حەڵاڵكردنو حەرامكردن یانی یاساو شەریعەت دانان، خۆ یاساو شەریعەت دانانیش پیشەی خوایە، هەركەس ئەم ئیشەی كرد ئەوە خۆی بە خوا داناوە، باوەڕپێهێنەرەكانی كردویانە بە خوای خۆیانو موسڵمان نینو هاوەڵیان بۆ خوا داناوە .

ئەم مانایە سەرۆكی هەموو كۆمەڵە ئایینییەكانو هەموو شوێنكەوتەكانیشان ئەگرێتەوە –پەنا بەخوا–.

و– شوێنكەوتووی بە تەواوی كە هەر دوای رەزامەندی ئەو بكەوێو لێی لانەدا بەهیچ جۆرێ: (أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ) (الفرقان : ٤٣ )، واتە: ئەوانە ئەبینی كە هەواو ئارەزووی خۆیان كردووە بە خوای خۆیان، یانی شوێنی هەوایان ئەكەونو بەس. پێغەمبەر ﷺ لەمبارەیەوە دەفەرموێت: (نابنە موسڵمان تا هەواو ئارەزووتان شوێن ئایینەكەی من نەكەوێ)[1].

٢– رَبّ: دیسانەوە بە چەند مانایەك (رب) هاتووە، لەمانەی سەرەوەو لەمەوپێش كە باسمانكرد، وەكو دانەری بیروباوەڕو یاساو بەرنامە بۆ ژیانو بۆ كاروباری خەڵكی؟

٣– عبد: عەبدیش بە مانای شوێنكەوتن بە تەواوی هاتووە. پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: (تووشی بەڵاو لەناوچوون بووەو ئەبێ ئەوەی شوێنكەوتووی دینارو درهەمو كوتاڵە)[2]. واتە: ئەوەی ئامانجی لە ژیانا هەر كۆكردنەوەی سامانەو بەشوێنیدا ئەگەڕێو بەس. ئیمامی غەزالی (خوا لێی خۆشبێت) ئەفەرموێت: هەر شتێ مرۆڤ پێوەی گیرۆدە بووبێو پەیوەند كراو ببێ پێوەیو هەوڵی بۆ بدات، ئەوە عەبدو بەندەی ئەو شتەیە.

ئەمجا ئێمە كاتێ موسڵمانینو پێمان ناوەتە ناو شورای ئیسلامەتییەوە كە خوایەتی بەم مانایەی لەمەوپێش باسمانكردن هەر بە تەنیا بۆ خوای تاكو تەنیاو پەروەردگار دابنێین، یانی بڵێین: جگە لە خوا كەس پشتیوان و

---

1 – ذكره النووي في كتاب الحجة للمقدسي عن عبدالله بن عمر و بلفظ: لايؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعاً لما جئت به) و قال أبو أمامة رضي الله عنه، سمعت النبي ﷺ يقول: ما عبد تحت السماء أله الغض الى الله من الهوى. التفسير المنبر، وهبة زحيلي، (٢٩٧/١٣) (تيشك).

2 – رواه البخاري بلفظ (تعس عبدالدينار، تعس عبدالدرهم، تعس عبدالخميصة، تعس و انتكس و اذا شيك فلا التقش) مختصر صحيح البخاري.

PDF4Kurd

یاریدەدەرمان نییە. جگە لەو هاوارو پەنا بۆ کەسی تر نەبەین، وانەزانین کەس ئەتوانێ دەست بخاتە ناو ئیشوکارییەوە، لەو نەبێ لە کەسی تر نەترسین، تەنیا ئەو نەبێ دڵدان بە کەسا نەنێین کە دانەری بیروباوەڕو یاسا و نەریت بێ‌و شوێن بەرنامەو یاساو پرۆگرامی ئەو نەبێ شوێن هیچ کەسی تر نەکەوین‌و باوەڕی پێ نەکەین‌و نەچینە ژێر ئاڵاکەیەوە، هەر شوێنکەوتووی فەرمانەکانی ئەو بین‌و بەس، ملی گوێڕایەڵی بۆ کەس‌و بۆ هیچ کەسێکی تر کەچ نەکەین.

(وَأَنَّ هَـذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ) (الأنعام : ١٥٣ )، واتە: ئەم ئایینی ئیسلامە ڕێگەی ڕاستی منەو تاقە بەرنامەو بیروباوەڕو پرۆگرامی منە، دەسا ئێوە شوێنی کەون‌و مەچنە سەر ڕێگاکانی تر، ئەگەرنا لە ڕێگەی خوا لاتان ئەدەن.

لەم کورتە تێبینییەوە مانای شایەتومان بە ڕۆشنی دەرکەوت کە مرۆڤی موسڵمان بە هیچ جۆرێ بۆی نییە لە هیچ ئیش‌و کارێکیدا بڕواو شوێن هیچ بیروباوەڕێکی تر بکەوێ، چونکە هەر تەنها بە باوەڕپێکردنەکەی لە ئیسلامەتی دەردەچێ، ئیتر چجای ئەوەی شوێنی بکەوێ‌و هەوڵی بۆ بدات – پەنا بەخوا–.

**لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی تر**

ئەگەر ئێمە جگە لەمانەی پێشەوە سەرنجێك بدەین‌و لێکۆڵینەوەیەکی سادە بکەین، سەرمان لەم ئەنجامەی دواوە دەردەچێت، ئایا چۆن ئەبێ کە تۆ باوەڕت بە خواو بە سیفەتە بەرزەکانی هەبێ‌و لە عەقیدەو بیروباوەڕاو لە پەرستنەکاندا (العبادات) وەکو نوێژو ڕۆژو لەسەر ئیسلام بڕۆیت، کەچی لە ئیشوکاری ژیانداو لە حوکم‌و فەرمانڕەوایداو لە کۆمەڵایەتیداو لە ئابوریداو لە خووپیشەو تەقالیدی ژیانداو لە جۆربەجۆری پەیوەندییەکاندا لەسەر ئایینی سەرمایەداری یان ئایینی کۆمۆنیستی بڕۆیت، کەچی خۆیشت بە موسڵمان بزانی‌و قورئانیش بە ئاوازی بەرز بفەرمووێت: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ) (آل عمران : ٨٥ )، واتە: هەرکەسێ جگە لە ئیسلام شتێکی تر بکات بە مەنهەج‌و بەرنامە بۆ خۆی، لێی وەرناگیرێ‌و خوا لێی قەبووڵ ناکات.

ئایا ئیسلام کە دەسکردی خوایە ڕێگەی ژیان‌و پێشکەوتن‌و شارستانی‌و زانیاری‌و دادپەروەری‌و... هتد ئەمانەی نەهێناو مێژوو بە ڕۆشنی ئاگای لێی نییە، تا فلان‌و فیسار هاتن ئەمانەیان ڕێکخست، ئەی ئەگەر وانییە ئەو هەموو شتە ناوازەو ئەو شارستانییەت‌و شێوە شیرینانە چی بوون کە چواردە سەدەیە ئیسلام هێناونی؟! بڕۆ سەیری مێژووی ئیسلام بکە، با سەرسام ببی، ئایا ئەو برگەو یاسایانەی تۆ تێدا پەنا بۆ ئایینەکانی تر ئەبەی لە ئیسلامدا نین‌و ئیسلام چارەسەری بۆ دانەناون یان لە ئیسلامدا چارەسەری گونجاوو جوانی بۆ داناوە بەڵام تۆ ئەوەی ئایینەکانی ترت پێ جوانترو چاکترە لەمەی ئیسلام دایناوە...؟ هەرکام لەمانە بڵێیت پێی کافر ئەبیت‌و لە ئیسلامەتی دەرئەچیت. چونکە وەکو ئەزانی ئیسلام دەسکردی خوایەو خوا ناردوویەتی بۆ ئەوەی بەرنامەی گرۆی ئادەمیزاد بێ، هەتاهەتایە مرۆڤەکان لەسەری بڕۆن‌و بیکەن بە پرۆگرام بۆ ژیانی هەردوو دونیایان.

ئایا نابینی خوا بە پێغەمبەرو هەموو موسڵمانەکان ئەفەرمویّ: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً)(المائدة: ٣)[1]، واتە: ئێستەو لە ئەمڕۆدا ئایین‌و بەرنامەکەم بۆ تەواوکردن‌و بە تەواوی نیعمەتی بیروباوەڕم بۆ ڕێژان‌و ڕازیم کە ئیسلام ئایین‌و بەرنامەتان بێ.

ئەوەیە خوا ئەفەرمووێ: بەرنامەی تەواوم بۆ ناردن‌و لێبووەوە، ئەمجا ئەبێ بەپێی باوەڕەکەی تۆ یا خوا نەیزانیوەبەرنامەو بیروباوەڕی تەواوەتی دانێ یا زانیویەتی بەڵام بەخیلی تیاکردووەو بە کەم‌و کوڕی ناردوویەتی. بە هەرکام لەمانە سەیری بکە تۆ کافری‌و موسڵمان نیت. ڕێگەت نییە لێرەدا پەلەقاژە بکەیت‌و بڵێیت: ئیسلام لە کاتی نەفامی‌و نەزانی‌و دەوری بەردا هات‌و ئەبێ جۆرە بەرنامەو یاسایەك بێنێ کە لەگەڵ عەقڵیەتی ئەو سەردەمەو باوەڕی ئەو کاتەدا ڕێك بکەوێت‌و بگونجێ، خۆ ئێستە کاتی شارستانییەت‌و زەڕەو هایدرۆجین‌و چوون بۆ

[1] – ئەم ئایەتە ئاخر ئایەتە کە هاتووەتە خوارەوە.

PDF4Kurd

ئاسمانە، ئەو شتانەی من تیایدا لە ئیسلام لائەدەم پەیوەندی بە شارستانییەتەوە هەیە، ناتوانی بەم بیانووە خۆت رزگار بکەیت چونکە:

١- ئەم بیرۆکەیە لە خۆرئاواوە هاتووەو لەسەر بناغەیەکی ماددی داڕێژراوە، ئەم بیرۆکەیەش کاتێ ڕاستە کە دانەری بەرنامەی ئیسلام مرۆڤ بێ‌و نەزانێ لەمەودوا چی ڕوودەدات تا بەرنامەکە وا دابنێ کە بۆ هەموو کاتێ دەست بدات، بەڵام بەرنامەو ئایینی ئیسلام خوا دایناوە و بۆ هەموو کاتێك‌و بۆ هەموو مرۆڤێکی داناوە هەتادونیا دوایی دێت بەجۆرێك کە پێویستی بە گۆڕان نەبێ‌و لەگەڵ هەموو کات‌و هەموو جۆرە ڕووداوێکدا بگونجێت.

٢- کاتێ ئیسلام هات، بە هاتنەکەی شارستانییەتێکی ئەوتۆی داناوەو دامەزراندووە -وەك مێژوو دەری دەخات - کە ئەم شارستانییەتەی تازەی ئێستە لەوەوە هەڵقوڵیوە، وەکو خۆرئاواییەکان خۆیان دانی پێدا ئەنێن. ئیتر چۆن ئەڵێیت لە بەرنامەی ئیسلامدا ئەو بیروباوەڕانە نییە کە من ئەمەوێت، لەبەر ئەوە شوێن ئەم شارستانییەتە تازەی ئێستا دەکەوم؟!

٣- ئیسلام لە ئیشوکارەکاندا (مەبادیئی کوللی) واتە: بنەما گشتییەکانی هێناوە بۆ دەرهێنانی (جزئیات)و ماددەو بڕگە یاساییەکان ئیشوکارە جۆربەجۆرەکان، ئەم بنەما گشتییانەی داوەتە دەست زانایان کە بە گوێرەی کات ڕێکیان بخەن‌و یاسا زۆروزەبەندە لەو بنەما گشتییانەوە دەریان بهێنن.

بۆ نموونە: ئیسلام بڕیاریداوە کە کاربەدەست بە ڕێگەی ڕاوێژ (شوری) هەڵبژێرێت (وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ) (الشوری: ٣٨)، واتە: موسڵمانەکان لە نێوانیاندا ئیشەکانیان بە ڕاوێژە. جا ئیتر شێوەی ڕاوێژەکە چۆن بێ، ئەگەڕێتەوە بۆ رای زانایان.

جگە لەمانەش ئەو شتانەی تۆ تیایاندا لە ئیسلام دەردەچی‌و پەنا بۆ بیروباوەڕەکانی تر ئەبەی - کە بە زۆری لە بابەت ئابووری یا کۆمەڵایەتییەوەیە -[1]ئیسلام بە بەرزترینی شێوە چارەسەری ئەوانەی کردووەو لە جوانترین نیگارا وێنەی کێشاون کە بە هەزاران دڵ شەیداو سەرگەردانی ئەبێ، ئەو ڕاکردنەی تۆ زیاتر لە دەرچوون لە ئیسلام شتێکی تر نییە.

## کۆمۆنیستی‌و ڕەوتی کۆمۆنیستی

بیروباوەڕی کۆمۆنیستی - هەروەك بیروباوەڕەکانی تر - ڕێگای کۆمۆنیستەکان‌و شوێنکەوتووەکانی نادا لە هیچ ئیشوکارێکیاندا لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامەتی یا دیموکراسی بڕۆن، لەسەریان پێویست ئەکات کە لە هەموو ڕوویەکی ژیاندا هەر کۆمۆنیست بن‌و لەسەر بیروباوەڕی کۆمۆنیستی بن، لافلێدان‌و درۆیەکی زۆر سەیرو ناوازە هەیە کە کۆمۆنیستە فریوخواردووەکانی وڵاتی ئێمەی لەسەر ئەڕۆن ئەویش ئەوەیە هەندێکیان ئەڵێن: کۆمۆنیستی بریتییە لە بیروباوەڕێکی ئابووری ڕووت بۆ ڕێکخستنی بەرو‌بووم‌و بۆ دابەشکردنی سامان، ئیتر هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نییە بە ناوچەی فەلسەفەو عەقیدەو ئایینەوە.

هەندێکی تریان ئەڵێن: ئێمە گوێمان لەو باس‌و خواسە نییە، ئێمە لە عەقیدە و بیروباوەڕو پەرستنشا لەسەر ئایینی ئیسلام ئەڕۆین، بەڵام لە کاروباری ئابووریماندا لە ژیانماندا لەسەر کۆمۆنیستی ئەڕۆین. پێش ئەوەی بچمە ناو ئەم باسەوە بۆ لێکۆڵینەوە بە گوێرەی بەشی دووهەمی وتەکە - کە ئەم قسە دواییەیانە -، کردەوەی پاشایەکی هندستانیم بیرکەوتەوە: کە لە زۆری ئایین لە وڵاتەکەیا بێزار بوو، لەبەرئەوە بڕیاریدا کە لە هەموو ئایینەکان ئایینێك هەڵبژێری‌و خەڵکی بخاتەسەرو بیکاتە هۆی یەکگرتنیان، هات ئایینێکی تێکەڵەو دێوجامەیی[2] دروستکرد: لە ئیسلامدا نوێژی هێناو لە مەسیحێتی ڕۆژووو لە یەکێکی تردا پەرستنی عەورەتی ژنان‌و لە یەکێکی

---

[1] سەیری (العدالة الأجتماعية) یان (السلام العالمي والاسلام)ی سەید قوتب بکە.

2 - دێوجامە: بەو پارچە قوماشە ئەوترێت کە لە ئەنجامی دروینی چەندین پارچە پەڕۆ بەیەکەوە دروست دەکرێت (تیشك).

PDF4Kurd

تردا موفەڕکی شیاکەی رەشەولاّخ و ...هتد، لە ئەنجامدا بە جۆرێ دەرچوو کە پیسترین شێوەی هەبێ، هیچ کەسێ پێی رازی نەبووو چارەنووسی هەر گۆڕکردن بوو.

ئەمەی بەردەمیشمان هەر لەو وێنەدا دەرئەچێ، چونکە چۆن ئەبێ یەکێ ماددیو ماددەپەرست بێو کەچی هەر لەو کاتەدا باوەڕی بە گیانیش ببێ و بە راستی بزانێو ماددییەت بە هەڵەو ناڕاست بزانێ. ئەو درۆیەی کە ئەمانە دەیکەن زۆر لە راستییەوە دوورە و بە هیچ جۆرێ بە حەق و راستییەوە نالکێ. چونکە ئەوەبوو بۆمان دەرکەوت کە ئیسلام بە هیچ کلۆجێ رێگەی موسڵمانان نادات لە هیچ شتێکدا لە ئیسلامەتی دەرچێو شوراکەی بشکێنێ، دیسان کۆمۆنیستی رێگەی ئەوە نادات کە ئەندامەکانی دوو جۆربنو بەتایبەتی نایەڵێ باوەڕیان جگە لە ماددە بە شتێکی تر هەبێ، کۆمۆنیستی . وەك بیروباوەڕەکانی تر . بریتییە لە فەلسەفەو لە یاسا وەکو ئابووری کۆمەلایەتیو... هتد.

لە پێش ئەوەی کە بیروباوەڕێکی ئابووری بێ، بیروڕایەکی فیکریو بیرییەو لەسەر بناغەی فەلسەفەی ماتریالیزمی بەرپا ئەبێ، ماددە بسەرچاوەی هەموو هێزێك دائەنێو (تەفسیری ماددی جەدەلی بۆ مێژوو) بە یەکەم رێگا دائەنێ بۆ گەیشتن بە هەموو حەقیقەتێ، کەوابوو جگە لە ماددە هیچی تر نییە، خۆ لە هەموو کەسێکەوە دیارە کە ئەو زانایانەی کۆمۆنیستیان داهێناوە ماددی بوونو باوەڕیان بە خواو بە فریشتەو بە شەیتانو بە گیانو زیندووبوونەوەو بەهەشتو دۆزەخ و بە ژیانی دواییو بە جیهانێکی تر نەبوو، (مارکسو ئینگلیز) دەڵێن: (دانانی خوا خورافەیەکی کۆنەو پێغەمبەرەکان دزو دەستبڕو درۆزنو فریودەرن، ئایینەکەیان دەستەداوێکن بۆ گرتنو هەڵخەڵەتاندنو خنکاندنی گەلو مرۆڤەکان داهێنراون)، بەلایانەوە وایە کە پێویستە لەسەر رۆشنبیران هەوڵبدەن بۆ لابردنی خورافەی (خوا)، پێویستترین شت لە دونیادا نەهێشتنی وشەو مانای ئایینەکانە – لە هەر بەرگو بە هەر ناوێکەوە بن – تا بەسەر ئایینذا سەرنەکەونو گۆڕی نەکەن خۆیان بە کۆنەپەرستو خوراف دائەنێنو نەبوون بە مەدەنیو پێشکەوتوو. بۆ ئەوەی دەریبخەن کە کۆمۆنیستی خاوەنی فەلسەفەو فیکرەیەو جیاکردنەوەی فەلسەفەکەی لە ئابوورییەکەی نابێو رەوا نییەو ناگونجێ. با بچین بۆ لای زاناو فەیلەسووفو بیریارەکانی کۆمۆنیستی، چونکە بیروڕای ئەوان بەڵگەیەو لافلێدانی خەڵکی تر هەڵدەوەشێنێتەوە.

(فیورباخ) مامۆستای فەلسەفەی (کارل مارکس) لە کتێبی (مبادئ الفلسفة)و (جوهر المسيحية)دا ئەڵێت: (ئایین بریتییە لە زەرروویەك (زالویەك) کە خوێنی مرۆڤایەتی ئەمژێو پێی گەورە ئەبێو هەواو ئارەزووی گەورەیی لە مرۆڤدا ئەمرێنێ، خوایش هەر خورافەیەکەو لە واهیمەو مەترسی نانەبەر کۆمەڵگاوە هەڵقوڵیوە) لێرەدا مارکس رەخنە لە مامۆستاکەی ئەگرێو ئەڵێت: (دیارە هێشتا باوەڕ بە خورافیاتی پێماوە، ئەگەرنا ئەم لێکۆڵینەوەو بەپارێز بۆ رۆیشتنەی بۆچییە" یەکسەر وەرە سەرشەقامو بڵێ: گێتی هەر ماددەیەو هەر خۆی مێژووی دروستکردووە، جگە لە ماددە شتێکی تر نییە). لە کتێبی (نقد فلسفة الحق عند هيجل) مارکس ئەڵێت: (بەگژاچوونی ئایین ئەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە: مرۆڤ خۆی سەربەستو ئازاد نابێت ئەگەر بێتو ژیانو بوونی لە یەکێکی ترەوە بێ، چونکە ئەگەر یەکێکی تر جگە لە خۆی دروستی کردبێ یا هیچ شتێکی بە دەست کەسێترەوە ببێ ئەبێ گەردنکەچی بۆ بکات، ئەمەش لەگەڵ بەرزی مرۆڤدا رێك ناکەوێت، لەبەرئەوە شتێکی پێویستییە لەسەر مرۆڤی کۆمۆنیستیی کە باوەڕی وابێ زیاتر لە مرۆڤ کەسێکی تر نییە، مرۆڤ خۆی دروستکەری مێژووەو بالادەسیی نییەو هیچی بە دەست کەس نییە). لە شوێنێکی تری کتێبەکەدا ئەڵێ: (مرۆڤ خۆی بەرزترین شتە بۆ خۆی، زیاتر لە خۆی کەس نییە).

دیسان هەر (مارکس) لە نامەیەکدا کە بۆ (هردن)ی ناردووە بێ پێچوپەنا دەریئەبڕێ کە جیاکردنەوەی بێ ئایینی (الحاد) لە ئابوری ناگونجێو رێ نادرێ. ئایینی کرێکار ئەبێ رەگو ریشە دابکوتێ لەسەر باوەڕی خوا نەبوون، ئەبێ کرێکار هەوڵبدات بۆ تازەکردنەوەی خوایەتی مرۆڤ!!

PDF4Kurd

چەند جار لە وتاردا وتوویەتی: (ئایینی کرێکار ئەو ئایینەیە کە مرۆڤ ئەکات بە خوا).

هاوەڵو هاوکارەکەی (مارکس) کە (ئینگلیز)ە لە پەراوێزیدا لەسەر کتێبی (جوهر المسیحیة)ی (فیورباخ) ئەڵێت: لەم کتێبەوە حەماسەتو دەم گەرمیمان بۆ پەیدا بوو، هەموومان چووینە ژێر ئالای فیورباخ، ئەم کتێبە ئاخر شتێك کەوا دەریخستووە، باوەڕهێنان بە خوا لە وەهمو ترسی کۆمەڵایەتییەوە بەرپابووە.

لینین لە پەراوێزی هەمان کتێبدا دەڵێ: "لەم کتێبەدا رەخنەگرتن لە ئایینو سەلماندنی کە پارچەیەك ئەفسانەیە لە هەموو روویەکەوە، بە روونی باسکراوەو ئەبێ ئێمە بە شێوەیەکی ئاشکرا ددان بەم راستییەدا بنێین". هەروەها ئەڵێ: "ئایین تلیاکی گەلەو سەرخۆشکەرو بێهۆشکەرێکی پیسە".

لەو کتێبەدا کە بۆ یەکگرتنی کۆمۆنیستەکان دایناوە، ئەڵێ: "پێویستە ئێمە بچین بەگژ ئاییندا، ئەمەش ئەلف بای ماددەگەرایی و کۆمۆنیستییەو ئایینو کۆمۆنیستی هیچکاتێ یەکناگرنو پێکەوە کۆنابنەوە نە لە مەیدانی بیرکردنەوە و نەزەریداو نە لە مەیدانی ئیشوکاردا"[1]. بەرزترین وێژەوان (ئەدیب)ی کۆمۆنیستی (مەکسیم گورگی) لە کتێبی (أینَ الله)دا ئەڵێ: ئەی گەل هەر تۆ خوای منی، تۆ دروستکەری ئەو خوایانەی کە دروستت کردوون، ئەی گەل جگە لە تۆ خوایەکی تر نییە چونکە تۆ تەنیا خوایو پێکهێنەری شتی ناوازەی، تۆ پیرۆزو بە فەڕێت، من باوەڕم بەمە هەیەو ددانی پێدا ئەنێم.[2] نووسەری بەناوبانگی کۆمۆنیستی (أ. جاکوفینکی) لە رۆژنامەی براڤدا لە رۆژی (٢٩/٦/١٩٦٥)دا لەژێر ناونیشانی (مارکسیزم لینینیزم ئایین)دا ئەڵێ: هێشتا لەناو ئێمەدا هەندێ کەس هەن کە باوەڕیان بەخوا ماوە، خورافاتو پڕووپووچێتی ئایین کاری تێکردوون، هی وایان هەیە هەر (طقوس) پەرستیشی ئایینی بەجێ دێننو رۆژووی سی رۆژەی رەمەزان ئەگرن، بێگومان ئەم جۆرە باوەڕە چەپەڵە زیان بە فیکرو مێشك ئەگەیەنێ هەروەکو زیان بە ئابووری ولاتیش ئەگەیەنێ.[3]

ستالین ئەڵێ: گێتی (عالەم) نە خوا دروستی کرووەو نە کەس، هەر بووەو هەر ئەبێ، بڵێسەیەکی زیندووەو هەرگیز ناکوژێتەوە.[4]

لە رۆژی (٩/١١/١٩٦٥)دا یەکێتی قوتابیانی سودان هەستان بە گرتنی کۆنگرەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتەکانیان، لەو کاتەدا قوتابییەکی کۆمۆنیست هەستاو دەستیکرد بە وتەی ناشیرینو بێ ئابڕووانە بەرامبەر بە پێغەمبەرو خێزانەکەی کە خوا لە قورئاندا شایەتی پاکیو خاوێنی داوە، وتی: من کۆمۆنیستمو باوەڕم بە بوونی خوا نییە، شانازی ئەکەم کە مێشکم پاکبووەتەوە لە خورافەی خوا، لێرەدا جەماوەر هێرشیان بردە سەرو پەلاماریان دایە، بەڵام پۆلیس نەیانهێشت بیکوژن، ئەمە درێژەی کێشاو گەل کەوتنە خۆپیشاندانو هێرش بردنە سەر حکومەت تا ناچاریان کرد بە داخستنی بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی لە سوداندا.[5]

لاموایە لە پەنای خواوە توانیمان وەڵامەکە روونبکەینەوەو دەرمانخست بەبێ پەردە کە ناگونجێ مرۆڤ کۆمۆنیستیشو موسڵمانیش بێ بەهیچ کلۆجێ، نابێ (خورمژی) بوێ بەڵکو یا خورما یان مێوژ.

خوێنەری بەڕێز دەبێ سەیری راستییەکان بکاتو ئیتر گوێ نەدات بە (توقیە)و دوو روویی ئەم یان ئەو کە بەردەوام خەریکی فریودانی رۆڵەی موسڵماناننو ئەم لادانە گەورەیان لا ئاسان کردوون، ئیتر ئەو کەسانە با بەناو دکتۆریش بنو خاوەنی بڕوانامەو شۆرەتیش بن یان با مەلاو مێزەر بەسەر بن یان با شێخو عەبا لەبەرو پیاوی دیاری ناو خەڵکیش بن.

---

1 – سەیری گۆڤاری (المسلمون) بکە ژ/ ٦ ساڵی ١٩٥ بە ناونیشانی (معسکرات ثلاث).

2 – کتێبی (دعوة الاسلام واقیعیة لا خیال)ی دکتۆر مصطفی السباعي.

3 – گۆڤاری (المجتمع) ژ/ ١٠ ساڵی پێنجەم، ١٠/١/١٩٦٦.

4 – المادیة الدیالکتیکیة. نووسینی ستالین، خالد بەگدامیش کردوویە بە عەرەبی.

5 – گۆڤاری (التربیة الاسلامیة) ژ/ ٢ ساڵي ٨ ١٩٦٦ ل٦٢.

PDF4Kurd

چونکه كه رۆژ هەڵهات مۆم کەڵکی نامێنێ‌و رۆشنایی نادات. (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) (الأنفال : ٢ )، واته: موسڵمان ئەوانەن كه ناوی خوا برا دڵیان بلەرزێ، كه ئايەتی خوايان بۆ خوێندرايەوەو پیشانیان درا باوەڕیان بتەوتر بێت.

والله من وراء القصد

PDF4Kurd

## ناوەرۆك (ژمارەی لاپەڕەكان بەپێی كتێبە چاپكراوەكە)


لە یادی وەفاتی ماموستا پارەزانیدا ........ ٣
ژیاننامەی پارەزانی ........ ٧
بەرهەمەكانی ........ ١٧
ئیشكردن نەك تەمەڵی ........ ١٩
سەرەتا ........ ٢١
مرۆڤ جێنشینە لە زەویدا ........ ٢٣
بوونەوەر ژێرباری مرۆڤە ........ ٢٦
ئیشكردن پێویستییەكی ئیسلامییە ........ ٣٤
ئیشكردن بەندایەتی و خواپەرستییە ........ ٤٣
ئیسلام پشتگیری لە كرێكار دەكات ........ ٤٥
پیشەگەری جێگای شانازییە ........ ٤٩
كشتوكاڵ (جوتیاری) ........ ٥٠
پیشەسازی ........ ٥١
بازرگانی (تجارة) ........ ٥٣
فەرمانبەری (وظیفة) ........ ٥٤
ئیسلام ئیشی پاك و چاكی دەوێ ........ ٥٦
ئیسلام بەرنامەی هەردوو دونیایە ........ ٥٨
پاكوخاوێنی ........ ٦٣
كۆتایی ........ ٦٥
سەرچاوەكان ........ ٦٦
دوو خەربزە بە دەستێ هەڵناگیرێ ........ ٦٧
ئایا ئەگونجێ موسڵمانیش بێت و بیروباوەڕێكی دیكەش هەڵگری؟ ........ ٦٩
١ – لە مەیدانی رامیاریدا ........ ٧١
٢ – لە مەیدانی كۆمەڵایەتیدا ........ ٧٢
٣ – لە مەیدانی بیردا ........ ٧٢
بیروباوەڕەكانی جیهان ........ ٧٦
مانای (إله و رب و عبد) لە ئیسلامدا ........ ٧٨
لێكۆڵینەوە بە شێوەیەكی تر ........ ٨١
كۆمۆنیستی و رەوتی كۆمۆنیستی ........ ٨٣
ناوەرۆك ........ ٨٩

PDF4Kurd

# بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

| زنجیره | ناوی كتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر كەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم" | جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەكەریم عەبدوڵلا |
| ٩ | كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ١١ | مێژووی دێرینی كوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی كۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیكرام كەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەكانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |

PDF4Kurd

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان<br>رامان و سەرنج و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشک |
| ١٦ | بیست و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی<br>پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| ١٨ | ئیسلام و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| ١٩ | سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| ٢١ | رۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| ٢٢ | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا<br>بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| ٢٣ | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| ٢٤ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت<br>"بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| ٢٥ | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پارەزانی |